# مافیا دەوڵەتی سامان و خوێن

ئەمال عەوێزە

# مافیا دەوڵەتی سامان و خوێن

ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە:

شێرزاد هەینی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

ئەمال عەوێزە
مافیا دەوڵەتی سامان و خوێن
ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: شێرزاد هەینی
کتێبی ئاراس ژمارە: ١١٣٤
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٦١٢ – ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
ڕازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەگری: بۆکان نووری

سەربردەی پەیدابوون و دامەزراندنی مافیا، زۆرە لەوانە: لە سەربردەی یەکەمی پەیدابوونەکە دەڵێن پاش داگیرکردنی دوورگەی سیسیلیا لەلایەن فرەنسییەکانەوە مافیا پەیدا بووە، بۆ بەرپەرچدانەوەی داگیرکردنەکە، لە مانگی مایی ساڵی ١٢٨٢ خەڵکی ئەو دوورگەیە کە هێشتا نەبووبووە بەشێک لە وڵاتی ئیتاڵیا، بەئاشکرا نارەزایی و تۆڵەکردنەوە لەناو خەڵکەکە سەرهەڵدەدا و گەشە دەکا. پیاوێک بەناوی (جان بروسیدا) لە بالیرموی پایەتەختی دوورگەکە سوێند دەخوا خاکەکەیان لە داگیرکەران پاک بکاتەوە، بۆیەش ئەو لەگەڵ دەستەیەک لە هاووڵاتییانی دوورگەکە رێکخراوێکی نهێنی بەناوی Morte alla francia Italia anela دادەمەزرێنێ، کە ماناکەی دەبێتە (مردن بۆ فرەنسییەکان هاواری ئیتاڵیایە) یان ماناکەی (ئیتاڵیا هیوای مردن بۆ فرەنسییەکان دەخوازێ)، پیتی یەکەمی وشەکان دەبێتە وشەی مافیا. ئەوەش دەبێتە سومبلی دەستە نهێنییەکە بۆ کارکردن و بەرژەوەندیی کێشە نیشتمانییەکان. ئەگەرچی گومانیش لەو بۆچوونە دەکرا چونکە لەو دەمانە ئیتاڵیای یەکگرتوو هێشتا دانەمەزرابوو، ئەو فرەنساییانەی چووبوونە ناو دوورگەکە و پیش رزگارکردنی سیسیلیا (عەرەبەکان بە سیسیلیا دەڵێن سەقلییە) لە چالاکیی نەدیار و کتوپردا هەموویان لەناوچوون، پیاوەکانی بروسیدا دەست بەسەر دوورگەکە دادەگرن. ئەوەیان سەربردەی یەکەمی دامەزراندن و سەرهەڵدانی مافیا بوو.

سەربردەی دووەم: چیرۆکی دووەمی سەرهەڵدانی ئەو بزاڤە لەسەر زاری جوزیف جوبونانویە کە لە کتێبی (پیاوی شەرەف) نووسراوە، ئەو دەڵێت مافیا

لەگەڵ سەرهەڵدان و یاخیبوونی خەڵکی سیسیلیا بووە دژ بەداگیرکەرانی فرەنسی کە لە ساڵی ١٢٨٢ کردوویانە، لە هەفتەی ژانەکانی پێش جەژنی قیامەت، لەو ڕۆژەدا پیاوانی باج وەرگرتن بۆ گرتن و بەدوا داچوونی ئەو کەسانەی باجیان نەداوە، لە بەردەم کلێساکانی بالیرموی پایتەختدا و پێش نوێژی ئێوارە کە دەوەستن، تا ئەوانەی باجیان نەداوە و خۆیان لە باجەکان دەدزنەوە بگرن. لەو دەمانە کیژە نازدارەکەی سیسیلیا لەگەڵ دایکی بەرەو کلێسا دەچوو، سەربازێکی فرەنسی پەلاماری دەدا و کیژەکە دەباتە پەنای کلێساکە و تا لەوێ دەستدرێژیی بکاتە سەر، بۆیە دایکی هاوار دەکا، کیژەکەم کیژەکەم، دەنگی ئەو ژنە سیسیلیاییە ئاگر لە هەناوی پیاوانی دوورگەکە بەردەدا، هاوارەکەی ئەو دەبێتە دروشمێک بۆ سەرهەڵدانەکەیان و سومبلی خاکە داگیرکراوەکەیان، بەوەش یاخیبوون و نارەزاییەکان دەگاتە شارەکانی تری سیسیلیا، پیاوانی مافیا ئەو چیرۆکە بۆ بەرپابوونی مافیا بەشکۆدارتر دەزانن.

سەربردەی سێیەمیش: بەبۆنی قاوەیەکی عەرەبییەوەیە، بۆ سەرهەڵدانی مافیا دەگێڕدرێتەوە، دوکتۆر ئوسامە شەعلان لە ئینسکلۆپیدیایە گچکەکەی خۆیدا لەسەر زاری توێژەرێکی ئەمەریکایی دەڵێت: کەوا وشەی مافیا، لە وشەیەکی عەرەبییەوە هاتووە، (مفیای) واتە نوا یان پەنا، کە موسڵمانەکان لە سەدەی نۆیەمی زاینیدا هێرش دەکەنە سەر دوورگەی سیسیلیا زۆربەی خەڵکەکە لە ترسی موسڵمانەکان ڕادەکەن، خۆیان لە ناوچە شاخاوییەکان حەشار دەدەن، لەوێ کۆمەڵگەیەکی نهێنی لەو خێزان و ئەو هۆزانە دادەمەزرێنن تا بەرگری و دژایەتیی عەرەب و موسڵمانەکان بکەن.

کە فرەنساییەکانیش پەلاماری دوورگەکەش دەدەن، ئەوەیان دووبارە دەبێتەوە، چونکە فرەنسییەکان خەڵکەکە دەبەنە کاری بەزۆرەملێ و زەوییە داگیرکراوەکانیان پێ خۆش دەکەن، ئەوانیش لە دەست ئەو کارە دژوارە ڕادەکەن، خۆیان لەناو شاخەکاندا دەشارنەوە تا بێکاری بۆ فرەنسییەکان نەکەن، بەوەش کۆمەڵەی نهێنی دادەمەزرێنن.

هەندێ نووسەر و توێژەری تریش لە چەندان کتێب بۆ سەرەتای پەیدابوونی ئەو دەستە نهێنییانە بۆچوونی تریان هەبوو، کەوا لە ساڵی ١٨٦٠ کە ئیتاڵیا بەسەر چەند ولایەت و هەرێم دابەش کرابوو، لەوانەش دوورگەی سیسیلیا، کە لەلایەن چەند چەتەیەک بەناوی (لاتیڤوندی) بەڕێوە دەچوو، کە دەسەڵاتیان لەسەر خەڵکی ڕەشوڕووتی، ناو گوندەکانی شازادە و دەرەبەگەکان چەسپاندبوو، کارەکانی ئەو دەرەبەگانە لەلایەن پیاوانی لاتیڤوندییەوە جێبەجێ دەکرا، بەتایبەتی لە هەرێمە خۆرئاواییەکانی دوورگەکە کە لە شارەکانی بالیرمو و ئاجریجانتی و ترابانی تێدا بوو. لەناو شاخەکاندا، لە گوندە لاچەپەکاندا، خەڵکە هەژارەکە لەسەر ئەو بەرزاییانەوە خەریکی بژێویی خۆیان بوون، زۆر بەزەحمەتی زادی ڕۆژانەیان دابین دەکرد، ئینجا شازادە و دەرەبەگەکان، ئەوانەیان دارکاری کردووە و کاری زۆر قورسیان پێ کردوون، لە کێڵگەکانیان بەخۆڕایی کاریان پێ کردوون، خۆشیان لە شارە گەورەکانی ناپۆلی و ڕۆما و بالیرمو خەریکی کەیف و سەفا دەبن، میللەتەکەش لەناو نەخوێندەواری و نەخۆشی و برسییەتی دەتلانەوە، لە ئەنجامی ئەو زۆرداریییە و لە ئاکامی زەبروزەنگی زۆردارەکان لەو ناوچە شاخاوییانەدا بنکە و هێلانەی دەستەکانی مافیا لە کوڕانی بەجەرگ و چاونەترسەکان دروست دەبێت. ئەو دەستانە باج و سەرانە لە ئاغا و دەرەبەگەکان دەستێنن، کەسیش جورئەت ناکا لە داواکانیان ساردی یان کەمتەرخەمییەک بکا، ئەوانە و لەوەدەمانە دەستە و چەتەکانی مافیا دادەمەزرێن. لەو ڕۆژانە کەس بۆی نەبوو مەڕوماڵاتەکانی بلەوەڕێنێ ئەگەر باج و خاوەی نەدابووایە، کەس گەنمەکەی نەدەدورییەوە ئەگەر سەرانە و پارەی نەدابووایە، ئەگەرنا کە بەیانی لە خەو هەڵدەستا، دەیبینی بەرهەم و داهاتەکەی تێکدراوە و ئاژەڵەکانی سەر براوە، ئەگەر هەر باج و پارەی نەدەبووایە ئەو سێیەمین ئاگەدارکردنەوە و گەڤکردنەکە کوشتنی خۆی بوو، چەند پیاوێکی دەمامکدار دەچوونە سەری، بەو تفەنگەی جووتیارەکان ناویان نابوو، گورگینە، چونکە ئەوان بەو تفەنگانە گورگیان کوشتووە ئەگەر پەلاماری

مێگەڵەکانیان دابووایە، دەیانکوشت.

بەپێی ئەو زانیارییانەی تۆمار کراون لە نێوان ساڵانی ١٩٠٠ هەتا ١٩٢٥ هەزاران لادێیی بوونەتە قوربانیی دەستی ئەو چەتە و ڕێگرانەی دەستەکەی لاتیڤوندی، هێدی هێدی کۆمەڵەکە دەستیان درێژ دەبێت، دەگاتە ناو هەموو توێژەکانی کۆمەڵگەکە، کە بەزمانی ئیتاڵیایی پێیان دەوت، ئومو، ئەو وشە ئیتاڵیاییەش بەمانای پیاو دێت، ئەوەش نیشانەی جوامێری و پیاوەتیی دەستەکە بووە، چونکە لەو دەمانە لەناو ڕێکخراوەکە تەنیا پیاوان کاریان کردووە.

قسەیەکی تریش هەیە گوایە دەستەواژەی مافیا بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٨٦٣ و دوو ساڵ دوای دامەزراندنی مەملەکەتی ئیتاڵیا پەیدا بووە، کە تێیدا دوورگەی سیسیلیاش لەژێر بەیداخی یەکەتیی ئیتاڵیادا بووە، کە لەسەر دەست و فەرماندەیی جوزینی گاریبالدیی ڕزگارکەری سیسیلیا و ناپۆلی لە بن دەستی بنەماڵەی بوربونی لە ساڵی ١٨٦٠ دەرهێناوە، لەو فەرمانڕەواییەدا کێشەی زۆر لەسەر باج و پەیڕەوکردنی نادادپەروەری تێدا ڕووی داوە، کە بە هیچ شێوەیەک ڕەچاوی تایبەتمەندی و هەژاریی دانیشتوانە هەژارەکانی نەکردووە. باجەکەی سەرشانی لە دانیشتوانی هەرێمی لومباردیای لە ڕووی ئابوورییەوە کە بە هەرێمە دەوڵەمەند و گەشەدارەکە ناسراوە زۆر بووە. بۆ گەشەکردنی ئابوورییە ساوا و لاوازەکەی ئیتاڵیا حکوومەتی ناوەندیی باجی گومرگی زۆرتریان لەسەر کارە بازرگانییەکانیان داناوە، ئەوانەی لەگەڵ فرەنسییەکان کاری کردووە داناوە، بەوەش ڕەچاوی گوزەرانیی جووتیارەکانی باشووریان نەکردووە، ئەوانەی دانەوێڵەیان بۆ بەرهەمهێنانی مەشرووب و میوە بۆ فرەنسا ناردووە، دیارە کەوا فرەنسییەکانیانیش بەهەمان شێوە کاریان کردووە و باجیان زۆر کردووە و بەوەش باری سەر شانی ئەو جووتیارانەیان قورستر کردووە. لەو دەمانە و لەگەڵ چەوسانەوەی خەڵکەکە، کەسێک بەناوی جوزینی ماتزینی لەسەر یاخیبوونەکەی بەردەوام دەبێت و یەکگرتنەکەی وڵاتەکەی پێ باش نابێت، کە

لەژێر فەرمانڕەوایی فیکتور ئیمانوئیلی دووەم پاشای سیردینیا کرابوو، بۆیەش لە ساڵی ١٨٧٠ یاخیبوونەکەی لە بالیرمو شۆڕشێکی لێ بەرپا دەبێت، پاش ئەوەی لە خەڵکی دوورگەکە سوپایەکی یەکگرتوو ساز دەکا، بەوەش مافیا دادەمەزرێ و قەوارەیەکی یەکگرتوویی بەخۆیەوە دەبینێ، ماتزینی لەو پلانەدا سوود لە بێکاریی خەڵکەکە و ئازایەتییان وەردەگرێ، هەموویان لەژێر فەرماندەیی خۆی کۆ دەکاتەوە و دروشمێک بۆ خۆی بەناوی (ماتزینی بواری دزیکردن و سووتاندن و ژەهراویکردن دەدا)، لەو دروشمەوە وشەی مافیا وەک گەمەیەکی گچکە لەسەر کەنارەکانی سیسیلیا دروست دەبێت، بەوەش وشەکە و دەستەکە گەورە دەبێت، دەبێتە وشەیەکی تەریبی مردن، زۆرتر شێوە و ئاکاری دڕەندەیی وەردەگرێ.

## مافیای ئیتاڵیایی

لە سەرەتای سەدەی بیستەم لە وڵاتە یەکگرتووەکان لەژێری ناوی کوزا نوسترا، ڕێکخراوە ئیتاڵیاییەکە دەست دەکات بە چالاکییەکانی و کاری دزی و قاچاخی و سۆزانی و هێنانی مادە بێهۆشکەرەکان، لەگەڵ ئەوانەشدا پارە و سەرانە لە بازرگان و دەوڵەمەندەکان دەستێنێ. لەگەڵ ئەو چیرۆکانەی بۆ سەرهەڵدانی مافیا نووسراون و قسەیان لەسەر کراوە، هەندێک لەوانە هەموو کارەکانی کاول و خاپووربوون دەکەن، دەڵێن ئەو قسانە هەموو سەربردە و وڕێنەی کەسانی مەست و سەرخۆشەکانە، کەسانێک بۆ قازانجی خۆیان هەڵیان بەستاون، کە بۆ مەرامی کارە بەدکاری و تاوانەکانیان بەکاریان هێناون، بەوەش قەوارەیەکیان لە جیاتیی پێکهاتەی خێزان و نیشتمان ساز کردووە و کردوویانە بە سێبەر و نوای خۆیان.

مافیا لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردوودا، لە وشەی Mafia وە هاتووە کە لە فەرهەنگی زمانی ئیتاڵیایی بوونی هەیە، ماناکەی ئازایەتی و کەرامەتە. دەڵێن ئەو وشەیەش لە فەرهەنگی زمانی سیسیلیای پەتی بەمانای لووتبەرزی و خۆبەزلزانین هاتووە، توێژەرەکان دەڵێن ریشەی وشەکە لە زاراوەی توسکانی کۆن هاتووە، کە مانای نەداری و هەژاری دەگەیەنێ، دەڵێن بەو کەسانەش دەڵێن ئەوانە سەرمەستانە و شێتانە شەیدای دەسەڵات و کورسی بوون. زانای کۆمەڵناسی جوزینی پیتری لە ساڵی ١٨٨٩ وتوویەتی ئەو وشەیە لە زمانی سیسیلیایی واتەی فیتس و فۆرم جوان و بالآزراڤی و نازی مێینەش دەگەیەنێ، ئەو وشەیەش لە ناوی ئەو کیژە (Mafiuse Dda Mafia) هاتووە کە گەنجانی سیسیلیا باسی لەنجە و نازی ئەویان کردووە، ماناکەشی ئەوەیە ئای کە تۆ جوانیت، نازت زۆرە. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا سەرچاوەیەکی ڕوون و

دیار بۆ ئەو وشـەیەش زۆر باش دیار نییـە. بەڵام وشـەکـە لەو دەمـانەوە پەیدا بووە کە فرەنسییەکان بە زوڵم و زۆردارانە حوکمی ئەو دوورگەیان کردووە.

لە سـاڵی ١٨٣٨ ئەو وشـەیە وەک مـانا و دەربڕینێکی تاوانبـارانە لەناو ڕاپۆرتە قـەزاییـیەکانـی نووسراوە، کە لە دادگـەی تراپانی وەک هێمـایەک بۆ ناسـاندنی دەسـتـەیەکی نهێنیی ترسـناک و بەدکـار ناوی هـاتووە، کـە ئەوان بۆ مەرامە تایبەتییەکانیان هەموو پێناوێکی کردووە بۆ گەیشتن بەئامانجەکانیان. بەڵام دەستەواژەی مافیا وشەیەک بووە نیشانەی ڕێکخسـتن و دەستەکانی ئەو بنەماڵە دڕندە چەکدارانە بوون کە شـەڕی ئەو کەسـانەیان کـردووە کە لە بن سێبـەری ئەوان ڕای کردووە و گوێڕایەڵی ڕێنوێنیی و داواکـانیـان نەدەبوون، دیارە کەوا ئەوان مەبەستیان دەزگاکانی دەوڵەت و یاساکانیان بووە، کە لەگەڵ سیستەمی ڕێکخراوە بەدکارانەکان گونجاو نەبوون، یان ئەوانەی لە ڕەفتار و ڕێنوێنیی پیرۆزەکانی کۆمەڵگەوە دوور بوون.

لە ساڵی ١٩٢٢ حوکمە فاشییەکە ناوبانگی بەدکارانەی مافیای بە هەل زانیوە تا یاسای ئاوارتە و توندکار دژ بەسەرکردەی بنەماڵەکان، یان دەستە چەکدارەکان بچەسپێنێت و سزای ماوە درێژیان بۆ ببڕێتەوە، بەوەش توانییان دەست لە کـەسـانی ئۆپۆزسـیـونـی شـەریفـیش لەناو دوورگـەکـە بوەشـێنن، بەبیانووی ئەوەی ئەوانە دەستیان لەگەڵ دەستە چەکدارییەکەدا هەیە، بەوەش خـەڵکەکە سـۆزیان بۆ مـافـیاکـان دەجـووڵێتـەوە و ئەو یاسـاییـیە نـاسـراوەی دوورگەی سیسیلیا پەیڕەو کرد کە دەڵێت:

(وا باشە دەبێ کێشەی خۆمان لەناو سیسیلیاییەکان بمێنێتەوە و کەسانی بێگانە لێمـان تێ نـەگەن، هـەموو ئاژاوەکانـی لەناو خێزانەکانەوە دەرنەچێت) چونکە پۆلیسـەکە و قازییەکە هەردووکیان کەسانی بێگانەن، ئەوانە دوژمنن، هەرچەند پۆلیس کـارەکـانی خـۆشی بەباشـی جـێبـەجێ بکا، هـێشـتـا ئەو کەسێکی بێگانە و نەویستە. هەرچەند لەناو کافتریاکانیش لە بالیرمو خەڵک دەکوژران و تاوان دەکرا، کەس لە شوێنی خۆی نەدەجووڵایەوە و قسەیان بۆ لێکۆڵینەوە نەدەکرد و وەڵامی دروستیان نەدەدایەوە. ئەوەش هەتا ئەو ساڵانەی

دوایی پەیڕەو دەکرا، لە ساڵی ١٩٩١ لە گوندی ڤاڤارا لە کردەوەیەکی کۆمەڵکوژیدا ١٥٠ کەس کوژرا، ژمارەی تاوان ئەوەندە زۆر بووە کەم کەس بەمردنی خۆی مردووە، لەو ساڵەدا تەنیا پیاوێکی تەمەن هەشتا ساڵی بە زۆری تەمەنەوە مردووە. گوندی برانکاسیو کە دەکەوێتە نزیک شاری بالیرمو دوژمنکاریی نێوان دوو بنەماڵە ماوەی دوازدە ساڵی خایاندووە و لە ئەنجامدا تەنیا حەوت کەسی گەنجی تێدا دەمینێتەوە و ئەوانی تریان هەموو دەکوژرێن. لەگەڵ ڕووداوی زۆر و کۆمەڵکوژییەکانی مێژووی مافیای ئیتاڵیایی لە ماوەی دوو سەدەی ڕابردوودا، تاکی ئیتاڵیایی شانازی بەوە دەکا، کەوا کوڕی ئەو دەستەیە و لەو سەردەمە نەژیاوە شەڕەچەقۆیەک بکا کە ڕەمز و چەکی مافیوزی یەکەمی ئەو دەمانەی هەڵنەگرتووە.

***

لەگەڵ ڕۆژگاردا مافیا جۆران چەکیان هەبووە و بەو چەکانە ناسراون، لەوانە تفەنگی لیبورا کە مافیاکانی کوزا نوسترا لە سیسیلیا بەوە دەناسرانەوە، پاشان ئەو چەکە دەبێتە چەکی دەستی ئەندامانی مافیا، کە لە مشار دەچوو، دەستێکی گچکە و پانی هەبوو. کە سەرێکی وەک چەقۆ بەکار هاتووە و بەئاسانی لەناو چاکێت جێگەی بووەتەوە. ئەو چەکە تایبەتییانەی پیاوانی مافیا گەیشتووەتە ئەمەریکا، کە هەموو لایەک ئاماژە بەوە دەدەن، کەوا چەکێکی بەکار بووە بۆ کوشتن و سەربڕین، ئەگەرچی چەکێکی ئاساییی سادەش بووە، بەڵام لەگەڵ پەیدابوونی چەکی سووک و خێرا مافیاییيەکان دەستبەرداری ئەو چەکە بوونە.

لەگەڵ ئەو تفەنگە تایبەتییانەی چەتەکانی مافیا بە ئۆتۆمۆبێلی ڕەش کە سیمایەکی کلاسیکی هەبووە ناسراون، شانازییەکەش دەگەڕێتەوە بۆ کەسێکی تاوانباری ناسراوی وەک ڤیل دیریزیوی شیکاگۆیی، کە دەوری هەبووە لە بڵاوبوونەوەی ئەو ئۆتۆمۆبێلە و بەخێرایی دیزاینەکە پەسند بکرێت و لەناو هەموو ویلایەتەکانی ئەمەریکا بڵاو ببێتەوە، ئەو ئۆتۆمۆبێلانە لەگەڵ ئەوەی ڕەنگی ڕەش بووە، لایتەکانی وا ساز کرابوو، شەوانە ڕووناکییەکانی

لەلایەن پۆلیسەوە دیار نەبێت، هەروەها ئەو ئۆتۆمۆبێلانە دوگمەیەکی هەبوو، سندووقی تایبەتی چەک و زەخیرەکانی دەکردەوە و دەشاردەوە، لە خێراییش زۆر بەتین بووە و بەخێراییش دەردەچوو، بەئاسانیش لە بەرچاوان گوم دەبوو، بۆیەش مافیاییەکان زۆر لە سەرکەوتنەکانیان دەگێڕنەوە بۆ ئەو جۆرە ئۆتۆمۆبێلانە. ئەوەی جێگەی سەرسوورمانە پۆلیسی ئەمەریکایی لاساییی ئۆتۆمۆبێلەکانی مافیایان کردووەتەوە و ئەوانەیان بە سەرکەوتوو زانیوە بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانیان، بۆیەش پیاوانی مافیا بەفێڵەکانی پۆلیس گەیشتوون و شتی تریان دۆزیوەتەوە، کە لەگەڵ پێشکەوتنەکانی سەردەم بگونجێن، دەستەکانی مافیای ناو ئیتاڵیا و ئەمەریکا زانیارییەکانیان گواستووەتەوە و سوودیان لە پسپۆڕیی یەکتری بینیوە.

بۆیەش مافیای باوک لە ئیتاڵیا سوودی زۆریان لە کیژەکەیان لە ئەمەریکا وەرگرتووە و زاراوە و شێوە و بەرنامەیان وەرگرتووە، لە جیاتیی ڕەشاشەکان دینامێتیان بەکار هێناوە، لە جیاتیی ئەسپسواری ئۆتۆمۆبێلی ئەلفا ڕۆمیویان بەکار هێناوە.

## دە ڕێنوێنییەکە و مافیوزو

بزاڤی مافیا لە ماوەی چەند سەدەی ڕابردوودا بەزیندوویی ماوەتەوە و بە زەبری چەک و پارە چالاکیی زۆر کاریگەری هەبووە، بەکەڵک وەرگرتن لە شکۆ و قەوارە خورافییەکەی و بەرنامە دێرینەکەی خۆی بەردەوام بووە و منەتی دەوڵەتە زلهێزەکان و سەرکردە گەورەکان و میللەتانی نەزانیوە، سەرەڕای ئەوەی مافیا تاوان و دەستدرێژیی زۆری دەکرد و بەرنامەی دزی و کوشتنی هەبووە، بەڵام پابەند بووە بەپیرۆزییەکانی داوونەریتی کۆنی ئیتاڵیایی، ئەو تایبەتمەندییەی لەناو گوندە شاخاوییەکان هەبووە پەیڕەویان کردووە، ئەوانیش وەک سوپا و هێزە بەدیسپلینەکان، یاسا و بەرنامەیان هەبووە، ئەوەی لەو یاسایانە لای دابێت، یان پێشێلی یەکێک لە بەندەکانی کردبێت، سزای مردنی بەرکەوتووە، وەک ئەوە بووە خیانەت لە وڵات بکەیت، بۆیەش ئەو

ڕێکخراوەیەی کە لە ئیتاڵیا پەیدا بووە و لە ئەمەریکا گەشەی کردووە، بووە بەقەوارەیەکی جیهانی و هەموو بەربەست و سنوورەکانی پەڕاندووە. کەس ناتوانێ سەرسامبوونی خۆی بە فیلمەکان بشارێتەوە کە باسی مافیای تەقلیدیی کردووە، کە هەموو لەسەر بنچینە سەرەکییەکەی خۆی دامەزراوە، کە لە دڵسۆزی و گوێڕایەڵیی کوێرانە خۆی دەبینێتەوە.

دەرهێنەری ئیتاڵیایی فرانسیس فۆرد کۆبۆلا لە سێینە سینەماییەکەی بەناوی (باوکە ڕۆحییەکە) بەرجەستە بووبوو، کە ئەکتەر مارلۆن براندو و ئال باتشینو، کە هەردووکیان بەڕەگەزنامە ئیتاڵیایی بوون، ڕۆڵیان لەو فیلمەدا گێڕابوو. لە فیلمەکەدا لێهاتوویی بنەماڵە و ڕەچەڵەکی مافیایان نیشان دابوو، کە چۆن ئەندامەکان، کەسە نزیکەکانی ئەو دەستەیە لەگەڵ ئەو کەسانەی بڕوادارن ڕەفتار دەکەن، لەو سێ بەشەی فیلمەکەدا زۆر بەوردی بنەماڵەی مافیا چ لەسەر پێوەندییەکانی ناوەخۆ، یان لەسەر خەڵکە نزیکەکانی خۆیان، یان ئەوانەی بەهیچ شێوەیەک بڕوایان بەکارنامەکەیان نەبووە و هیچیان لە بارەیەوە نەزانیوە، کە چۆن ئەندامەکانیان ئەگەر لە سیسیلیاش دوور بن، ئەوا هەرەمی باوی خۆیان لەدەست نەداوە و ئەگەر لە زەمان و شوێنی تریش ژیابن، ئەوان ڕۆحی پیرۆزی باوکیان بە گەورەیی پاراستووە، کە ئەندامانی بنەماڵەکەیان بە گەورەیی ڕاگرتووە و دەستیان ماچ کردووە، لە پێناوی ئەو پیرۆزییەدا خۆیان بەکوشت دەدەن.

باوکە ڕۆحییەکەیان بەرپرسە لە ناساندنی مافیوزوی نوێی بنەماڵەکە، ئەوان پەیڕەوی ئەوە دەکەن، کەوا باوکە ڕۆحییەکە ناولەپی هەموویان دەسوتێنێ، ئەوەش تەقلیدییەکی کۆنە، ئەو کەسەش لە سەرەتادا ئەو ئەزموونەی لەسەر تاقی دەکەنەوە، ئەگەر کەسەکە هەستیش بەژان بکا، ناکرێ هاوار بکا، گەرمایی ناو دەستی لەسەر خۆڕاگرییەکە ساردی ناکاتەوە، ئەگەر ئەو کەسە لەو تاقیکردنەوەیە دەرچوو، پاش ئەو ئەزموونە خوێنی ئەو لەگەڵ خوێنی باوکە ڕۆحییەکە ئاوێتە دەکەن، بەوەش ئەو دەبێتە ئەندامێکی ئەو بنەماڵەیە، هەتا مردن بەپیرۆزیی لەو بنەماڵە پیرۆزەدا دەمێنێتەوە،

سوێندیش بۆ بنەماڵەکەش دەخوا، دڵسۆزی و پەیمان بۆ سەرۆک و یاساکانی دەردەبڕێ، بەردەوام دەبێت بۆ کارکردن تا سەرکەوتن، جا ئەگەر لەسەر هەق بن، یان دەستدرێژییش بکەن.

## ماچی مردن

لە مافیاوە زاراوە و چەمکی ڕەمزی باوکی رۆحی پەیدا بووە. ئەوەی بەدرێژاییی ژیانی لە بەردەم پێشەواکەیان (کابو) دەبێتە ڕابەر و کەفیلی سەرباز و ئەندامانی خێزانەکەی، پێشەواش یان کابوکەیان دوا بڕیاری هەموو مەسەلەکان لەلای ئەوە، یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکان و چارەسەرکردنی کێشەکان لەلای ئەوەوە دەردەچوو، ئەو پرۆسەیەش بە ماچێک کۆتاییی دەهات، کە کابو، ناو دەمی ئەو کەسەی ماچ دەکرد، کە دوا بڕیایی لەداردانی بۆ دەردەچوو، لەگەڵ بڕیار و ماچەکەش، کابو یەک وشەی لە دەم دەرنەدەچوو.

دیارە کەوا ئال باتشینو لە فیلمە سێ بەشەکەی کە بەناوی باوکە رۆحییەکە کردوویەتی، تێیدا باوکە ڕۆحییەکە دەمی فریدوی برای ماچ دەکا، ئەوەش ئاماژەی دوا بڕیاری کوشتنەکەی بووە بەدەستی خۆی. ماچ بۆ ماوەیەکی درێژ سیما و نیشانەی مێژوویی مافیا بووە، ماچکردن، پرۆسەیەکی ئاسایی بووە لە نێوان پیاوەکانی مافیا لە دوورگەی سیسیلیا، پاش ئەوەی چەندان سەرکردە لەو ڕێکخراوەش هەڵگەڕاونەتەوە، بەڵام ئەو ڕەمزە و ئەو ماچکردنە هەر ماوە، تا ئەو دەمانەی لاکی لوسیانو، لەسەر زۆر لە نەریتە باوەکانی مافیا شۆڕشی کردبوو، ماچی مردنی هەڵگرتبوو، بۆ ڕەواندنەوەی ترس و دڵەڕاوکێیەکان لەناو پیاوەکانیدا ماچکردنەکەی گۆڕیبوو، بەدەستگوشین. واتە ماچی مردن ماوەیەکی زۆر یەکێک بووە لە سیفەتەکانی ئەو بزاڤە و نیشانەی مردن بووە.

# بێدەنگی

ئەندامانی مافیا هەموو بەرنامە و کاری ڕۆژانەیان لە دیسپلینی سەربازییەوە نزیک بووە، زۆر توندکار بوون، بە وردی ڕێنوێنییەکانی وەک خۆی جێبەجێ کردووە و لاملیان نەکردووە، هەمووش بۆ ئەوە بووە تا بە باشی بەرنامە و دۆسیەی بنەماڵەکەیان ڕاپەڕێنن، یەکێک لەو ڕێنوێنییانە بێدەنگییە، کە تێیدا ناکرێ لە ڕوودانی تاوانێک، یان لە درێژەی لێکۆڵینەوەکاندا بەهیچ شێوەیەک نهێنییەکان ئاشکرا بکرێن، یان سەرەداوی ڕووداوەکان باس بکرێ. لەناو هاوولاتییانی ئیتاڵیایی، سیستەمێک هەیە، کەس لە کاتی زانینی زانیارییەک قسە بۆ پۆلیس ناکا، ئاگەداری دەسەڵاتدارەکان ناکەنەوە، ئەوەی بەچاوی خۆیان دەیبینن، یان ئەوەی دەیبیستن، هەرگیز نایدرکێنن، چونکە ئەوەیان، بەندە بە مان و نەمانی ئەو کەسە و خزم و کەسەکانی، ئەوەی زانیارییەک ئاشکرا بکا کە بە زیانی مافیا بکەوێتەوە، یان هاوکاریی دەسەڵاتداران بکا، بۆ ئەوەش هیچ بیانوویەک قبوول نییە و ناکرێ سازش لەسەر بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان بکرێ، ئەوەی قسەش بکا، دەستی هەبێت لە ئاشکراکردنی هەر شتێکی ئەو ڕێکخراوەیە، یەک سزای لەسەر جێبەجێ دەکرێت، ئەویش کوشتنە.

پاش چەمکی بێدەنگی، مەسەلەی ئابڕوو و شەرەف لەناو پیاوەکانی مافیای سیسیلیا ماوەیەکی زۆر بایەخی پێ دراوە، دەبێ پیاوانی ئەو ڕێکخراوە ڕێزی ژنانی دوورگەکەیان بگرن، ناکرێ بەچاوی سووکەوە سەیریان بکرێت، نیازیان لەگەڵ ژنەکانیان داوێنپیسانە نەبێت، ئەگەر ئەوە لەناو یەکێک لە گرووپەکانیان دەرکەوتبووایە، دیارە کەوا چارەنووسی ئەو ئەندامە کوشتن بووە. کە تۆڕەکانی مافیا گەشەی کردووە و زۆر بووە، کوزا نوسترا کاری سۆزانیی کردووە و چەندان تۆڕی ژنانی سۆزانیی بەڕێوە بردووە، کە تێیدا نەدەکرا کیژی ئیتاڵیایی، مێینەی تەمەن گچکە لەو تۆڕانە بەکاربهێنن، هەروەها تۆڕەکانی مافیا ژنانی ڕەشپێستیان بەکار نەهێناوە و بڕوایان وا بووە، ئەو ژنە زنجیانە بەخێرایی نەخۆشیی ترسناک بڵاو دەکەنەوە.

## مافیا کۆمەڵگەیەکی سەربەخۆ بووە

لە سەدەی نۆزدەم، پیاوانی مافیا ڕێکخراوەکەیان گەشە پێ دەدەن، تا دەبێتە کۆمەڵگەیەکی سەربەخۆیی بەرنامەڕێژ لەسەر بنچینەی تاوان و ڕێزنەگرتنی دەسەلآت و لاساری یاساکانی دەوڵەت، لەگەڵ گەشەسەندنی کۆمەڵگەکەش ئەو تۆڕانە کار و تاوانەکانیان لە گوندەکانەوە دەپەڕێتەوە ناو شارەکان، بەوەش شەڕ و ناکۆکی لەناو مافیای گوندەکان دەقەومێ، ئەوەش فاکتەرێک بووە تا وەرزێرەکان لە ژیانی کولەمەرگی و دەردەسەری بمێننەوە. سەرەتا ڕێکخراوەکانی مافیا بازرگانیکردنیان بەمادەی بێهۆشکەرەوە قەدەخە کردبوو، یان بڵێین بە حەرامیان دەزانی، بەڵام لە باليرمو مافيا دەست بەو کارە دەکا، مادەی بێهۆشکەر ڕەوانەی دەرەوەش دەکا، پارەیەکی زۆر لەو کارە قازانج دەکەن، پاشان ئەو بازرگانییە دەبێتە سەرچاوەی یەکەمی پارە و سامان کۆکردنەوەیان لەناو دوورگەی سیسیلیا و دەرەوەش.

ڕۆژانە و هەتا ئیمرۆش سامان پەیداکردن و بازرگانیکردنی ئەندامانی مافیا لەگەڵ ڕۆژگاردا گۆڕاوە و ماوەیەک ئیدارەی چەندان کارگە و ڕێستورانتی گەورە و کۆمپانیای تەئمینیان کردووە، ئەوانەش ڕووپۆشی کارەکانی زۆر بە سەرمایەی وەک قومار و بەقاچاخبردنی مەشرووب و سۆزانیکردن و پارە بەقازانج دان و فێڵکردن و هەڵخەڵەتاندن و دزینی ئۆتۆمۆبێل، لەگەڵ ڕفاندن و کوشتن بووە.

## کوسکیە

خێزان یان گرووپ ناوکی مافیا بووە، ئەندامەکانی بەپراکتیک بەو خێزانانەوە گرێ دراون، پێوەندییەکانیان لە پێوەندییەکانی خزمایەتی و هاوسەرکارییەوە دەچێت، ئەوانە کاری ڕۆژانەیان ئەوە بووە کە نامە و ڕاسپاردە بۆ دەوڵەمەندەکان ڕەوانە بکەن، تا ژیانیان دابین بکەن، بە چاودێریی پیاوەکانیانەوە ژیانیان بپارێزن، وەک پاسەوانیی تاکەکەسی، دیارە کەوا

چارەنووسی ئەو کەسانەش بووە کە پارەیان نەداوە و سەرپێچیی داواکانی چەتەکانی مافیایان کردووە، سزاکەش یان تەقاندنەوە بووە یان ڕفاندن و کوشتن، ئەندامانی مافیای ئیتاڵیاییش زۆر ڕێزی ژنانی خۆیان گرتووە و دەستدرێژییان نەکردووەتە سەریان.

هەیکەلی ڕێکخستنی مافیاش لەسەر شێوەی دەستەیی بووە، بەو دەستە کەسانەیان وتووە، کوسیکە (Cosche)، هەر دەستەیەک لە بیست کەس پێک هاتووە، هەموویان بە ڕێنوێنیی و یاساکانی ئەو ڕێکخراوە پابەند بوونە هەیکەلەکەیان شێوەی هەرەمیی هەبووە، سەرۆک، یان سەرە گەورەکە، ناوی کابو بووە، ئەو حاکمی بەهێزی دەسەڵات و دەستەکەش بووە، لە هەمووشیان بەدەسەڵاتتر بووە، بەشی زۆری دەسکەوتەکەش بەر ئەو دەکەوت.

کابو، واتە سەرۆک دەستەکە، دوو ڕاوێژکاری هەبووە، ئەوان ئامۆژگارییە یاساییەکانیان وەرگرتووە، ڕێنوێنییەکانیش لە شێوەی ڕاپۆرت نەبووە، ئەو دوو ڕاوێژکارە ناکۆکییەکانیانی ناو خێزانەکەیان چارەسەر کردووە و ئاگایان لە لایەنی ئابووری و چالاکییەکانیان بووە، ئەو دوو کەسەش ئەندامانی دەستەکە بوون و زۆریش بەناوبانگ نەبوون، بەڵام زۆر بڕوایان پێ کراوە، سەرۆکەکە جێگریشی هەبووە، ئەویش ڕاستەوخۆ لەلایەن سەرۆکەوە دانراوە، کە پلەی دووەمی لەو زنجیرەیە هەبووە، ئەو کاپتنی بەرپرسی کاپتنەکانی تری ناو خێزانەکە بووە، ئەگەر سەرۆکیش گیرابووایە، ئەوە جێگرەکەی دەبووە سەرۆک. لە دوای ئەوانە دوو کاپتنەکە بە پلە و پایە ئەژمار دەکران کە زۆرجار لە کوڕەکانی سەرۆک و لەلایەن کەسە دووەمەکەوە دانراون، بەڵام بەپراکتیک سەرۆک دایدەنان، کاپتنەکە سەرۆکی دەستەیەک بووە، لەناو هەموو خێزانێکی مافیا چوار هەتا شەش دەستە هەبووە، هەریەک لەوانە هەتا دە سەربازی هەبووە، کاپتنەکە خێزانە گچکەکانی بەڕێوە بردووە، بەڵام ئەو بەپێی ڕێنوێنییەکانی سەرۆک کاری کردووە، دەبووایە ئەو بەشێک لە دەسکەوتەکە بداتە سەرۆکەکە.

لە پاش کاپتنەکە، ئەفسەر و سەرباز (مافیوزو) ڕیز دەبن، ئەوانە پێوەندیی

ڕاستـەوخـۆیان بەسـەرۆکـەوە نەبووە، مـەرجـیش نەبوو ڕاسـتـەوخـۆ لەناو خێزانەکەوە بن، بەڵام دەبوو ئەو کەسانە ئیتاڵیایی یان سیسیلیایی بن، دیارە کـەوا سـەربازەکـان بە کـار و ئازایەتیی خـۆیان جـێگەیان لەو خـێـزانەدا کـردووەتەوە، ئینجـا پاشـان سـەرۆک دایدەمـەزراندن. لە دەرەوەی تۆڕەکـەش چەند کەسێکی یاریدەر هەیە و ئەوانەش ئەندامی خێزانەکە نین، بەڵام کـاری سنووردارییان پێ دەسـپـێرن، یان کـاری پێناوییـان پێ دەکـەن، تا ئەندامـە کـاراکـان ژیانیـان نەکـەوێتـە مـەترسی و ئاشکرا نـەبن، ئەو ئەندامـانەی ناو خێزانەکە کە سیفەتی ئەندامی خێزانیان نەبوو، مادە بێهۆشکەرەکانیان بۆ دەفـرۆشـتن. کـەسـانـی کـاراکـەر لـەو ڕێکخـراوە و لەناو خـێـزانەکـان، بۆ ئیتاڵییەکان سنووردارە و بـەس، کەسانی ڕەگەزی تر ئەگەر کارکەریش بن، پۆستی بالا و کاری ترسناک وەرناگرن، تەنیا وەک سەربازێک دەمێنێتـەوە، سـەرکـردایەتییش لە پۆسـتی سـەرۆک کابـو بەمیراتە و دەبێ کـوڕی سـەرۆک بێت، پۆسـتـەکـەش بەدرێژاییی ژیانە و نـاگـۆڕدرێ. بنـچـینـەکـانی ڕیزبەندی سـەرکردایـەتی بەشێوەیەکی توندکار بەڕێوە دەچێت، پارە و سامانەکەیان بە ڕێژەیەکی دیاری تایبـەت مـامـەڵە و دەسـتاودەسـتی پێ دەکرێ، ئەندامـانی ئەو خێزانە دەتوانن تەنیا لەگەڵ سەرکردایەتییەکەیان هەڵسوکەوت بکەن، هەموو ڕێنوێنییەکان ڕاستەوخۆ لەوان وەردەگرێ، بەبێ ئـەوەی ئەفسـەرەکان ڕۆڵیـان لەو پێناوەدا هـەبێت، سەرکردایەتییەکەش لەگەڵ سەرووی خۆی بەو شـێوەیە و ڕیزبەندەکەی سـەرکـردایەتی و ڕێنوێنییەکان بەو شـێوەیە، بە دۆزینـەوەی سـەرە داوێک سەرکردایەتی نادۆزرێتەوە و تۆڕەکەیان ئاشکرا نابێت.

## چالاکی و بەهرەدارییەکان

کە لە سـەرەتای سـەدەی بیستەم، دەسـتەکـانی مافیا پەیدا بوون، خێزانـەکانی ئەو دەستانە کۆششکار بوون، خەسڵەت و سیمای تایبەت بەخۆیان هەبێت، بە مەرجێک کۆپی هیـچ گرووپ و لایەنێک نەبێت، پیاوەکانیـان لە پێکداداندا وریا و نیشـانشکێن بوون، لە بازدان و دەربـازبوون کـارامـەبوون، بەهـرەو چالاکیی

وایان هەبوو، بە دەگمەنی دەناسرانەوە، هەموو بڕیارەکان دوا بڕیار و دوا قسەش تەنیا بۆ سەرۆکی خێزانەکە بووە، بەڵام ئەندامانی گرووپەکەش ڕەزامەندییان لەسەر دەردەبڕی، هەموویان پابەند بوون لە پێناوی پاراستن و ڕاپەڕاندنی کارەکانیان و بەرزڕاگرتنی کەرامەتی بنەماڵەکە و چوارچێوە و شیرازەکەیان پتەو کردووە و کاریان بەردەوام بووە بۆ کۆکردنەوەی سامان و بەهێزکردنی ڕێکخراوەکە. هەموو خێزان و گرووپێکی ئەو ڕێکخراوەیە حەقی هەبوو، سوپای سەربەخۆی مەیدانیی هەبێت، لەگەڵ هەموو ڕینوێنییە توندکارەکانیش بنەماڵەکە لە هەندێ لایەندا لەگەڵ ئەندامانەکانیان نەرمیشیان نواندووە و بەشدارییان لە بەرنامەکانی گۆڕانی کار و چاکسازییەکان کردووە و پرسیان پێ کراوە.

بەپێی پەیڕەوی تایبەتی ئەو ڕێکخراوە، دەکرێ گرووپەکان بچنە ناو خێزان و گرووپی هاوشێوە و بەیەکەوەش بنەماڵەی گەورەتر دامەزرێنن، کەسی بەهێز و دەستڕۆیشتووی ناویان بکەنە سەرداری ئەو خێزانە گەورانە، بەوەش ڕێکخراوەکە لە ڕووی دیسپلین و سامان و ڕێکخستنەوە بەهێزتر و ساماندارتر دەردەکەو. ئەو هەموو خێزانە گچکە و گەورانەش بەرەنجام کەسێکی دیار و گەورە لە سیسیلیا بەرپرسی یەکەمیان دەبێت، هەندێ جاریش وا ڕێک کەوتووە لەو سەرکردایەتییەدا چەند کەسی بەئەزموون، کەسانی وریا لە چالاکی و خاوەن سەربردەی دێرین لەو بوارەدا هاوشانی سەرۆکەکەش کاری کردووە. ژمارەی خێزانەکانی ئەو ڕێکخراوەیەش بە ژمارە و قەوارە چەندان شێوازیان هەبووە، بۆ نموونە لە سەرەتای سەدەی بیستەم بنەماڵەی مافیای لاکی لوسیانو، لە شیکاگۆ ژمارەیان دەگەیشتە نزیکەی پێنجسەد کەس، هەموویان لەگەڵ پێوەندیی خوێن و خزمایەتیش بنەماڵەکان توند و بەرنامەڕێژانە بەیەکەوە گرێ دراون.

## ده ڕاسپاردەکە

ئەگەرچی پیاوانی مافیا تاوانی زۆریان کردووە و خەڵکێکی زۆریش بوونەتە قوربانیی چالاکییە دڕندەکانیان، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسووڕمانە کەوا ڕێکخراوەکە پابەند بووە بە بەها ئەخلاقی و ئاینییەکان، بەهیچ شێوەیەک غەدریان لە قوربانییەکانیان نەکردووە، هەموو کوشتنەکانی لە پشتەوە و کوشتنە ڕووبەڕووەکانیش پاش دانوستاندن و دیالۆگ بووە، دەڵێن (ویلی موریتی) بەوە دەناسرا کەوا زۆر حەزی لە قسەکردن بووە، لە کاتی دانوستاندنەکانیدا زۆر نەرمونیان بووە، بۆیەش ناویان لەو پیاوە ناوە، بکوژە رەحیم و بەخشندەکە. لە بەرامبەردا نەیار و دوژمنانی مافیا سەربازە مافیوزوییەکان بە گوللەی غەدر بەئاسانی کوشتووە، دیارە ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کەوا نەیارەکان ترسیان لەو سەربازانە هەبووە و دەیانزانی کەوا کەسایەتیی مافیوزو هەیبەتی هەیە و ناوێرن ڕووبەڕوویان ببنەوە، بۆیەش لە دوورەوە دەیانکوژن، نزیکیان نابن، هەروەها بەوەش دەناسرێنەوە کەوا دەست و دەمانچەیان سوارە و ئامادەسازییان تا ڕادەیەکی زۆر وریایانە، نیشانەیان ڕاستە و زووش دەست دەکەنەوە، بۆیەش نەیارەکانیان ئامادەن بەغەدریش واتە لە پشتڕاش بیانکوژن، چونکە بواری کوشتنی مافیوزوییەکان ئاسان نەبووە هەموویان سامیان هەبووە. بنەماڵەی مافیاییەکان بۆ پێوەندییەکانی دەرەکییان دوو میتۆدی گرینگیان هەبووە:

لەناو گێژاوی شەڕ و ململانێی موخابەراتی خۆیان دوور ڕادەگرن، بەوەش خۆیان لە شەڕ و دژایەتیی موخابەرات دوور دەکەنەوە، چونکە لە پاش شەڕی دووەمی جیهانی ئەنجوومەنی بنەماڵەکان یاسایەکیان داڕشتووە، لەوەدا کوشتنی ئەندامی هەر بنەماڵەیەک لەناو ئەو ڕێکخراوەدا ئاسایی بووە، ئەگەر دەستی هەبووبێت لە بەکوشتدانی یەکێک لە سەرکردەکانی بنەماڵەیەکی تر، دیارە جێبەجێکردنی ئەو بڕیارەش پێویستی بەبڕیار و پەسندی ئەنجوومەنی بنەماڵەکانەوە نەبووە، ئەگەر بکوژەکە، کەسێکی دیار و ناسراوی بنەماڵەیەک

بووبێت، ئەوا ئەنجوومەن بڕیاری دەدا، پاش کوشتنی؛ هەموو سامانەکانی ئەو کەسە لەسەر ئەندامانی بنەماڵەکانی تر دابەش بکا، ئەگەر کەسەکە پایەداریش بووبێت، ئەوا پاش بڕیاری ئەنجوومەنی بنەماڵەکە پیاوە گەورەکەی ڕێکخراوەکەیان کوشتووە. هەموو ئەندامانی ئەو ڕێکخستنە کە بوونەتە ئەندام، سووێندیان بەئەندامبوونیان خواردووە، لە سوێندەکەش بەڵێن دەدا ئەو ئەندامە نوێیە بەبنچینە سەرەکییەکان پابەند بێت، بەپێچەوانەش ژیانی دەکەوتە مەترسی و بە کوشتن تۆڵەیان لە لادانەکەی دەکردەوە، بنچینەکانی ئەندامبوون و بەڵێنەکانیش ئەوانەن:

* یاسای بێدەنگبوون (ئومبرتا)، نهێنی نەدرکاندن و ئاشکرانەکردنی ڕێکخستنەکانی ئەو ڕێکخراوەیە، ئەگەر بەتوندترین سزا و لێکۆڵینەوەشی لەگەڵدا بکرێ.
* جێبەجێکردنی کوێرانەی ڕێنوێنییەکانی سەرۆکەکەیان.
* ئەگەر هەر ئەندامێکی ئەو خێزانانەی ناو ڕێکخراوەکە، هەڕەشە و غەدری لێ کرا، دەبێ هەموو ئەندامەکان ئامادە بن، تۆڵەی بۆ بکەنەوە.
* هەموو ڕێکخراوەکانی هاوشێوەی مافیای ئیتاڵیایی بە دۆست بزانن، هاوکارییان بکەن، لە کاتی پێویستدا بەهانایانەوە بچن، ڕێزی ژنانی ئیتاڵیایی بگرن.
* بەهیچ شێوەیەک پێوەندییان بەدەسەڵاتی ڕەسمییەوە نەبێت.

کە کەسی وەرگیراو لەو ڕێکخراوە سوێندی تایبەتی خوارد و بووە ئەندام لە یەکێک لەو خێزانانە، خێزانەکە ئامادەیی دەبێت، هەموو پێداویستییە مادییەکانی بۆ دابین بکات، لە کاتی ئەنجامدانی نەبەردییەکی سەرکەوتوو پاداشت دەکرێ، هەروەها ئەو ئەندامە دەبێ لەلایەن ڕێکخراوەکە خانوو و چاودێریی تەواو بۆ خۆی و ماڵ و منداڵەکانی دابین بکا، هەر ئەندامێک کە دووچاری هەر کارەساتێک دەبێت، ئەوا بنەماڵەکە ناچارە کۆمەکی بکات، بەپەلە دەستی کۆمەک و پشتیوانیی بۆ درێژ بکا.

له مانگی نۆڤمبەری ساڵی ٢٠٠٧ پۆلیسی سیسیلیا، لیستی ده ڕێنوێنییەکی ڕێکخراوەکەی دەست کەوتووە، کە لە شوێنی تایبەتی سەرۆکی مافیوزو سلڤاتوری بیکولو دەستیان کەوتبوو، ئەوانەش هەموو ڕێنوێنیی بوونە بۆ بەرژەوەندیی مافیوزو، کە برێتی بوون لە:

* هەرگیز خۆت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەهاوڕێیەکانت نیشان مەدە، کۆشش بکە، دیتن و ناسینەکەت، بەهۆی کەسی دووەمەوە بێت.
* سەیری ژنی هاوڕێیەکانت مەکە.
* ئەو شوێنەی پۆلیسی تێدا بێت، تۆ لەوێ دوور بکەوە لەوانە نزیک مەبە.
* هەموو دەمێک بۆ بەردەم ژوزا نوسترا ئامادە و ساز بە، ئەگەر ژنەکەت لەسەر منداڵبوونیش بوو.
* ڕێزی کات و ژوانەکان بەجوانی بگرن، لە کاتی دیاریکراودا ئامادە بە و دواکەوتن بەهیچ شێوەیەک قبووڵ نییە.
* زۆر ڕێزی هاوسەرەکەت بگرە و بە گەورەیی سەیری بکە.
* لە کاتی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی لەناو بنەماڵەکە ئاراستەتان دەکرێ، کۆشش بکە، ڕاستگۆ بیت، درۆیان لەگەڵدا مەکە.
* پارە و سامان لەگەڵ ئەندامەکانی گرووپەکەت و گرووپەکانی تر شیاوی بایەخ نییە.
* ئەو جۆرە کەسانە لە خۆتان و لە ئەندامانی گرووپەکانتان نزیک مەکەنەوە، خزم و کەسی پیاوانی پۆلیس، خزم و کەسی پیاوانی بەگومان لە بەڵێنەکانمان، کەسانی بەدڕەوشت، کە بڕوایان بە بنەماکانی ئەخلاقی نییە.

دیارە کەوا مافیا بەجێبەجێکردنی ئەو خاڵانەیە خۆی گرتووە و ناوی دەرکردووە، ئەگەرچی خوێنی زۆری کەسانی بێ تاوانیان ڕشتووە، بەڵام ئەزموون و بەرنامەکەیان نیشانەی شۆکە بۆ مان و خۆڕاگرییان.

## لانكەی مافیا

كە ئیتاڵیا بە وڵاتی هونەرو سپاگێتی و پیتزا و مونالیزا و ئۆتۆمۆبێلی فیراری ناسـرابێت، ئەوە هەمـوو لایەک باش ئـەوەش دەزانن كـەوا بە وڵاتی مـافـیـاش ناسراوە، لە مێژووی تاوانی ڕێكخراودا چوار باڵی سەرەكیی مافیا لە نیمچە دوورگەی ئیتاڵی هەبووە، كە بووبوونە ناوكی دامەرزاندنی مافیای ئیتاڵیایی ئەمەریكایی (ئەودەمانە بەناوی كوزا نوسترا ناسرا بوو)، كە پاشان مافیای چینی بەناوی (ترياد) و مافیای ژاپۆنی بەناوی (باكوزا) و مافیای توركی بەناوی (باباس) و مافیای ئەلبانی، هەتا چەتەكانی مافیای جامایكی و زۆری تر كە لەسەر نەخشەی مافیای ئیتاڵیاییەوە دامەزراون. هەموو شانازییەكانی پەیدابوونی مافیای ئیتاڵیی دەگەڕێتەوە بۆ چوار گرووپ و بنەماڵە، یەكەمیان لە كورلیونی سیسیلیا بەناوی (La Cosa Nostra) دامەزراوە و ئەو ناوەی هەڵگرتووە و یەكێكە لە ناودارترین دەستەی مافیا لە ئیتاڵیا، مێژوونووسی ناودار ماركۆ مونییر لەساڵی ١٨٦٣ بەناوی (ئەوان دەستەیەكی راووڕووتی ڕێكخراو بووە، كە دامەزراوێكی میللیی نهێنی بووە و مەبەستی سەرەكییان نانەوەی ئاژاوە و بەدكاری بووە).

دەستەی دووەمیش نهێنی بووە و ناوی (كامورا) بووە، كە لەناو گرتووخانەكانی ناپۆلی لە ئیتاڵیا دامەزراون، ئەو گرووپە ناویان (كامورا) بووە، بنكە و چالاكییەكانیان لە سەرەتای سەدەی نۆزدەم لەو شارەدا دامەزراوە. بنەماڵە و دەستەی سێیەمیش ڕێكخراوێكی نهێنیی بەدكار و زیانگەیێن بووە، ناویان بە (ندرانجینا، یان ئۆرنوراتا سوسیتا) ناسراوە، كە بە زمانی ئیتاڵیایی مانای كۆمەڵە بەڕێزەكە بووە. ئەوانە لە هەرێمی كالابریای ئیتاڵیایی و لە سەدەی بیستەم دامەزراوە. دەستەی چوارەم و كۆتایی، (ساكرا كورونا ئونیتا) بووە و لە شاری باری ئیتاڵیاییەوە سەری هەڵداوە.

لە ساڵی ١٩٠٠ گرووپەكانی مافیای ئیتاڵیایی لە خۆرئاوای سیسیلیا كۆبوونەتەوە و لەناو خۆیاندا یەكەتیی فیدراڵییان دامەزراندووە و دەسەڵاتیان

بەسەر هەموو بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی هەرێمەکاندا گرتووە، ئەوەش وای کردووە مۆسۆلینی سەرکردەی فاشی لە ئیتاڵیا بەدەستی پۆلاین و لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا زەبری لێ داون، تا بەیەکجاری لەناویان ببات، بەڵام شکانی سوپا و حکوومەتی ئیتاڵیا لە شەڕەکە، بواری ساز کردبوو مافیا سەرلەنوێ سەر هەڵبداتەوە.

لە پاش چەندان ناکۆکی و ململانێی خوێناوی لە ساڵەکانی هەشتاکان و نەوەتەکاندا کە لە نێوان دەستەکانی ئەو گرووپانەی مافیا ڕووی داوە، ژمارەیەکی زۆری سەرکردە دیارەکانی مافیا لەناوچوون، بۆیەش دەستەیەکی نوێی پیاوانی مافیا سەریان هەڵداوە و دەسەلاتیان گرتووتە دەست و فەرمانڕەواییان کردووە و ناویان بە پیاوە یاخە سپییەکان ناسرابوو، ئەوانە تاوان و کارەکانیان لەگەڵ تاوانە تەقلیدییەکان جیاواز بوون، گۆڕانی زۆریان بە بەرنامە و پلانەکانیان کردبوو، بۆیە میدیای ئیتاڵیایی دەستەواژەیەکی نوێیان بەناوی شتە نوێیەکە (Cosa Nuova) داهێناوە، ئەوەش دەستەواژە کۆنەکە (La Cosa Nostra)ی نەهێشتووە، کە زووتر وتوویانە بەوەش ڕێکخراوەکە گۆڕان و نوێکاریی کردووە.

هەتا ئەمڕۆش پۆلیسی ئیتاڵیایی دان بەوەدا دەنێت کەوا، ئەو دەستانە بوونیان ماوە و پشتاوپشت ئەو کارەیان جێ هێشتووە و لەسەر بەرنامەی باپیرانیان دەڕۆن، بۆیەش لە مانگی مایوی ساڵی ٢٠١٠ پۆلیس کەسێک بەناوی میکیلی کیریکای تەمەن ٥٨ ساڵانە دەگرێت، کە سەرکردەیەکی مافیای کامورای بووە لە ناپۆلی، ناوی ئەو لە ڕیزبەندی ژمارە سەد کەسی هەڵاتووی دەستی دادگە و پۆلیس بووە، ئەو لەناو ڤیلایەکی گچکە و لە گەڕەکی فیومشینو لە دەرەوەی ڕۆما گیرابوو، کە کاری بازرگانیی ئاسایی بەمادەی بێهۆشکەر دەکرد، پۆلیس باش کۆنترۆڵی ناوچەکە و ماڵەکەیان کردبوو، بۆیە بواری دەربازبوونی نەمابوو، لە ناو ئاپۆڕەی پۆلیسەکان ئەو وتبووی دەستتان خۆش کە منتان لەو شوێنە لاچەپە دۆزییەوە و پیرۆزبایی ئەو چالاکییەتان لێ دەکەم. زووتریش و چەند هەفتەیەک بەر لە گرتنی ئەو

کەسە، دەسەڵاتدارانی ئیتاڵیایی کەسێکی دیاری ئەو بنەماڵەیەیان گرتبوو، ئەویش ئینتونیوو کریستیڤارو بوو، ئەو تیمساحە درێژەکەی بۆ ترساندنی خەڵکەکە و ساماندارەکانی، بۆ پارە وەرگرتن بەکار هێناوە، کە درێژییەکەی لە یەک مەتر زیاتر بوو، کێشی نزیکەی٤٠ کیلۆگرام دەبوو، کە لەناو باڵکۆنەکەی و لە ماڵەکەی لە شاری ناپۆلی لە خوارووی ئیتاڵیا ڕای گرتبوو.

## کامورا

کامورا یەکێکە لە ناودارترین و کۆنترین بنەماڵەی مافیا لە ئیتاڵیا، گۆرانبێژی جەزائیری رابی ناودار (لوتگی دوبل کانون) بەگۆرانی و ستایشەکانی پەسنی ئەو بنەماڵەی کردووە. کامورا، واتە پارێزگاریکردن، ئەوان لە شارەوە پەیدا بوون، ئەوەش بەپێچەوانەی بنەماڵەی کوزا نوسترایە کە لە گوندەکانەوە پەیدا بوون، بۆیەش کامورا ڕەگ و ڕیشەی لەناو خەڵکەکە داکوتاوە، بەتایبەتی خەڵکە برسی و هەژارەکان، ئەوانە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەم لە ناپۆلی ئیتاڵیاوە پەیدا بوون، قسەی واش هەیە، گوایە ئەو بنەماڵە مافیایە لەو مێژووەش کۆنترن، لەناو ئەو بنەماڵەیەدا ژنان زۆر ڕۆڵی ئەکتیڤیان هەبووە و لەناو هەیکەلەکانیاندا کوشتن و گرتنیان زۆر لە ناودار بوو، بەتایبەتی ژنەکانیشیان گیراون.

پاش ئەوەی دوو ساڵ کامورا دەسەڵاتی مافیا دەگرێتە دەست، نووسەری ئیتاڵیایی ڕوبرتو سڤیانو کتێبێکی لەسەر سەرکردایەتی و ڕۆژانەی گرتووخانەکان نووسیبوو، کە بە ڕەواجترین فرۆشتنی هەبووە، کتێبەکەش وەرگێڕدرابووە سەر چەندان زمان وەک فرەنسی، ئەڵمانی، ئینگلیزی، نووسەر کتێبەکەی لەسەر شێوازی ڕۆمان بووە و لە ئەوروپا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ناوی دەرکردبوو، خەڵاتی ئەدەبی ئیتاڵیایی ڤیاردجیوی وەرگرتبوو. بەڵام نووسەرەکەی پاش ئەوەی ناوبانگی دەرکردووە، لە جیاتیی سوودوەرگرتن و شانازی خۆی شاردووەتەوە و بەیەکجاری خۆی لە بەرچاوان ون کردووە، بۆیەش وەزارەتی ناوخۆ ئەرکی چاودێریی سەلامەتیی ئەو

نووسەرە دەگرنە ئەستۆ و ماڵ و شوێنی نیشتەجێ لە بەرچاوان دەشارێتەوە، چونکە ئەو ڕێکخراوە دەستی دەگەیشتە هەموو شوێنێک. لە ئامارێکی تایبەتی سڤیانوی نووسەر ئاماژە بەوە دەدا، کەوا کامورا لە ناوچە نزیکەکانی ناپۆلی ٣٦٠٠ کەسی کوشتووە، ئەو لە ساڵی ١٩٧٩ لەو ناوچەیە ژیاوە، بۆیە کوڕەکەی لە شاری ناپۆلی وتبووی: تا ئازاریان بدەم، من دەزانم لە کێندەرێیان دەدەم.

لەو کتێبەی سڤیانۆ کە ژێدەرەکەی لە کاری زۆر و گەڕان و پێوەندییە وردەکان و شیکارەکانەوە بووە، ئەو توانیویەتی کار و چالاکییەکانی سەرکردەی مافیا کامورا بەهەموو وردەکارییەوە بنووسێتەوە، ئاماژەی بەو کارانە داوە کە لە سەردەمی جیهانگیریدا پەیڕەو بوون، وەک مادە بێهۆشکەرەکان، شێوازەکانی وەرگرتن و ستاندنی پارەی بەزۆر، مۆدە و جلوبەرگە سازکراوەکان، کارەکانی بەڕێکردن و بارکردن، بەتایبەتی لەگەڵ چەتە چینییەکان، هەروەها پۆلیتکیش ڕۆڵی لەسەر چالاکییەکانیان هەبووە.

## ئیتاڵیا لەناو باوەشی مافیادایە

نووسەری ڕۆژنامەنووس فرانک فیفیانو لە ساڵانی حەفتاکاندا دیمانەیەکی لەگەڵ ژنی یەکێک لە بنەماڵە دەسرۆیشتووەکانی مافیا لە دوورگەی سیسیلیا کردووە، کە ناوی دایکە (جونز) بووە، ئەو لەو دیمانەیەدا وتبووی، کەوا لەو دوورگەیەدا ١٨٦ بنەماڵەی مافیا هەبووە، لەوانە حەفتا و شەشیان لە (بالیرمو)ی پایەتەختی سیسیلیا و گوندەکانی دەڤەری کاسیلاماری کار و چالاکییەکانیان نواندووە.

ئەو بنەماڵانە لەناو ئەنجوومەنێکی ڕێکخراوی تایبەت بەخۆیان کۆ بوونەتەوە، کە سێ کەس سەرکردایەتیی کردووە، یەکێکیان ناوی (جیتانو بادالمنتی) بوو، کە سەرکردەی مافیاکانی دەڤەری گوندی کاسیلاماری بووە، پێش دامەزراندنی ئەو جڤاتە، ڕێکخراو و گرووپەکانی مافیا پێکهاتەیەکی

ناوچەیی بوون، تەنیا لەناو دوورگەکە کاریان کردووە، سەرەتا بەرنامەیان بەگەندەڵکردنی بەرپرسە گچکەکانی دەوڵەت بووە، ئەو دەستانەش دەسکەوتیان کەم و ئاسایی بووە، بەڵام پاش بەکارابوونی ئەو ئەنجوومەنە، تاوانی بە سیستەم لە سیسیلیا کۆنترۆڵی ڕێژەی ٢٠٪ ئابووریی پیشەسازیی ناو ئیتاڵیای کردووە. لە سەرەتای نەوەتەکاندا داخوازی و کارنامەیان گەشە دەکا، چالاکییەکانیان دەپەڕێتەوە ناو هەموو وڵاتانی ئەوروپا و زۆربەی وڵاتانی تری جیهان، بەڵام زۆربەی بنەماڵە ناودارەکانیان لەگەڵ بیرۆکەی ستراتیجییەتی کاری هاوبەش نەبوون، لە ساڵی ١٩٧٨ ساڵانە و بەردەوام لە ئەنجامی ئەو کارانە و گەشەبوونی چالاکییەکانی ئەو دەستانە ٩٠٠ کەسی ئیتاڵیایی دەبنە قوربانیی ململانێ و چاوچنۆکییەکانیان، کە تێیدا زۆر لە بەرپرسان و قازییەکانیش دەبنە قوربانیی ئەو بزاڤە دەستڕەشە.

تۆڕەکانی ناو دەستەکە و بنەماڵەکانی مافیا ئەوەندە زۆر و ئاڵۆز دەبن، کەسیان ئاگای لە کەس نامێنێت، بەئاسانی هێڵەکانیش ناناسرێتەوە، نازاندرێت کامیان بۆ کام لایەن و لە بەرژەوەندیی کام ئاراستە کار دەکەن، لە دوا شەرمەزراییەکان و ساڵێک پێش ئیمرۆ، دوا بڕیار لە کەسێکی هاوپەیمانی سەرۆک وەزیرانی ئیتاڵیایی سلفیو برلوسکۆنی بەسزای نۆ ساڵ زیندانیکردن بەتاوانی پێوەندیبوونی لەگەڵ دەستەکانی مافیا درابوو.

چەند ساڵێک پێش ئێستا بەتاوانی بوونی چەند مامەڵەیەکی ناشەرعیی نێوان خۆی و سەرۆکی یەکێک لە دەستەکانی مافیای ناو دوورگەی سیسیلیا سەرۆک وەزیرانی پێشوو جیولیو ئەندریوتی راپێچی لێپرسینەوە و دادگە کرابوو. لە ساڵی ١٩٩٢ حکوومەتی ئیتاڵیایی هەڵمەتێکی دژوار بەرووی ئەو کەسانەی داوا کراون و نەگیراون دەکات، ڕووبەڕووی لاسارەکان دەبێتەوە لە ئەنجامدا هەڵمەتێکی ڕووبەڕووبونەوەیەکی ترسناک و خوێناویی لێ دەکەوێتەوە و زۆریش لەو تاوانبارە داواکراوانە دەکەنە دەستی دادگە و دەگیرێن، سامانە زۆرەکانیان کە بە دەیان ملیار یۆرۆ مەزندە دەکرا دەستی بەسەردا دەگیرێت و حوکمی کوشندە و توندیشیان بەسەریاندا دەچەسپێن،

بۆیە مافیا لەناو خۆیدا و یەکلایەنە ئاگربەست و کەشێکی هێمنانە ڕادەگەیەنێ، بەو پرۆسەیەش مەبەستی بووە ڕای گشتی و خەڵکەکە لە کارە ترسناکەکانی لە بیر بباتەوە و کەمێک ڕوویان جوانتر بکەنەوە، دیارە ئەوەشیان مەسەلەیەکی سیاسی بووە و بەس.

بروفینزانزوی سەرکردەی مافیا بڕیار دەدا کار و بەرنامەکانی بەرەو ئاراستەی بزنسی ئابووری و دارایی گەورە ببات، تا نیشان بدا کەوا ئەوان فاکتەری زیندووی ئابووریی ئیتاڵیایین، ئەوانن کەوا دەتوانن ئابوورییە لاوازە سستەکە ببووژێننەوە و بەرهەمدار بن، پاش ئەو بەرنامەیە خۆیان وا نیشان دابوو کەوا ڕێکخراوەکەیان پاوەری سیاسی و کۆمەڵایەتیی سیستەمدارە و دەتوانێت کاریگەری لەسەر ئابووریی وڵاتەکە بکات و بەرنامەکانی گەشەسەندن بەرەو بواری باشتر و ئەکتیڤتر ببات، تا دەسەڵاتدارەکان ناچار دەبن، بێنە بن سێبەری ئەوان و کۆمەکیان بکەن.

بەڵام بەرەنجام دەرکەوت کەوا سیاسەتی مافیا لەو دەمانەی ئاشتی و ئاگربەستیان ڕاگەیاندبوو، زۆر ترسناکتر بوو لەو کاتانەی شەڕیان دەکرد و دەسەڵاتداران چاودێرییان دەکردن، چونکە دەرکەوت ئەوان باش دەتوانن و توانای ئەوەیان هەیە بخزێنە ناو دەزگاکانی سیاسی و ئابووریی دەوڵەت و بازاڕە ئازادەکە، ئەوان کارامەن لەوەی تۆڕی پتەو لە نێوان پێکهاتەی خەڵکە هەژار و دەسەڵاتدارە گەورەکان ڕایەڵ بکەن، بەوەش بوار ساز دەکەن، فاکتەری سەرەکی بن لە کاریگەری لەسەر دید و هەڵوێستە سیاسییەکان و ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی ئەوانیش.

حکوومەتی ئیتاڵیایی لەبەر ڕۆشنایی یاساییە ئاوارتە ناسراوەکە بە یاسای ژمارە ١٠٩، توانی گەورە سەرکردەکانی مافیا ملکەچ بکا دان بەسەرچاوە و چەندی سەرمایەکانیاندا بنێن، دادگەش سەرپشک بکا ئەگەر بزانن سەرچاوە داراییەکانیان بە شێوەی ناشەرعی پەیدا دەبن، هەموو سامانەکانیان زەفت بکرێت.

لەگەڵ بزاڤی حکوومەت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بە کارە ناشیرین و

ناشەرعییەکانی مافیا، کۆمەڵگەی ئەهلیی ئیتاڵیاییش لەوانە کەوتبووە خۆ، بزاڤێک بەناوی (لیبیرا) کارکەر بوو، بۆ کۆکردنەوەی ئیمزا و دژایەتیکردنی مافیا و کۆششکار بوون هەموو ئەو زەویوزارانە لە سەرکردایەتیی مافیا وەربگیردرێتەوە کەوا بە زۆر و بە خوێن و بە غەدر دەستیان کەوتبوو، ئەوان پاش ئەوەی نزیکەی یەک ملیۆن ئیمزا بۆ دژایەتیی مافیا کۆ دەکەنەوە، لەگەڵ کۆمەڵە نوێیەکانی هاوکار لە باکور و باشوورەکەی کەوتبوونە کار بۆ دژایەتیکردنی مافیا. ئەوانە بەیەکەوە گەیشتنە مەیدان و توانرا زۆرتر لە هەزار و پێنجسەد دەستە و سەنتەر یەک بگرن تا دادپەروەری و یاسا سەروەر بێت، ئەوان باش لەوە تێ گەیشتبوون بۆ سەرکەوتن لەو بزاڤە و دژایەتیکردنی ڕاووڕووت و چالاکییە نایاساییەکان دەبێت کۆمەڵگەی مەدەنی و خەڵکەکە بەگشتی لەو پرۆسە چاکسازییە و لەو کارە مەیدانییە بەشدار بن و کارەکە هاوکاریی گشتیی دەوێت، ناکرێ ئەو ئەرکە زەحمەتە بەتەنیا بخرێتە سەرشانی پیاوان و دەزگاکانی ئاسایش و بە لاوازی لەو مەیدانە بمێنێتەوە، پاش ئەوەی بزاڤی لیبیرا شوێنی دەستی بەدیار دەکەوێ، چەندان بزاڤی تری وەک (توبیزو) و (ئەمازاتیتسی توتی) هاوشانی لیبیرا کەوتبوونە کارکردن.

***

چاودێرانی ئیتاڵیایی هەست دەکەن کەوا لەو بوارەدا کارکردن و دەسکەوتی سەرکەوتن لە قەڵاچۆکردنی مافیا و چالاکییە دژوارییەکان زۆر بەسستی بەڕێوە دەڕوا، ئەگەر سەرکەوتنیش هەبێت ئەوا لاوازە و ئاستی کەمە، بەڵام شەڕەکە بەردەوام بووە، هاوشانی ئەو بەرنامەیەش لە بواری سیاسیش هەڵمەتەکە بەردەوامە و هەڵمەتە ئەمنییەکان دژ بەباڵەکانی سەربازیی مافیا گەشەی کردووە، دیارە کەوا ئیتاڵیاییەکان هاوکاری و بەرنامەڕێژی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای ویستووە بەتایبەتی لە هەڵمەتە گەورەکەی مانگی فبرایری ساڵی ٢٠٠٨ ئەو هەنگاو و پێشهاتە باشە و زۆریش کاریگەری دەبێت، بەڵام بۆ زەبر وەشاندن لەو ڕێکخراوەیە، دەبێ زەبرەکە لە بڕبڕەی پشتی مافیا بدرێ، ئەویش پێوەندییە دەرەکییەکان و

پێوەندییە نهێنییەکانیەتی، بەتایبەتی ئەو گرێبەستانەی لە ئاستەکانی سیاسی و دارایی و ئابووری و دامەزراوی بەپێی یاساش قەدەخە نەبوون، هەندێک ڕایان وابوو کەوا سیاسەتی چەپڵەلێدان بۆ گرتنی هەر ئەندامێکی ناو گرووپەکانی مافیا و پاش نارەزایی و ڕەخنەگرتن لە ئەنجامی ئاشکرابوونی تۆڕ و لایەنی شاراوەی دۆسیەکان، نابێتە مایەی شانازی و دەسکەوت بۆ زەبر وەشاندن لەو ڕێکخراوەیەدا، بگرە دەبێتە هەناسەدانێک بۆ ئەوان تا ببووژێنەوە و چالاکییەکانیان گەشەدارتر بکەن.

کە هەردوو قازی فالکۆنی و بورسیللینو سەرقاڵی دۆزینەوەی تۆڕەکانی مافیا بوون، کاریان دەکرد دۆسیەی یاساییان لەسەر ساز بکەن، بەپێی یاسا تاوانباران بگرن، لەو دەمانە و لە گەرمەی کارکردنی دادگە، هەڵمەتێکی دژواری ڕێکخراو دژیان ساز کرا، هەردوو قازییەکەیان بە تاوانی پشتیوانی و لایەنگیریی سیاسی و خزمەتکردنی ئەجندەی حزبەکان شەرمەزار کردبوو، وتبوویان ئەوانە بەرنامەیان چەپگەرییە و بەوەش تاوانباریان کردبوون، بۆیەش دۆسیەکە دادەخرێ. بەڵام لەلایەن مافیاوە دۆسیەکەیان داناخرێ و هەوڵی کوشتنیان دەدرێت، چونکە ئەوانە و زۆر لە پیاوانی دەزگا سیاسییەکان و ئاینییەکانی لەناو ئەو دۆسیەیەدا قسە و سەربردە و هەڵبەستەی زۆر سەرسام و سەرسوڕهێنەریان لەسەر دەگوترا و ئاشکرا دەبوو، کەوا ئەوانە دەستیان لەو دۆسیانەدا هەبووە، لەوانە برلوسکۆنی و دووسەد نەوەد کەسایەتیی سیاسی و لە هەموو حزبەکان و میدیاکاران و ئەفسەرە پلەدارەکان و پیاوانی دەزگاکانی ئاسایش، کەواتە دەوڵەتێک لەناو دەوڵەتدا بوونی هەبووە.

ئەوە و لەلایەکی تریش مودەعی گشتیی ئیتاڵیایی تایبەت بەقەلاچۆکردنی تاوانەکانی مافیا (پییرو گراسو)ی ناسراو بەڕاوچییەکەی مافیا، زووتر ئاگەداری چالاکی و جموجۆڵەکانی مافیای لەناو جیهانی فوتبۆل کردبوو، ئەوەشی لە دیمانەیەکی میدیایی لەگەڵ ڕۆژنامەی (لاگازیتا دیلو سپۆرت) وتبووی، فوتبۆل کەوتووەتە بەر ئاگر و تیربارانی پیاوانی مافیا، دەسەڵاتداران ئاگەدار دەکاتەوە کەوا ئەو مەسەلەیە و ئەو دۆسیەیە ڕیسکی زۆری لەسەرە و

ناکرێ بەچاوی کەمەوە سەیری بکرێت. ئەو وتبووی کەوا ڕێکخراوی مافیا وەرزشییەکانی ئیتاڵیایی لە ساخکردنەوەی پارەی ڕەشی دەسکەوتەکانیان بەکار دەهێنن، ئەو دڵنیاش بوو کەوا سپۆرت خاک و زەوینەیەکی بەپیتە تا جۆران فێڵ و ساختە لەو وڵاتە سەربگرێت و بیکەن. ئەو هۆشیاریی دابوو کەوا یانە گەورەکان شوورەکانیان بۆ دەربازبوونی ئەو تۆڕانە پتەوترە و مافیا ناتوانێت بەئاسانی بچێتە ناو ئەو یانانە، بەڵام یانە گچکەکان زۆرتر دەسەڵاتی مافیا بەسەریاندا دەشکێت و بەئاسانی بەرنامە ساختەکانیان تێدا دەکەن، بەڵام لەوەش دڵنیا بوو کەوا یانە گەورەکان چاویان زۆر لەسەرە و دەزگاکانی میدیا و ژوورنالیستان ئاگەدارن و مەترسییان لەسەر کەمترە، بۆیەش داواکار بوو یاسای نوێی توندکار دابڕێژن بۆ پاراستنی یانە وەرزشییەکان لە چەتەکانی مافیا، چونکە یاسا کۆنەکان پێویستییان بەهەموارکردن هەیە و بەوەش جێبەجێکردن و چەسپاندنی یاساکان لاریی تێدایە.

لە مانگی یۆلیۆی ساڵی ٢٠٠٩ دادگەی سیسیلیای ئیتاڵیایی پەنجا کەسایەتیی لەناو تۆڕە لۆکالییەکانی مافیا بەسزای گرتن دادگەیی کردبوو، لەوانە سزاکان هەتا بیست ساڵیش زیندانیی تێدا بوو. حکوومەتی ئیتاڵیایی بە شانازییەوە باسی ئەو بڕیارەی دادگەی کردووە، کەوا توانرا ئەو هەموو تاوانبارە سزا بدات، کە زۆریان لە بنەماڵەی (لو بیکولو) بوو، کە تاوانی زۆریان کردووە و پارە و سەرانەی زۆریان لە بزنسمان و بەرژەوەندییە بازرگانییەکانی ئەو دوورگەیە وەرگرتووە. ئەوەش یەکەم جارە کەوا دەستەیەک لە پیاوانی کار و بازاڕ هاوکاریی پیاوانی پۆلیس و لێکۆڵینەوەکانیان کردووە و ئاسانکارییان لە دۆسییەکان کردووە، لەو کەسەش داوا کراوە قەرەبووی مادی بدەنە قوربانییەکان، ئەوانەی بە سەر و بە ماڵ زیانیان بەدەستی ئەو تۆڕانەوە لێ کەوتووە. لەوانەی لەو هەڵمەتەدا گیراون و دادگەیی کراون کالوجیرو لو بیکولویە، کە کوڕی یەکێک لە پاشا ناودار و گەورەکانی مافیایە لە دوورگەی سیسیلیا، کە زووتر و لە ساڵی ٢٠٠٨ەوە گیرابوو.

ئەو سەرکەوتنەی پۆلیس و گرتنی ئەو ژمارە زۆرەی ناو تۆڕەکانی مافیا، مانای ئەوە نییە ئەو تۆڕانە بنبڕ کران، بۆیەش دەسەڵاتدارانی ئیتاڵیایی ڕادەگەیەنن، کەوا زانیاریی تریان لەسەر بوونی پێوەندیی پیاوانی دەزگا ئەمنییەکان بە پیاوانی مافیا لە سیسیلیا دەرکەوتووە و کار لەسەر ئاشکراکردنی ناوەکان دەکرێت، بەتایبەتی ئەوانەی دەستیان لە کوشتنی دوو گەورەپیاوانی دادگە و لێکۆڵینەوەکان کە پێش حەڤدە ساڵ ڕوویان دابوو، هەبووە.

## بەرهەمە تاڵەکە

ئەگەرچی لەو ماوەیەدا مافیا، پارە و سەرانە وەرگرتن و کوشتنی خەڵکی کەم کردووەتەوە، بەڵام لە توێژینەوەیەکی مەیدانیدا دەرکەوتووە کەوا هێشتا مافیا کۆمپانیا ئیتاڵیاییەکان و کەسایەتییە دیارەکانی بزنسمان بە بیانووی سەلامەتی و پاراستنی ڕۆژانەیان پارەیان لێ وەردەگرێت، پارە و قەرزی بەسوودی زۆریان لەسەر دەکاتە ماڵ، ساڵانە پارەی مافیا لە بازاڕەکانی ئیتاڵیا دەگاتە ١٠٠ ملیار یورو، بەوەش سەرمایە و پارەکەیان لە سەرووی پارەی کۆمپانیای فیاتە کە تایبەتە بەبەرهەمهێنانی ئۆتۆمۆبێل لە ئیتاڵیا، یان لە داهاتی مەحەلیی هەموو وڵاتی میسر زۆرترە.

بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (لا ریبولیکا)ی ئیتاڵیایی ژمارەی ئەو کۆمپانیایانەی سەرانە و پارە دەدەنە تۆڕەکانی مافیا دەگاتە سەد و شەست هەزار کۆمپانیا، کە بە چەندان شێوە و بەرنامە پارەیان لێ وەردەگرن، وەک سەرانە، ناچارکردن بۆ پارە پێدان لە کەسانی دەوڵەمەند و سەرمایەدارەکان، لەناوبردنی نەیار و ئۆپۆزسیونی سیاسییەکان بە پارە، بازرگانیکردن بە چەک، بازرگانیکردن بە مادە بێهۆشکەرەکان، کۆنترۆڵکردنی بازاڕەکان بۆ سەرفکردنی بەرهەمی کۆمپانیایەکان، ساختەکردن لە پێشبڕکێ و موزایەدەکان. ئەوانە ساڵانە پێنجسەد یۆرۆ لە بوتیکە گچکەکان و پێنج هەزار یۆرۆش لە کۆمپانیا گەورەکان وەردەگرن، خاوەنکارەکان لەو پارە و

سـەرانەیەدا دوودڵ نین، زۆریش ترسـیان هەیە، چونکە دەزانن مـافیـا بڕوای تەواوی بەو دەستەواژەیە هەیە کە دەڵێت: مردن کۆتاییی بەرگریکردنەکەیە.

کەسـانی سـەرمایەدار لە کـەرتی تایبـەتی کـاریان لە توێژینەوەیەک کردووە، تێیدا بۆیان دەرکەوتـووە کەوا کەرتی بازرگـانی سـاڵانە شـەست ملیـار یۆرۆ کە دەکـاتـە نزیکـەی شــەست ملیـۆن دۆلار لـە بوارەکــانـی پاراسـتن و قــەرزدانی گرانبەها و دزین و پارەی خـۆپاراسـتن سەرف دەکەن. لەو توێژینەوەیەدا دیارە کەوا هەشت ملیار یۆرۆ ڕاستەوخۆ دەچێتە ناو گیرفانی چەتەکانی ڕێکخراوی مـافیا، لەوانە سـەد و شەست هەزار بوتیک و کۆمپانیای گچکە لە بری گیـان پاراسـتن و ئاگـەداربـوون دەدەنە ئەو ڕێکخـراوەیە، بـەوەش دیارە کـەوا تـاوانی سیستەمکراو بەهەموو شێوەکان و لە ئەنجامی چالاکییەکانیـان لە خوارووی ئیتـاڵیادا بەتایبەتی لە دوورگـەی سیسـیلیا، ڕێکخراوەکە کۆششکاریشـە کەوا چالاکـییـەکـانی بەرەو باکـوری ئیـتـاڵـیاش ببـات، دیارە کـەوا ناچارکـردن بۆ ســەرانە دان، لە بـاکـوری وڵات هـەتا لەنـاو ڕۆمــاش دەگــاتە نزیکەی ١٠٪ ی چالاکییەکانیان.

مـافیا ماوەی سەد و پەنجـا ساڵە لە زێدی خۆی ماوەتەوە، بەڵام ئاسـتی کار و چالاکییەکـانیان بەرز و نزمیی بەخۆیەوە دیوە، دیارە کەوا ئەو ڕێکخراوە بە زیرەکی و لێهاتوویی خـۆیەوە هـەموو ئاستەنگ و گرفتەکانی تێ پەڕاندووە، لە هەرسێ سـیـسـتـەمـە سـیـاسـییـەکـەی فـەرمـانڕەوایـی وڵاتدا، لیـبـراڵـیـیـەکـان، فاشییەکان، کۆمارییەکان مافیا بەخۆڕاگری ماوەتەوە، ڕوویان بە هەزار شێوە و ئاکـار ڕاگـرتووە، وەک قــەوارەیەکی یەکگـرتووە خــۆیان نواندووە، مــافــیــا جیـهانییە هاوردە ڕووسـییەکە، ئـەلبانییەکە، چینییەکە، نایجیرییەکە و هەموو مافیاکان لـەناو خاکی ئیتـاڵیایی شـوێنیان دیارە و بوونیان هـەبووە. ئەگەرچی دەسـەڵاتداران کـۆششـیـان زۆر کـردووە بۆ دژایەتی و لەناوبردنی مـافـیا، بەڵام مــافــیــا هەر مــاوەتەوە، بەڵام بە لاوازی و ســســتـی نەک وەک قــەوارەیـەکی کــاریگـەری دژوار، تا ئـیــمــڕۆش ئەو ڕێکخــراوەیە لە چـەند شــوێنێکی ئەو جیهـانەدا بوونیـان هـەیە و کـار دەکەن، لەگـەڵ نەمـانی سنوور و کـەمبـوونەوەی

نێوانی شوێنەکان مافیای ئیتاڵیایی بەرەو زۆر پارچەی ئەو جیهانە پەڕیوەتەوە و کاریان کردووە و بوونیان هەیە.

***

سەرەتای سەرهەڵدانی مافیا بە چەندین جۆر دەگێڕنەوە، کەی پەیدابووە، ناوەکەی لە چ هاتووە، قسە و گفتوگۆ لەسەر ئەو مەسەلانە زۆرن، بەڵام ئەوەی هەموولایەک لەسەری کۆکن کەوا مافیا لە دوورگەی سیسلیاوە چەخماخەی یەکەمی داوە و بە کەسی کارکەر لەو بزاڤە بە زمانی لۆکالی مافیوز ناوی هاتووە، کە بە زمانی ئیتاڵی ماناکەی پیاوێکی ڕێزدارە. دوورگەی سیسلیا بەوە ناسراوە کەوا بە رووبەر لە هەموو دوورگەکانی دەریای ناوەڕاست گەورەترە و گەورەترین هەرێمیشە لە ئیتاڵیا. بالیرموی پایتەختی سیسلیا دەکەوێتە بەشی خۆرئاوای دوورگەکە، ماوەیەکیش عەرەبە موسلمانەکانی بە ناوی بالیرم حکومیان کردووە، پەیوەندییەکەش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی خەلیفەی ئەمەوی موعاویەی کوڕی ئەبی سفیان، چەندین جار عەرەب هێرشیان کردووتە سەر ئەو دوورگەیە، جوگرافیناسی عەرەب ئەلئدریسی لەسەر نەخشە بەناوبانگەکەی ناوی نووسیوە، یەکێک لە سیما ئیسلامییە عەرەبییەکە لەناو خەڵکە ماوە، لەوانە تۆڵەکردنەوە و ئینتیمابوونە بە بنەماڵە.

ئەو دوورگەیە هەر لەپاش داگیرکردنی عەرەبە موسلمانەکان لە سەدەی نۆیەمەوە بیر و بەرنامە و تەکنیکی مافیا لە ئارادابووە، ئەوەش لە سەردەمی داگیرکردنی فەرەنسییەکان هەتا داگیرکردنی ئەسپانییەکانیش لە سەدەی سێزدەهەمەوە چالاکییان هەبووە.

لەو رەوشە ئاڵۆزانە و لە رۆژانی داگیرکردندا کۆمەڵە خەڵکێک خۆیان دەکەنە بەرپرسی چەسپاندنی یاسا و داخوازی دادپەروەری دەکەن، کە داگیرکەرانیش چاو لەو دەستانە دەپۆشن، خەڵکەکەش بەدڵنیاییەوە سەیریان دەکەن، لە سەرەتا بە چالاکی و بەرنامەکانیان دڵخۆش و ئارام دەبن، بەتایبەتی خەڵکە داماوە هەژارەکە، کە زۆرینەی دانیشتووانی دوورگەکە دەبوون. چونکە ئەوان سەرەتاییەکانی شەرەف و بەهاکانی بنەماڵەیان بە

هەند وەرگـرتبـوو، چونكە كۆمـەڵگەی سیسلیـایی ئەو بنـەمـایانە بە پیـرۆزیی وەردەگرێت، ئەو دەسـتـانەش ئامـادەییـان هەبووە، مـافی خـەڵكە چەوسـاوەكـان وەردەگـرنەوە و چاوی زۆردارەكـان دەشكێنن، هەمـووشـیـان لە كـورلیـون و لە ناوەڕواستی دۆڵە سەوزەكان دامەزرابوون.

دەسـتـە چەكدارەكـان لەگـەڵ گـەشـەداربوونـی چالاكییـەكـانیـان دەسـەڵاتیـان بەسـەر چەند ناوچە دادەبێت، بەڵام پیاوەكانی ئەوانە دەسـتیـان لە جـووتیـارە لاسـارەكـان دەوەشـانـد و بۆ خـزمــەتی دەرەبەگـەكـان و خـاوەن مـوڵكەكـان جـووتیارەكـانیـان دەترساند، بـۆیەش دەربەگەكان ئەوانە بەكاردەهێنن، بەوەش خـۆیان باشـتـر ڕێكدەخـەن، بەوەش قـەوارەیـەكی چەسـپـاویان دەبێت و ناو لەخۆیان پێگەیان دەدەنێ.

كـوزانوسـترا پێش ئەوانە، دەسـتـەی بەكرێگیراو بە پارە تـاوانیان كـردووە و دەسـتدرێژییان كردووە، بەڵام مـافیا، بۆ هـەمـان مەبەست و بە هـەمان ئاراسـتە كـاریان كردووە، بەڵام چالاكییەكانیـان بەنهێنی بـووە، سـوودیان لە توێژەكەی خـوارەوەی كـۆمـەڵ بۆ دامـەزراندنی مـەملەكـەتەكـەیان بینیـووە، بـۆیەش لەگـەڵ دەركـــەوتنی ئامـانجـە سـەرەكـیـەكـانیـان و ئەو لایـەنی ئەوان خـزمـەتیـان كـردووە، خـۆشـەویسـتی و دڵنـەواییـەكـانی خـەڵكەكـە لەدەست دەدەن، چیتـر خـەڵكەكـە ریزیان ناگـرن و سـۆزەكـەیان بـۆیـان كـاڵ دەبێـتـەوە و لەبـەرامـبـەر ئەوەدا ڕق و نارەزاییان نیشاندەدەن.

ئەگـەرچـی مـافیـا هـەڵگری دروشـمـی یەككگرتنەوەی ئیتـاڵیـایان هەڵگرتبـوو، بەڵام كە لە مـاوەی هـەردوو جـەنگە جـیـهـانییـەكە كە حزبی فـاشی دەسـەڵات دەگرنە دەست، لەودەمـانـەی كە سـیلفـیـو برلوسكونیش سـەرۆك وەزیران بووە، ئەوان تەنهـا قسـەی ئەوەیان لەسـەر دەكرا كـەوا مافیا بەرژەوەندی تایبـەتییـان لەگەڵ دەسەڵاتدارانـدا هـەیە و كاركـەرن مافیای هـاوچەرخ سـازبكەن.

# کوزانوسترا

کـوزانوسـتـرا وشـەیەکی ئیـتـاڵیـیـە و مـانای ئەوەیە کەوا ئەوەیان مـەبەسـتی ئێمـەیە، یان ئـەوەیان کـاری ئێمـەیە، یان ئەوە تایبـەتە بە ئێمـە، ئەو دەسـتـە و گرووپە ناویان بە دوورگەی سیسلیاوە دەلکێت، لە ساڵانی ١٨٦٠ و ١٨٧٦ ناو دەردەکەن، لە سـاڵانی نێوان ١٨٧٦ هەتا ١٨٩٠ دەتوانن بگەنە ناو سیستەمی کۆمـەڵایەتی ئیـتـاڵی و پێگەیەکی دیاریان هەبێت. لە کـۆتاییـەکـانی سـەدەی نۆزدەهەم بنەمـاڵەکانی مافیا، دەبنە پاوەرێکی ئابووری سیاسـی کۆمـەڵایەتی دەسـەڵاتدار لـە خـۆرئاوای سـیـسلیـا، سـەرەتا تەنها کـاری پاراسـتنی خـەڵکە دەوڵەمــەندەکــان دەکــەن، لـە پارێزگــارییــەوە دەست دەکــەن بە هەڕەشــە و نارەحەتکردنی خەڵکی ناوچەکانی بالیرمو، بەتایبەتی لەناو کێڵگەکانی لیمۆ و پرتەقـاڵ. ژمـارەیەک لە ئەندامـانـی بنەمـاڵە ئورسـتـقـراتەکانیش دەگـەنە ناو ریزەکانی مافیا، چونکە لەودەمانە و لە سـەرەتای پەیدابوونی دەوڵەتی ئیتاڵی کۆمـەڵگەکە لەنێوان سیاسییەکان و خاوەن موڵکەکانەوە دابەش ببوو، بۆیەش گرووپەکـانی مافیا خـۆیان دەخزێنە نـاوەندییانـەوە و دەبێتـە داینەمـۆی زۆر لە کەسانی پایەداری ناو حکومەت و کار و بازارەکان.

گۆڕانە سیاسییـەکان، رووداوەکانی مێژووییـەکانی ناوچەکە، تەنگژەکـانی سـەرەتای سـەدەی بیسـتـەم لە وڵاتی ئیـتاڵیا و هەڵوێسـتی ئیشـتـراکییـەکان پاشان فـاشییە ئیتاڵییـەکان، هاتنی چەتەکان کە دەسەڵاتیان لەنێوان ساڵانی ١٨٩٣ هـەتا ١٩٤٣ راسـتـەوخـۆ و ناراسـتـەوخـۆ بەزۆر دەگرتـە دەست، ئەوانە هـەمـوو فاکتـەربوون بۆ بـاڵاکردن و سـسـتبـوونی گـرووپەکـانی مافیا. قـەمیسـە رەشلەبەرەکانی هەوادارانی سەرکردەی فاشی بینیتو مۆسۆلینی کاریگەرییان زۆر بوو ئـەندامــانی گــرووپەکــانی مــافـیــا بتــرســێن، بۆیە رەوە رەوە بەرەو ئەمریکای باکوور لە ساڵانی ١٩٠٥ هەتا ١٩٤١ بار بکەن و لە دوورگەکە و لە ئیـتـاڵیـان رابکەن، چونکە مـافـیـاییـەکـان زۆر بـەدەست ئەو چەتانـە ئازاریان دەچێشت و دەکەوتنە زیندانەوە، لە سـەردەمی مـۆسـۆلینی زۆریان دەگـیـران و

دادگایی دەکران و سزای توندیان لەسەر دەچەسپاندن.

مۆسۆلینی لە مانگی ئەیاری ساڵی ١٩٢٤ بۆ رووبەرووبونەوەی مافیا و خۆدەرهێنان و بەنیازی یەکگرتنەوەی ئیتاڵیا سەردانی دوورگەی سیسلیا دەکات، یەکگرتنەوەی وڵاتەکە زەبرێکی کوشندە بوو بەر مافیا کەوت، بۆ دەسەڵاتیش سەرمایە و شانازییەکی مەزن بوو. بە فەرمانی سەرووی فاشییەکان ئازادی درابووە دەستی پۆلاینی سیزار ماوری بۆ ملکەچکردنی پیاوەکانی مافیا، بۆ ئەو مەبەستەش و بۆ سەرکەوتنی بەرنامەکە لەبەر رۆشنایی کارنامەی (لەناوبردنی مافیا دەستی پۆلاین و هێزی توندی دەوێت)، ئەوە و لەگەڵ پرسەی (ریتاتا) واتە پرۆسەی لەناوبردن و پاکردنەوەی دوورگەی سیسلیا لە پیاوانی مافیا لە مانگی ینایری ساڵی ١٩٢٦ نەبەردییە گەورەکەی ناوچەی مادونیای شاخاویی لە شارۆچکە و زێدی مافیاییەکان بە گەمارۆدانێکی توند دەست پێدەکات. لەو پرۆسەیەدا هەموو خزم و کەسی پیاوەکانی مافیا دەستگیر کران، لە ئاکامی ئازار و ئەشکەنجەدانیان ناچار دەکران ئاوی سوێر بخۆنەوە، زۆریش ئازار دەدران تا دان بە تاوانەکانیان دابنێن. لەو پرۆسەیەدا ژمارەی گیراوەکانی هەڵمەتەکەی ئەو دوورگەیە گەیشتە یازدە هەزار کەس، گرتن و ئەشکەنجەدانانی ئەو هەڵمەتە گەیشتووتە ئاستە بەرزەکانی سەرووی پیاوانی مافیا.

هەڵمەتی گرتنی پیاوانی مافیا بە سەرپەرشتی و لەسەر داوای مۆسۆلینی بووە سەردێری هەواڵەکانی جیهان، بۆیەش رۆژنامەی (تایمز) پێشوازی گەرمی لەو هیرشە دڕندانەیە کردبوو، کە دەکرایە سەر کەسانی مافیا و لەناو مۆڵگەکانیانەوە دەگیران. لە میدیا جیهانییەکان و لۆکالییەکان ئاماژە بەوە درابوو کەوا بەو هەڵمەتە مافیا بنبڕ بوون و لەو رۆژەوە سیسلیایەکی نوێ دروست دەبێتەوە. بەڵام بەو هەڵمەتە مافیا بنبڕ نەبوو، زۆریان کەوتنە زیندانەکان، زۆریشیان لە گوندە دوورەدەستەکانی ناو شاخەکان خۆیان حەشاردا و ژمارەیەکیان بەرەو ئەمریکا دەربازیان بوو. لە ماوەی یەک ساڵدا یەک ملیۆن کەس لەو دوورگەیە بەرەو ئەمریکا کۆچیان کرد، تا لەوێ بەرەو

ئاسۆی ژیانێکی نوێ دەستبەکار بن، دیارە کەوا هەندێک لە ئەندامانی مافیاش لەو کۆچکردنە بیریان لەوە کردووتەوە دەستەی تاوان و چەتەگەری بدۆزنەوە تا لەوێ ببنە ئەندام، لەوانە جۆزیف بونانو کە بە جو باناناز دەناسرا، کە هیوای وا بوو، بتوانێت ببێتە سەرپەرشتیاری لقی مافیا لە ئەمریکا. لە رۆژی ١٠ ی مانگی یونیۆی ساڵی ١٩٤٠ ئیتاڵیا بڕیار دەدات بەشدار جەنگی دووەمی جیهان بکات، کە تێدا مۆسۆلینی دەشکێت و قسەی واش هەبووە کەوا یەکێک لەو هۆکارانەی پاڵی بە ئیتاڵیا وەنابوو بەشداری ئەو جەنگە بکات دەستەکانی مافیابووە.

لە رۆژی ٢٩ ی مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٤٣ رابوونێکی مافیا دوورگەی سیسلیای هەژاند، ئەوەش کاریگەری زۆری لەسەر ژیان و رەوشی دوورگەکە دانا، بۆیەش شەقامەکان فەوزاییەکی بەخۆیەوە دەبینێت، سەربازەکان بەناو شەقامەکانی باليرموی پایتەخت وەردەبن، خەڵکەکە بەتایبەتی قازی و دەسەڵاتدارانی شارەکە و سیاسییەکان لە ترسی تۆڵەکردنەوەی چەتەکانی مافیا خۆیان دەشاردەوە، چونکە ئەوان دوودڵ نەبوون و بەبێ دەستپاراستن هەزارەها کەسیان کوشتبوو، خەڵکی ئەو دوورگەیە ببوونە قوربانی رەوشەکە و زیانی گیانی زۆریان لە رۆژانی جەنگی دووەمی جیهانی بەرکەوتبوو، بۆیەش پیاوانی مافیا زۆر بێ منەتانە داوای پارە و سەرانەی زۆریان کردووە تا گیانی خەڵکەکە بپارێزین و پارێزگارییان بکەن، بەوەش پەیوەندییەکی ئاشکرا لەنێوان سیاسەتمەداران و مافیا بەدی دەکردا، لە رۆژانەی جەنگەکەش دیاربوو، باشیش دەزانرا کەوا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەنهێنی لەگەڵ گرووپەکانی مافیا رێکەوتنیان هەیە.

لە کۆتایی جەنگەکە هێزەکانی ئەمریکا لەو دوورگەیە زۆر لە ئەندامە ترسناکانی مافیایان لە گرتووخانەکان ئازاد دەکەن، پاش ئەوەی خۆیان باش ساز دەکەنەوە، ئەوان وەک سەیران و نیگاکردن چاو لە کار و چالاکییەکانیان مافیا بەرووی خەڵکەکە دەکەن. بەدرێژایی دوو سەدەی رابردوو دەسەڵاتی مافیا لە ئیتاڵیا و ئەمریکا زۆر دەبێت، دەتوانن باش بچنە ناو لایەنە

سیاسییەکان، دەسەڵاتی ورد و کۆنترۆڵی چاک لەسەر دوورگەی سیسلیا بکەن، توانیان ژمارەیەکی زۆر لە پیاوانی پۆلیس بکڕن، قازییەکان دەستەمۆ بکەن، تەنها بەناوهاتنی مافیا خەڵکەکە ترسیان لێ دەنیشت، چونکە دەسەڵات و هێزیان بە مەزنییەوە دیاربوو.

## شەڕە گەورەکانی مافیا

مافیا شەڕی بەردەوامی لەگەڵ حکومەت هەبوو، ئەوە و بەردەوامیش لەنێوان گرووپەکانی خۆشیاندا شەڕ و ململانێیان گەرمبوو، لە ساڵانی نێوان ١٩٦٣ هەتا ١٩٦٩، شەڕیان هەبووە و شەڕی دژواری دووەمیشیان لەنێوان ساڵانی ١٩٧٠ هەتا ١٩٨٠ بەردەوام بووە، تا لە مانگی مارسی ساڵی ١٩٨١ شەڕە گەورەکەی سیسلیا دەقەومێت، کە شەڕێکی بێرەحمانەی دژوار و خوێناوی بوو، کە شەڕەکە دوو ساڵی دەخایەنێت، تێدا سەدان کەس دەبنە قوربانی شەڕەکە، بەوەش مافیا ناکۆکی زۆری دەکەوێتە ناو و دەبنە چەندین پارچە و گرووپی ناکۆک، لەوانە دەستەی پێشەوای مافیای ناودار لوسیانو لیجیو.

لەگەڵ ئەو شەڕ و ناکۆکییەکان گرووپەکانی مافیا دزییش لەیەکتری دەکەن، سەرکردەیەکیان بە ناوی ستیفاتور ئانزیریللوی هاوڕێیان ملیۆنەها دۆلار لە گەنجینە گشتییەکەی مافیا دەدزێت، ئەو پارەیەش دەسکەوتی فرۆشتن و دروستکردنی مادەی هێروین بووە، کە پاش سازکردنی رەوانەی ئەمریکا و چەند وڵاتی تریان کردبوو. ئەوان لەناو ئیتاڵیا زۆرتر لە پازدە پاڵاوگەی سازکردنی هێروینیان هەبوو، یەکێک لەو کارگانە لە شاری بالیرمۆی پایتەختی و لە بەرامبەر کەنارەکانی دەریا بوو، کە هەر دە رۆژ جارێک پەنجا کیلۆیان بەرهەم دەهێنا. ئەو کارگانە ساڵانە چەندین تۆن مادەی بێهۆشکەریان بەرهەم دەهێنا، پارەکەشیان لە نێوان دەستەکەی لوسیانو لیجیو و دەستەکی ستیفانو بونتاتی بەشکردووە، ئەو دوو دەستەیەش باڵێکی سەرەکی مافیایان لە سیسلیا پێکدەهێنا. ئەو دوو دەستە تۆڕە تەقلیدییە ئاساییە کۆنەکەی سیسلیابوون و لەناو نیویۆرکیش پێگە و رەگوریشە

داکوتراویان هەبوو.

ئەوان بە بونتاتیی سەرکردەیان دەووت، ئەمیر یان سەرکردەی باڵا، ئەنزیریللوی هاوڕێشی کەسێکی سەنتەرالی مافیابوو لە سیسلیا، چونکە ئەو دەسەڵاتی تەواوی بەسەر بازاڕەکانی مافیادا هەبوو، بەوەش ئەو دوو کەسە بەوەیان دەسەڵاتیان بە سەر بازاڕی جیهانی مافیای سیسلیایی هەبوو، چونکە ئەوان لقیان لە ئەمریکای باکوور و کەندا و ئەمریکای باشوور و هەموو جیهان هەبوو. سەرۆکایەتی مافیا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان ئەو دوو باڵە ناکۆکەکە داوای کۆبوونەوەیەکی لووتکەییان کردبوو، بەڵام بونتاتی بیری لە لەناوبردنی نەیارەکەی دەکردەوە نەک دانوستانی لەگەڵدا بکات، بەتایبەتی لەو کۆبوونەوەی بڕیاربوو بۆ ئاشتبوونەوەیان سازدەکرا، بەڵام دیارە کەوا بەختیار نەبوو، چونکە بەرامبەرەکەی ئازاتر و خێراتر بوو، دەستی خۆیان پێش دەخەن و ئەو زووتر لەناودەبەن، چونکە ئەو پیش چەند مانگێک لەو دیمانە دەکەوێتە ناو کەمینێک کە تێدا لەوێ دەکوژرێت، لەودەمانەش بوو کە لە رۆژی ٢ ی مانگی ئەپریل لە ساڵی ١٩٨١ لە ڤیلاکەی خۆی خەریکی ئاهەنگی ساڵرۆژی بوونی خۆی بوو، ئەگەرچی ڤیلا نوێیەکانی ئەو هەموو جۆرە ئامێرەکانی ئاگادارکردنەوەی وریا و سازی تێدا بوو.

بونتاتی لەدوای تەواوبوونی ئاهەنگەکەی سوار دەبێت بۆ ئەوەی بچێتە خانووە گوندییەکەی، بەڵام لەناو ئوتومبێلێکی تەنیشتییەوە لەکاتی وەستانی لە ترافیکی سوورەوە تەقەیان لێ کردبوو، بەو تەقانە دەستەی لیجیو بە دەستڕێژی گوللەی ریزی کلاشینکۆف دەیکوژن، وای لێدەدەن سەری لە جەستەی جیادەکەنەوە، زۆر بە هۆڤیانە و بە دڕندەیی دەیکوژن، ئەو هەرگیز بڕوای نەدەکرد ئەنزیریللو لیجیوی هاوڕێی بیکوژێت، چونکە ئەو دە ملیۆن دۆلاری ئەو قەرزاربوو، وایدەزانی تا پارەکەی وەرنەگرێتەوە دەستی لێ ناوەشێنێت، بەڵام دیارە لەو بیرکردنەوەیەدا هەڵە بووە. لەو تەقەوە و لە کوشتنی ئەو سەرکردەیە دیارەی مافیا بە دەستی هاوڕێیەکانی شەڕی ناوخۆیی نێوان باڵ و گرووپەکانی مافیا دەست پێدەکات، دەرئەنجام لەو

شەڕانەدا ژمارەی قوربانییەکانی ناو ریزەکانی مافیا دەگاتە نزیکەی هەزار کەس. کوشتن و پەلاماردانەکان نێوانیان دەگاتە ناو هەموو سیسلیا بەتایبەتی شاری بالیرمو، لەوێشەوە دەگاتە ئەوروپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هەتا پرووشکی ئاگرەکان گەیشتبووە ئەمریکای باشووریش. رۆژانە پۆلیسی ئیتالی لەسەر شەقامەکان، یان لە حەوشەکانی پشتەوەی ماڵەکان تەرمی کوژراوی ئەندامانی مافیای هەڵدەگرتەوە.

لە دەستەی ئەنزیریللو بیست و یەک سەرکردەی دەکوژرێن، تا کوڕەکەشی نەتوانێت تۆڵەی باوکی بکاتەوە، هەردوو دەستی دەبڕن، ئەگەرچی تەمەنی ئەو کوڕە هێشتا نەگەیشتبووە پازدە ساڵ، پاشان دەکوژرێت، هەروەها دەستی کوشتن دەگاتە مامی ئەو کوڕەش کە لە لۆس ئەنجلوس دەژیا ئەویش دەکوژن، لەدوای ئەوەش هەموو ئەندامەکانی خێزانەکانی دەکوژن، تا کەس نەتوانێت تۆڵەی کوژراوەکانیان بکەنەوە. سینەماش لەو کردەوە و کوشتنە خوێناوییەکان سیناریۆ و دیمەن وەردەگرن، تا فیلمەکانیان زۆرتر بینەرەکانیان بورووژێنن.

## سیسلیای ئیمڕۆ

لە ساڵەکانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو لە ئەنجامی شەڕەکانی سەد ساڵی رابردوو ژمارەیەکی زۆر بوونە قوربانی چالاکی و ململانێیەکانی مافیا لە سەر کەڤری دوورگەی سیسلیا، زۆریش لەو سەرکردانە گیران و دەستبەسەر سامانەکانیاندا گیرا، بەوەش دەسەڵات و پاوەریان کەم دەبێتەوە، تەنها لە ناو بالیرموی پایتەختی سیسلیا دەستبەسەر ١٧٠٠ باڵەخانەی مافیاکان داگیرا، بنکەی قەلاچۆکردنی مافیا لە ماوەی پازدە مانگدا توانی سامانەکانیان کە بەهاکەی دەگەیشتە یەک ملیار و شەش سەد ملیۆن یورو کۆنترۆڵ بکات، ئەوەش سەرمایە و پارە و کۆمپانیاکانی دروستکردن بوون. بەپێی لێکۆڵینەوەکان توانرا خاوەنی کۆمپانیای زومو بدۆزنەوە و دەستگیری بکەن، هەروەها بانکمانی سویسری نیکولا باربیتی لەگەڵ کوڕەکەی، کە توانیبوویان

سـێـزده ملیـۆن یورویان له بـانکی بـاهامس بشـارنەوه، زووتر حکومـەت له سیسلیا ماوەیەک بوو لەو برە پارەیە دەگەڕا تا زەفتی بکات.

نووسـەری ئیـتـاڵی نیکولا ترانفـالیـای نووسـەری کـتـێبی (بۆ مـافـیـا سەردەکەوت؟) که لەوماوەیه دەرچووه، نووسیویەتی کەوا ناکرێ مامەله لەگەڵ مافیا لەو ماوەیەدا بکرێت، به چاوی یەک کالاش سەیری بکرێت، چونکه تەنها یەک مافیا نییه، مافیاکان زۆرن، لەوانه مافیا ناسراوە کۆنەکەی ئیتاڵیا، مافیا هاوردە جیهانییەکه، رووسییەکه، ئەلبانییەکه، چینییەکه، نایجیرییەکه، چەندین مـافـیـای تر هەیه و مـاون و لەسـەر خـاکی ئیـتـاڵی رەگـوریشـەیان داکوتاوه و لەگـەڵ گـرووپ و دەسـتـه تـاوانکارەکـاندا تۆڕی زۆریان چنیـوه و ئاوێتەبوون.

ترانفاليا بواری سەرکەوتن و دەربـازبوونی گرووپەکانی مافیا دەخـاته سەر ئەسـتۆی کۆمەڵگای ئیتاڵی، چونکه پێش ئەوەی لەگەڵ ئەو رەوشـه و لەناو ئەو بوارەدا بژین و سازبن، ئەو بنچینەکانی گەشەسـەندن و چالاکییەکانیان بۆ سازدەکەن و دەستیان بۆ تاوان و مەترسییەکان دەبەنە پیش و فێریان دەکەن.

هەمـوو کـەسـێک جیـوفـانـی فـالکون و باولو بورسیلینویان لەبیره، ئەو دوو قـازییـه دادپەروەری بۆ سـەرکـەوتنی راسـتی و دادپەروەری بـوونه قـوربـانی و گیانیـان لەدەسـتدا، ئەوان دڵسۆزی کـاری سەرشـان و یاسـاکـانی بوون، ئەوان زۆر به دڵسۆزییەوه سۆراخی تاوانەکـانی مافیایان دەکرد. لەبەرئەوەی هـەردوو قـازییـەکـه خـەڵکی ناوچەکه بوون، باش له کـۆمـەڵگەکه شـارەزابوون، بۆیەش سەرکەوتنیان بەدەست دەهێنا، دەرئەنجام هـەردووکیان به دەستی چەتـەکانی مـافـیـا لـه سـاڵی ١٩٩٣ کوژران، بورسـیلینو به تەقینەوەی نارنجـۆکێک لەناو ئۆتومـبێلەکـەی کـوژرا، قـازی دووەمـیش فـالکۆن له ئـاکـانـی تەقینەوەی مـینێک لەسەر رێگای دەوڵی خێرا گیانی لەدەست دەدات.

لەو رۆژانه چەته و چالاکـیـیـەکـانی مـافـیـا وەک زەمـانـی جـاران سـامناک نەماوه، بەڵام هێشتا لەسـەر پێی خۆیاندا مـاون و نەشکاون، له کۆلۆمبیا و له ئەورووپای خـۆرهـەڵات کـار له بـواری مـادەی بێـهـۆشکەر دەکـەن، لەنـاو کـۆمـاره

کۆنەکانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران چالاکن، بۆیەش کوزا نوسترا لەو ڕۆژانە تەنها لە لاپەڕەکانی مێژووی مافیا ناویان ماوە و پیاوەکانیان لە پلەی خوارەوەن، ترسیان نەماوە و چالاکییەکانیان سنووردارە.

## پیاوەکان سەری سەرۆکەکەیان دەبڕن

لەبەر خراپی باری گوزەرانی خەڵکی دوورگەی سیسلیا زۆر لە ئەندامانی مافیا بەرەو ئەمریکا کۆچ دەکەن، لەوێ مافیای نوێی ئەمریکی بە ناوی کوزانوسترای ئەمریکی دادەمەزرێنن، ئەوەش لەگەڵ ڕۆژە سەرەتاییەکانی سەرهەڵدانی جەنگی یەکەمی جیهانی لە ساڵی ١٩٤١ بووە، کە مۆسۆلینی دەستی پۆلاینی لەو گرووپە و خەڵکی دوورگەکە دەوەشێنێت، یەک لەسەر چواری دانیشتووانی دوورگەکە بەرەو ئەمریکا سەرهەڵدەگرن.

لەناو بەڵگەنامە پارێزراوە ئەمریکییەکان و بۆ یەکەمین جار ناوهێنان و ناسینی وشەی مافیا دیارە، کە وشەی مافیا یان کوزانوسترا لەو کیشوەرە نوێیەدا بۆ یەکەمجار لەساڵی ١٨٩١ بووە، کە تێدا ئاگاداری لایەنە یاساییە ڕەسمییەکان بە پەیدابوونی ئەو ناوە کراوەتەوە، لەو ساڵەدا یازدە کەس بەبێ هیچ پرۆسەیەکی دادگایی کردن کوژراون، تاوانی ئەوەیان خراوەتە پاڵ ئەوانەی پێشتر تاوانی کوشتنیان ئەنجامداوە.

لەپاش دەرچوونی یاساکانی ئاگادارکردنەوە و قاچاغی لە بیستەکانی سەدەی بیستەم، ئەمریکییە بەرەگەز ئیتاڵییەکان دەسەڵاتیان بەسەر تاوانکارییە بەسیستەمەکان دا شکاوە، بە کۆچکردنی ئیتاڵییەکان بۆ ئەو کیشوەرە و لە سەرەتای سەدەی بیستەم نەوەکانی کوزانوسترا تۆڕی مافیایان داناوە، ئەو کۆچبەرە نوێیانە بواریان بۆ دەرخسێت کەوا داهێنان و بناغەی گەشەسەندن دابنێن، پیاوانی سیسلیا لەسەر کەنارەکانی ئەو وڵاتە بارگەی تۆڕ و بەرنامەی تاوانەکانیان دادەڕێژن، خەریکی دۆزینەوەی کارە تاوانکارەکانیان دەبن، لەناو کەلاوە و پاشماوەکانی تاوانی سازکراوە لەو

دەڤەرە نوێیەدا، کە شەوانی وڵاتەکەیان کردبووە دۆزەخ. پلانەکانی مافیا بەئاسانی لەناو خەڵکە کۆچبەرە نوێیەکە بەئاسانی تۆڕی خەونی ئازادی و سەرمایە دەستەبەر دەکەن، بۆیەش ڕێکخراوە تاوانکارە نهێنییەکان ناوچەکانیان دابەشدەکەن، لەسەر ئەو کۆچبەرانەی سەرانەی پاراستن و چاودێرییان لێ وەردەگرن، بە شێوەیەکی نارەسمی باجی پاراستنیان لێ دەستێنن. یەکەمین ڕێکخراوی مافیوزایی لە ولایەتە یەکگرتووەکان بە ناوی دەستە ڕەشەکە ساز دەبێت، لە ویلایەتەکانی نیو ئورلیانز و نیویورک بە ئیمزای دەستی ڕەش نامە و هەڕەشە ئاراستەی خەڵکەکە دەکەن، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی بەرەچەڵەک ئیتاڵین، ناوەڕۆکی نامەکان بریتی بوون لەوەی ئەگەر پارە نەدەن، دەمرن، دەیاننووسی (تکایە ئەوەندە پارەیە بدە تا ژیانت سەلامەت بێت... پارە بدە ئەگەر کەمێک بایەخ بە ژیانی خۆت دەدەیت).

سەرەتا سیسلیاییەکانی ناو ئەمریکا لقی مافیایان لە ئەمریکا دەکەنەوە، لەبەرئەوەی کار و چالاکییەکانی زۆر بەنهێنی بوون، بۆیە مافیای سیسلیایی لە هەموو مافیاکانی تر دژوارتر و ترسناکتر بوون، چونکە ڕەوشی ئەوان لە وڵات و لەبەر توندکاری مۆسۆلینی و ڕۆژانەی دژواری جەنگی دووەم شەڕەکان و شکستە گەورەکەی ئیتاڵیا باش لە کارە نهێنییەکان و توندوتیژییەکان ڕاهاتبوون، بۆیەش مافیای ئیتاڵیا جۆرێک لە تایبەتمەندییان هێنابووە ئەمریکا، کارەکانی جۆرێک لە نوێکاریی بەو بزاڤە دابوو، وەک:

دیسپلین و ڕێکخستن، ڕێزگرتنی ڕێنماییەکان، ئەوەش بڕیاری تاکەکەسی قەدەغەکردبوو، کەسیان بۆیان نەبوو بنەماڵەیەک یان هەر تاکێک رووت بکەنەوە، یان بیکوژن، ئەگەر پرس بە سەرکردایەتییان نەکەن، هەر ئەوانیش بوون دەستە و گرووپەکانیان لە مەترسییەکانی ئاشکرابوون دەپاراست، بەوەش دەستەکانیان زۆرتر کارامە و چالاکتر کاریان دەکرد، بەوەیان یەکرێزی و پتەویی بنەماڵەکانیان دادەڕشت، یەکێک لە دیارترین مەرجی بەشداربوون و بوونە ئەندام لە گرووپەکانی مافیا، ئەوەبوو کەوا کەسی مافیوز ئامادەیی هەبێت هەتا مردن ڕێزی بنەماڵەکە بگرێت، لە نیشانەشکێنی کارامە

و دەســتــراست بێت، لە هەمــووش گــرینگی تر بۆ بــوونە ئەندام، کــەســەکــە دەبووایە بەرەچەڵەک ئیتاڵی بێت.

## لە دوورگەیەکەوە بۆ دوورگەیەکی تر

چەتەکــانی مــافــیــای ســیــسلیــایی لە ویلایەتی نیــو ئۆرلیــانز دەســتــیــان بە چالاکییەکانیان کردبوو، پاشان دەستەیەکیان بەرەو دوورگەی نیۆیۆرک یان سێوە گەورەکە رۆیشتن، بەوەش گەڕانەوە ناو خەونی دوورگە کۆنەکەی خۆیان، لەوێ لەنێوان دوو بنەماڵەی گەورەی ئەو دەستەیە کە بە بنەماڵەی ماریسا و بنەمــاڵەی مــارانزانو دەناســران، لە ســاڵی ١٩١٣ شــەڕ دەست پێدەکات، کــە ژمارەی چەکدار و پیاوەکانی هەر یەک لەو دوو بنەماڵەیە دەگەیشتە پێنج سەد کەس، لەو شارەدا دوو ئەستێرەی دڕندەی وەک فیتو جینو فیزی و تشارکز لاکی لوتشیانو لە پشتەوەی پەردەکانەوە ناو دەردەکەن، کە لە ساڵی ١٩٢١ ئەوانە دەچنە ناو بنەماڵەی ماریسا و لە شەڕەکان لایەنگیری ئەوان دەکەن، شەڕەکە دژوارتر دەبێت، ماوەیەکی دووردرێژ بەردەوام دەبێت و چەندین ساڵ دەخایێنێت، ناویان لەو شەڕەش ناوبوو، شەڕی کاستا لا ماریس، ئەوەش ناوی ئەو گوندەییە کە بنەماڵەکەی لاماریسا لە ئیتاڵیا تێدا پەروەردە ببوو، پاش شــەڕ و کوشــتــارێکی زۆر، هەمــوولایەک هیــوایان بۆ ئاشــتــبــوونەوە نەمــابوو، کۆشش زۆر دەکرا دەسەڵاتەکە دابەش بکەن، ناوچەکانیان دیار بکەن، بەڵام سوودی نەبوو، بۆیەش ژمارەی قوربانییەکان گەیشتبووە سەدان کوژراو و بریندار، مــاریســا بە هیچ دیالۆگــێکی ئاشــتی رازی نابێت، بۆیە هەردوو ئەفسەر جینو فیزی و لوتشیانو وادەزانن باشترین رێگە بۆ نەهێشتنی ئەو شەڕ و کوشتارە ناوخۆییە وا باشە سەرکردەکەیان بکوژن، بەوەش کۆتایی بە ناکۆکییەکان دێت، چیتر خوێنی هەردوولا بەفیرۆ ناڕوات، چونکە باش دەزانن لاسارییەکە هەموو لەلایەن سەرکردەکەی ئەوانە و هەر ئەوە کە ئاشتی ناکات و بە خوێن رشتن دڵی ئاو دەخواتەوە.

لەودەمانەی مارسیا نانی نیوەڕۆی لە رێستورانتێکی نیویۆرک دەخوارد، بە

دەسـتـرێـژێکی خـەسـتی گـوللە دەکـوژرێت، بـەوەش فـیـزی دەبـێـتـە پـێشـەوا و سـەرکـردەی بنەماڵەکـەی مـافـیـا و لوتشـیـانو دەبـێـتـە یاریدەر، پاشـان لەگـەڵ مـارانزانـو دەکـەوێتـە دیالۆگ لـە مـانگی ئەپریلی سـاڵی ١٩٣١ لە نـاوەڕاسـتی نیـویۆرک بـە ئامـادەبوونی سێ سـەد سـەرۆک و یاریدەر و راوێژکـار بـەرنامـەی هـاوبەشی کـوزانوسـترا دادەرێژین، کە سیمـا و مۆرکی ئیـتـاڵییـەکـەی پێوە بمینێت، بە مـەرجـێک زمـانـی رەسـمـیـیـان زمـانـی ئیـتـاڵی بێت، هەمـوو ئامـادەبووانـی لەو کـۆڕە ئاشـتـەواییـەدا بەڵێن دەدەن کـۆشـش بکەن بۆ سـەرکـەوتنی بەرنامـەی کوزانوسـترا، لەوێش بڕیار دەدەن بازرگانی بە مـادەی بێـهـۆشکـەر نـەکـەن، چونکـە سـامـانـەکـەیان بەشـی خـۆیان دەکـات، بەڵام دیارە پاشـان بازرگـانی بەو مـادەیە دەبێتـە سـەرچاوەی سـەرەکی داهـاتی مـافیـا لە ئەمـریکا و بەوەش زۆر دەوڵـەمـەند دەبن، لـەوێش سلفـاتور مـارانـزانو داوا لە هـەموولایەک دەکـات، ئەو وەک کابوی هـەمـوو بنەماڵەکـانی مـافیـای نـاو ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا هەڵبژێرن.

بەڵام پاش تـێـپـەڕبـوونی مـاوەیەکی کـەم بۆ هـەمـوویان دەردەکـەوێت کـەوا مـارانزانـو دەیەوێ ببـێـتـە قـەیسـەرێکی نوێ، کـۆشـش دەکـات و بەرنامـە دادەرێژێت هـەمـوو نـەیارەکـانی لەناو ببـات، دیارە ئەوەش لـەلایەن فـیـزی و لوتشیانو قبـوول نەبوو، بۆیەش لە مانگی سپتەمبەری ساڵی ١٩٣١ پێنج کەس بە جلی پۆلیـسی لە نووسـینگەکـەی لێ دەچنە ژوورەوە و بە پێنج گـوللە دەیکوژن، کە پۆلیس لێکۆڵینەوە کە رووداوەکە دەکات دەردەچێت کەوا فیزی و لوتشـیـانو لە دەرەوەی نیـویۆرک بوون، بۆیە هیچ دەسـەڵاتیـان بەسـەریاندا ناشکێت، بەو رووداوە خـوێناوییـە بیـرۆکەی سـەرۆکی سـەرکردەکان نامینێت، دووبارە بنەماڵەکان نەخشـەی دابەشبوونەکانیان دادەرێژنەوە و دەکەونە سەر کارە ئازادەکانی خۆیانەوە.

پاش کـوشتنی مـارنزانو، فیـزی سـەرۆکایەتی مافیـای نیویۆرک وەردەگرێت، ئەو وەک سـیـاسـەتمەدارێک دەنـاسـرا نەک وەک کـەسـێکی تاوانبـاری ناو بنەمـاڵەکانی مـافیا، لەگەڵ هـاوڕێ و هـاوکارەکـەی لوتشیـانو بە کاری گچکە و

چالاکی سـاده رازی نەبوون، بۆیەش بەیەکەوە کۆشـشیـان دەکرد پێگەیەکی سـیـاسـی و دەسـەڵاتی ئابووری پتـەو لەسـەر ئاسـتی هەمـوو ولایەتە یەکگرتووەکـان و بـازاری ئیـتـاڵی دابرێژن، بـۆیەش دەسـتـیـان کـردبوو بە رێکخستنەوەی کارەکانیـان و ئیشیـان بۆ ئەوە کـردبوو چالاکییەکانیـان بەرەو بەشـەرعـیـبـوون ببـەن، یـان لە پشت پەردەوە کـاریـان بەو ئاراسـتـە کـردووە، بەوەش مـافیـا لە رێکخراوێکی چەتەگـەریی ناکۆک و شـەڕکەر جیـهـانی دەبێتە رێکخراوێکی جیـهـانی بەشـدار لە بۆرسـەکـانی جیـهـان و بـازاری بانکەکـان و خاوەن بڕیاری چەسپاو. بە تاوانی خۆدزینەوە لە دانی باج مارنزانو لە مانگی یولیـۆی سـاڵی ١٩٥٨ دەگـیـرێت و پـازدە سـاڵ حـوکمی زینـدانـی بۆ دەبڕێتـەوە، لەوێشـەوە و بە شـێوەیەکی نموونەیی رێکخـراوەکە بـەڕێوە دەبات تا لە مـانگی فـبـرایری سـاڵی ١٩٦٩ کـۆچی دوایی دەکـات و لەسـەر داوای خـۆی لە ویلایەتی نیوجـرسـی دەنێژرێت، کە لەوێ کـۆشـکێکی گـەورە و نازداری بۆ دوا سـاتەکـانی ژیانی دروستکردبوو، سامانەکەشی بە سێ ملیار دۆلاریش مەزندە دەکرا.

## سەرکردە یاخییەکە

لەبەر چەندین ئەگەر و فاکتەر مافیـای ئەمریکی پەیوەندی بە چەندین کۆمەڵە و دەوڵەمـەندەکـانی جـوولەکـە دەکـەن، ئەو پەیوەندییـەش لـە رۆژانەی جـەنگی یەکەمی جیـهـانییدا بەردەوام دەبێت، تا پەیمانی بلفۆر بۆ دامـەزراندنی دەوڵەتی ئیـسـرائیل دەردەچێت. چەندین بەڵگە و سـەرچاوەی باوەڕپێکراو هەیە کـەوا کەسێکی خوێنرێژی جوولەکەی وەک مـایر لانسکی شوێن پەنجە و سیمای ئەو بەسەر مافیای نوێدا هەبووە، کە کۆششکار بووە بۆ پەیداکردنی زۆرترین پارە و سـامان و پاوەر و خشـین بەرەو چەندین دەڤـەر و ناوچەی تری ئەو جیـهـانە، بۆ ئەوەش قـوربانی زۆریانداوە و گـوێیـان لەو قـوربـانیـیـانە نەبووە، سـەرەتای تەواوی پەیدابوون و نـاسـینی مـافیـا لە ئەمـریکا دەگـەڕێتـەوە سـاڵی ١٩٣١ کـە تشارلز لاکی لوتشیانو بە هاوکاری و رێنمایی کۆنە هاوڕێی سەردەمی مناڵی مـایر لانسکی جـوولەکـە و دەسـتـەیەک لە پیـاوەکـانـی دەکـەونە کـارکـردن و

چالاکی. لوتشیانو تەنگی بە سەرکردە کۆنەکانی مافیای سیسلیا دەهێنێت، کۆشش دەکات دابونەریت و ڕێورەسمە کۆنەکان پەراوێز بکات، چونکە ئەوانە ڕێگربوون لەسەر گەیشتنی مافیا بە مەرام و بەرنامە سەرەکییەکانی، ئەویش گەیشتن بوو بە پارە و سامانێکی زۆرتر، لوتشیانو لەسەر کۆنە بەرنامەکەی سیسلیا بۆ مافیا یاخی دەبێت، کە تێدا هەموو کەس مافی ئەوەیان هەبوو ببنە ئەندام لەناو بنەماڵەکانی مافیا، هەروەها ئەو سەرکردەیە پیرۆزکردنی مافیای سیسلیایی پەراوێزکردبوو، وەک شەرەف و کەرامەت و ڕێزگرتنی بەڵین و پەیمان و پیرۆزکردنی فەرمانەکانی سەرۆک، هەروەها ئەو کاری بۆ ئەوەش دەکرد سیستەمی ڕێکخستنەکانی کۆنی مافیا بگۆڕێت، تا دەستەی هاوچەرخ دامەزرێنێت کە هەموو بنچینە کۆنەکانی سیسلیا بگۆڕێت.

لوتشیانو و فیزی لە ساڵی ١٩٣١ ڕێکخراوێکی تاوانی ئەهلییان وەک پەردەیەک بۆ سەندیکای قووماربازانی نیویۆرک دامەزراند، ئەوەش لە سەر هەموو ویلایەتەکانی ئەمریکا بڵاودەبێتەوە، ئەو سەندیکایە بەرامبەر بڕێک پارە لە قازانجی هەموو یانە و مێزەکانی قوومار بە ڕێژەییەکی سەدەیی وەردەگرت، دیارە پارەکەش لە قازانجی یانەکە زۆرتر بووە، واتە ئەوان قازانجیان زۆرتر بەردەکەوت لە خودی خاوەن مێز و قوومارخانەکە، تا لوتشیانو کار و چالاکییەکانی بەباشی و بەسەرکەوتوویی ڕاپەڕێنێت سوپایەکی لە کەسانی ئەهلی بەزم و کەیف سازکردبوو، لەگەڵ ئەوانەشدا سوپایەکی گەورەی لە کەسانی خوێنرێژ و دەسترەش و بێویژدان لە کەسانی ئیتاڵی و ئیرلیندی و جوولەکەی هەموو ڕەگەزنامەکان سازکردبوو، ئەو ڕێکخراوەیەش یاسا و بەرنامەی سازی هەبوو کەس بۆی نەبوو، لەو چوارچێوەیە دەربچێت، ئەو لەو یاساییەی خۆیدا ماچی مەرگی لەناو گرووپەکان نەهێشتبوو، پیاوەکانی لەجیاتی ماچ دەستی یەکتریان دەکوشی، چونکە ماچکردنەکە ترسی لەناو ئەندامەکان نواندبوو.

لەگەڵ ئەو وردەکاری و گۆڕانانەدا لوتشیانو توانی ناوچەکانی دەسەڵاتەکەی دابەشکردبوو، لەوەش سەرکەوتنی بەدەست هێنابوو، دیارە

لەناو بەرنامە و چوارچێوەی ئیمپراتۆرییەکەی خزمەتی باشی بە ئەمریکا گەیاندبوو، بۆیەش تەمەنی دەسەڵات و پاوەرەکەی درێژ بوو، لە راپۆرتێکی نووسینگەی لێکۆڵینەوەکانی فیدرالی ئەمریکییدا، نووسراوە کەوا رێکخراوەکەی لوتشیانو لەناو وڵاتدا هەزارەها نمایندەی هەبووە، بەوەش پەیوەندی بە پیاوانی کاری ئیرلیندی لە بۆستن کردووە، لەگەڵ مەکسیکییە ئەمریکییەکان لە لۆس ئەنجلس و لە تکساس، لەگەڵ جوولەکەکانی فلوریدا بە سەرۆکایەتی مائیر لانسکی، کە هەموویان لەبن چەتری کوشر نوسترا حەشار درابوون، هەروەها لەگەڵ پۆلۆنییەکانی کلیفلاند و شیکاگۆ و لەگەڵ ئەڵمانەکانی سان لویس.

## چەند بنەماڵەیەکی نوێ

لوتشیانو دەستی کرد بە دامەزراندنی چەند خێزانی نوێ بەڵام بەشێوە و فۆرمێکی تازە و فۆرمی بنەماڵەکانیش لەیەکتری جیاوازبن، هیچ پەیوەندیشیان بە مافیای سیسلیاوە نەبێت، تەنها ناو و زمانەکە نەبێت، ئەویش ناوی یەکەمەکەیان و زمانە ئیتاڵییەکە، پەیوەندییەکانی نێوان نیویۆرک و بالیرمو هەر مابوو، بەڵام بەیەک ئاراستە نەبوو، بەتایبەتی کە مۆسۆلینی گورزی توندی لە مافیا دابوو، بەوەش بەرنامە و رێکسختنەکانی سست و لاواز کردبوو، زۆر لە سەرکردەکانیان گیران و ئەشکەنجەی زۆر دران، زۆریشیان لە دوورگەکە و لە ئیتاڵیاش دوورخرانەوە. لەبەرئەوەی لوتشیانو رێکخراوەکەی لەسەر فۆرمێکی نوێ دادەمەزرێنێتەوە، بۆیە بەخێرایی دەسەڵات و سنووری ئیمپراتۆریەتییەکەی لەناو ئەمریکا باش گەشە دەکات و دەبێتە سەرمایەکی راستەقینەی بەرجەستە و لەگەڵ سیاسەتمەداران و پیاوە ناسراوەکان پەیوەندی پتەو دەکات، لەوانە سترانبێژی ناودار فرانک سیناترا. بە فەرمانی لوتشیانو هەموو قوورمارخانە قاچاخەکان دادەخرێن، دزی و سەرانە وەرگرتن و باج ستاندن نامینێت، دیارە فاکتەرەکەش مەسەلەیەکی ئەخلاقی نەبووە، مەسەلەکە زۆرتر رەنگدانەوەی چالاکی ئابووری ئەودەمانەی

ئابووری ئەمریکی هەبووە، ئەو بەرنامەکەی وابوو کەوا چالاکییەکانی لەبن باری دروستکردن و سازکردنی سام و ترساندن بکات، بەوەش تەندەر و کار و بازار بەبێ پێشبڕکێ و ملمالانێ وەربگرێت، کەسیش دەست لەکار و سەرمایەکەی وەرنەدات، مافیا (کوزانوستڕا) لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەیویست نەرم نەرم و لەسەرخۆ بگاتە ناوەندە سیاسییەکان و بەوەش پێگەی خۆی لەناو فۆرمە دیموکراسییەکە ساز بکات، چونکە باش دەیزانی ئەوەیان باشترین فۆرمە بۆ بەشداربوون و تێکەڵاوبوون، ئەو بەرنامە و رامانەی ئەو لەلایەن توێژەرەکانیش پشت راست کراوە.

## هەنگاوە یەکەمەکانی سەر بوارەکە

لوتشیانو بە پلانەکانی نێوان تۆڕەکانی سیاسەت و مادەی بێهۆشکەر و بەکارهێنانی ئەو دوو تۆڕە بە زیرەکی ئەو توانی سامانێکی زۆر پێکوەبنێت، ئەو توانیبووی (ئەلبرت مارینیللی) ئەو ئەندامە گەنجەی ناو حزبی دیموکراسی ئەمریکی بەکاربهێنێت، بەوەش گەیشتبووە هەموو پلە بەرزەکانی دەزگاکان، ئەوانیش پشتیوانی مارینیللی کردبوو، کە دژایەتی نەیارەکەی لە حزبی کۆماری (هاری بیری) بکات، کە توانرا بە بڵاوکردنەوەی وێنەی ئەو لەگەڵ ژنە دۆستەکە توانیان لە مەیدانی هەڵبژاردنەکە دووری بخەنەوە، بەوەش ئەو سیما و دیمەنەیان شکاند کە تێدا رۆڵی باوک و سەروەری دەبینی، بەڵام سەرکەوتنی ئەو بەردەوام نابێت و بە تاوانی فرۆشتنی سێکس و ئیشکردن لەو بوارەدا دەگیرێت، بە زیندانی پەنجا ساڵ زیندانی دەکرێت، لەودەمانەش میدیاکان بە بڵیمەتە ئەتک کراوە رێکخراوەکە ناویان بردبوو، قازییەکە لەکاتی دادگاییکردنیدا پێی وتبوو:

(تۆ بەدکارترین تاوانباریت، بەدرێژایی مێژوو گەیشتوویتە بەردەم دادگاکەمان)، بەڵام لوتشیانو لەناو زیندانەوە بە باشی و سەرکەوتووانە ئیدارەی رێکخراوەکە و سامانەکەی دەکرد، وەک مامۆستا دەمێنێتەوە. هەندێک کەسانی شارەزا وادەزانن کە سوپاکەی ئەمریکا بە لێزانی و بە هۆی

تۆڕەکانی گەیاندنی دەستە و گرووپەکانی مافیا لە ئیتاڵیا و لە سیسلیا توانی لە رووداوەکانی جەنگی دووەمی جیهانی لە ساڵی ١٩٤٣ پێشڕەویی بکات و ناوچەکە داگیربکات، لاکی لوتشیانو و چەندین ئەندامانی تری ناو گرووپەکانی مافیا، ئەوانەی لە زیندانەکانی ئەمریکادا بوون زانیاری زۆریان بە سەرکردایەتی سوپای ئەمریکی دابوو، ئەوانیش سوودی زۆریان لەو زانیارییانە بینیبوو، بەتایبەتی هەواڵگری ئەمریکی.

بەپێی رامانی دکتۆر ئەلفرید و ماکویی بازرگانی مادە بێهۆشکەرەکان، لوتشیانو لە ناو گرتووخانەکەییەوە ئیدارەی دەستەیەکی دەکرد بۆ یارمەتیدانی سوپای ئەمریکی، کە شەڕەکەش تەواو دەبێت، لەجیاتی ئەو چاکە و لەبڕی سوود وەرگرتن لە زانیارییەکانی ئیدارەی ئەمریکی لە زیندانەوە رەوانەی ئیتاڵیای دەکاتەوە، ئیتر لەوێیەوە چالاکانە دەکەوێتە کارکردن. ئەو لەساڵی ١٩٤٦ دەگەڕێتەوە سیسلیا دووبارە دەستبەکار دەبێتەوە، بەپێی نووسینەکانی ماکوی کە لە کتێبی (سیاسەتی هێروین لە خواروو و خۆرهەڵاتی ئاسیا)دا نووسیبووی، کەوا لوتشیانو لەگەڵ گرووپەکانی مافیایی لە کورسیکا پەیمانی دەبەستێت، بەوەش تۆڕی بە قاچاخی بردنی هێروین لە سەرانسەری جیهان گەشە دەکات، کە لە ئەساسدا لە تورکیاوە دەردەچێت و بارەگاکەشی لە سیسلیا دەبێت، بەوەشیان دەووت، (بازنە فەرەنسییەکە)، بەڵام پاشان تورکیا بەرهەمهێنانی ئەفیون رادەگرێت. پیاوانی مافیای کورسیکایی لە تاراوگە و لە خوارووی ڤیتنام دەژیان، بۆیەش لوتشیانو لەوێیەوە پەیوەندییان پێوە دەکات، چونکە ئەوان بە رەوشە ئاڵۆزەکەی شەڕی ڤیتنام سوودمەندبوون زەمینەی گونجاویان بۆ ئەو بازرگانییە سازکردبوو، لەوێیەوە کاریان لەناو (سێگۆشە زێرینەکە) دەکرد، بەوەش توانرا باری زۆری هێروین لەو ناوچانە بەتایبەتی لە ئەسیاوە بگەێننە ناو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئوستراليا و چەندین وڵاتی تریش.

موخەدەرات بۆ پیاوەکانی مافیا ببووە سەرچاوە و فاکتەرێکی زۆر پشتیوان بۆ دەستکەوتی مادی و قازانج وەرگرتن، بەوەش دەسەڵات لە چەندین ویلایەتی

ئەمریکی دەگرنە دەست و خۆیان تێدا بەهێز دەکەن، هەر بەو بازرگانییە بووە، کەوا مافیا پارەی زۆری دەستکەوتووە و بەوەش توانیبوویان بەرتیل بدەنە پیاوانی ئاسایش و سیاسەتمەداران،تا پێگەیان لەناو ئەو کۆمەڵگەیە پتەوتر کردبوو.

لە ناوەندی حەفتاکانی سەدەی رابردوو و لە هەنگاوێکی سەیردا، سەرکردایەتی مافیا بڕیاردەدات کەسە شاردراوەکانیان پاک بکەنەوە، بۆیەش بۆ ئەو مەبەستە دەست دەکەن بە دروستکردنی هوتێلی گەورە و کۆمپانیای بەرهەمی سینەمایی و چەندین بەرنامە و پرۆژەی تریش، بەوەش دەستکەوتیان زۆرتر دەبێت، بەو قازانجانەش سەرمایەگوزاری زۆریان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سازکردووە. ئەگەرچی نووسینگەی لێکۆڵینەوەکانی فیدرالی ئەمریکی لە ساڵەکانی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی رابردوو تەنگیان بەو رێکخراوە دەسترەشە هەڵچنیبوو، بەڵام مافیای ئیتاڵی ئەمریکی هەر وەک رێکخراوێکی تاوانکار و بەهێز لە ئەمریکا مابوو، ئێستاش مێژوو و رابردووەکەی بوویتە دایکی هەموو مافیاکانی جیهان، کەسیش ناتوانێت شان لەشانی ئەوان بدات، پێگە و دەسەڵاتەکەی ماوە و پەیوەندییەکانیان بە مافیای سیسلیا هەر ماوە و ئەوانیش سەرچاوە و دایکی هەموو رێکخراوەکانی مافیای جیهانن.

## خێزانە پیرۆزەکە

دەستەواژەی خێزان، یان بنەماڵە و گرووپ، کە هەموویان لەو بابەتە یەک مەبەست دەپێکن، ئەویش وشەیەکی پڕ نهێنییە لە ناو رێکخستنەکانی مافیا، کە ئەوان کۆششکاربوون دەستەواژە و نازناوی چەتەگەری و یان دەستەگەرییان لەسەر نەبێت، بەو ناوە و بە مەزندەی خۆیان مافیا بە چاوێکی کەم و سووک سەیر دەکەن، کە مافیا لە سەرەتای سەدەی بیستەم لەبەر چەندین فاکتەر لە دوورگەی سیسلیا بار دەکەن، هەموو زاراوەکان، فەرهەنگی زمانەکەیان لەگەڵ دابونەریتە پارێزراوەکەیان دەگوازنەوە، کۆششیش دەکەن،

هەمــوو ئــەوانە باش چاودێری بکەن، بەڵام کــە دەســتــەکــانی کــوزانــوســتــرای ئەمریکی کـودەتا لەسـەر ئەو زاراوە و ئەو ڕێورەسـمـانـە دەکەن، ئەوان خـۆیان ناگرن و دەرووخێن، چونکە ئــەوانە بە کۆسـپی پێشـکەوتنی بەردەمیـان دەزانن بۆ پەیداکردنی زۆرترین سامان و دەسـەڵات. بۆ ماوەی چەندین سـاڵ کـۆچبەرە نوێیـەکانی نـەوەی مـافیـای ئیـتـاڵیـا لەسـەر بنچینەی حـەقکردنەوەی خـەڵکە زوڵملێکراوەکــان و شکاندنی چاوی زۆردارەکــان، لـەگــەڵ ئەوانـەشــدا دزیان کـردووە، سـەرانە و کـاری مـوخـەدەراتیـان کـردبووە لەگـەڵ گـەرمـەی بازاری لەشـفـرۆشـی سـۆزانـیـیـەکـان کـاریان کـردووە، ئیـتـر بـەو جـۆرە چالاکی بنەمـاڵەکـانیـان گـەیشـتـبـووە نزیکەی بیـسـت و شـەش ویلایەتی ئـەمـریکی، ئەوانەش بە سـەرپەرشـتی بنەمـاڵەی تایبـەتیـیـەوە کـارەکـانیـان رادەپەڕاند و لەگـەڵ نـیـویۆرکی نـاوەندیش پەیوەندییـان هـەبوو، لەگـەڵ ئیـتـاڵیـاش بەهۆی سەرکردە رۆحییەکانیانەوە بەگەرمی دۆستـایەتییان مابوو، لەو ولاتە نوێیەش کوڕەکانی مافیا بواریان سازبوو دەستکەوتی باشیـان هەبێت، لەوانە لە لۆس ئەنجلس و سانت لویس و سان فرانسیسکۆ و کینساس و کلیفلاند و دالاس و فلادلفیا و چەند ویلایەتی تریش، لە شیکاگۆش بنەماڵەی کابونی زۆرتر ناویان دەرکردبوو، سـەربردەکانیـان زۆرتر لە ئەفسانە دەچوون، بەڵام زۆر زیرەکانە و بە وریایی کـاریـان کردووە، زۆریش لەبەر چاوی مـیـدیاش دەردەکـەوتن، بەڵام هەر لە ناوداری نەدەگەیشتنە تشارلز لاکی لوتشیـانو، کە بە باوکی رۆحی و سـەرکردەی هەر مـەزنی مـافیـای ئەمریکی ئـەژمـارد دەکرێت، کە نموونەیەکی تەقلیدی مـافیـای سیـسلیـایی بووە و زۆریش بەوە دەناسـرا کـەوا زۆر نـهێنی پارێز بوو، زۆریش لـە چاوی مـیدیا خـۆی دوور رادەگرت، حـەزی لە کـامـیـرا و خۆدەرهێنان نەکردووە، هەرگیـزیش نەویستـووە وەک سەرۆکی کوزا نوسـتـرا بناسرێت، بەڵام لە جیـهانی فێڵ و تاوانکارییـەدا بێ وێنە بووە، زۆر لێهاتوو و لێزان بـووە، لەودەمانە سـاڵانەی دەستکەوتی گـەیشـتـووتە سێزدە مـلیۆن دۆلار، لوتشیـانو توانیبـووی مـەدالیای شـەرەفی زێڕین لەلایەن کۆنگریسی ئەمریکی وەک جـەنگاوەری دێرین وەربگرێت، چونکە بنـەمــاڵەکــەی توانیــبــوویان بە

لێهاتوویی خۆیان، وەک کەسێکی حیکمەتدارو بەتوانا پێ ناس بکەن، کەوا توانیبووی ڕۆڵی سەرەکی بگێڕێت کە هاوپەیمانان لە ڕووداوەکانی جەنگی دووەمی جیهان سەربکەوێت.

## باوکە شۆڕشگێڕە سالارەکان

لوتشیانو یەکێک بوو لەو باوکە سالارانەی لە ئەمریکا و لەناو مافیادا ژیاوە، بە کارنامەی ئەو بووە کە هەموو شەڕ و ناکۆکییەکانی ناو بنەماڵەکانی مافیا تەواو دەبێت، کە بۆ دەسەڵات و سامانی زۆرتر بەردەوام شەڕیان کردووە، ئەو لە پرۆسەیەک بە ناوی (ڕۆژی نوێژی خۆرئاوابوون لە سەر مافیای سیسلیا) سەرکردەکان لەناو دەبات و چەند بنەماڵەیەکی نوێی بە سیمای زۆر جیاوازەوە لە بەرنامە و لە سیستەم دروست دەکات، لەو بەرنامەیەشدا ئەو بوار دەدات کەسانی تر و لە ڕەگەز و ناسنامەی تریش بێنە ناو ڕێکخراوەکەیان، کۆنە پیاوانی مافیاش ئەوانەی دەمێنێنەوە وەردەگیرێن، بەوەش ژمارەی بنەماڵەکانی مافیا تەنها پێنج بنەماڵە دەمێنێتەوە، لەوانە:

جینو فیزی: کە بریتی بوون لە جینوفیزی و لوتشیانو و جیجنتە.

جامبینو: کە بریتی بوون لە جامبینو و کاستیلانو و جوتی.

بوتانو: کە بریتی بوون لە بونانو و جالانتە و ماسینو.

کۆلۆمبو: کە بریتی بوون لە کۆلۆمبو و بروفاسی و برسیکو.

لوتشیز: کە بریتی بوون لە لوتشیز و کۆرالۆ و ئاماسو.

پاش ئەوەی ئەو بنەماڵە نوێیان بە تەواوی لە ئەمریکا دادەمەزرێن، دەتوانن کۆنترۆڵی قوومارخانە و لەشفرۆشی و موخەدەرات دەکەن و پارەکانیشیان لە بانک و بازارەکانیش پاک دەکەنەوە، بە هاوکاری کەسانی دەسەڵاتدار لە وڵاتانی تری دەرەوەی ئەمریکا توانیان دەست لە بازارە شەرعییەکانیش تێکەڵ بکەن، بەوەش لوتشیانو دەتوانێت ناوچەکانی ژێر دەستی خۆی باش کۆنترۆڵ بکات، باشیش ڕێکیان بخات، لەبەرئەوەی حکومەتی ئەمریکای

ئەودەمـانە لەو رازی بوون، ئـەویش خـزمـەتگوزاری زۆریان بۆیان هـەبـوو، بۆیە ئیمپراتۆریەکەی لوتشیانو ماوەیەکی درێژی تەمەن دەکات و گەشە دەکات.

ژمـارەی ئەندامـانی نـاو خـێـزانەکـانی مـافـیـا جـیاوازبـوون، بەڵام هـەمـوو خـێـزانێک ســەرۆکی هـەبـوو، ســەرۆکـەکــەش جـێگری هـەبوو، ســەرکـردە مـەیدانییـەکە کۆمـەڵێک کـەسـانی چەتە و بـەکرێگیراو پشتیـوانیـان دەکرد، لە سـەرۆکـەکەش رێنمـاییـان وەردەگرت، پارەیان بـە رێژەی جیـاوازییش بەسـەر دابەشـدەکـرا، هـەر لە سـەردەمـی سیسلیـاوە ئەو خـێـزانانە وەک دەسـتـەیەک بەیەکەوە بوون و پەیوەندیی خـوێنیـان لەنێواندا هـەبووە، کەسـێکی لێـهاتووش دەبووە سـەرۆکیان، هـەمـووشـیـان رازی دەبوون لەسـەر هـەڵبـژاردنی ئەو بۆ ئەو پلەیە، ئەویش حـەقی بە خـۆی دابوو، بەشـی زۆری دەستکەوتەکان بۆ خـۆی گلّ بداتەوە. لەکـاتی گـیـران یان نەخـۆشکەوتنی سـەرۆکەکـە زۆرجـار کـوڕەکـەی دەبووە جـێگری باوکە سـەرۆکەکـەی، ئەویش دیارە کـەوا راوێژکـار و کـاپتنی هـەبووە.

دیارە کەوا مـافـیا یـەکێکە لەوانەی تـوانیـبووی زەمـانەتی کۆمـەڵایەتی یان تەئمینی کۆمـەڵایەتی بۆ ئەنـدامانـی خێزانەکانیـان دابین بکات، چونکە ئەوان مـانگانە ئابوونەیان بۆ مـەبەسـتی دابینکردنـی ژیان بۆ خـێـزانەکـانیـان کـۆ دەکردەوە، ئـەوەش بۆ ئەوە بوو کەوا لەکاتی روودانی هـەر پێشـهاتێکی لەناکاو و ترسناک ژیانیـان دابین بکات، ماڵ و منـاڵەکانیان نارەحـەت نەبن، یارمـەتییە کۆمەڵایەتییەکانیش لەو خاڵانەدا کۆ دەبوونەوە:

* لەکاتی نەخـۆشکەوتنی هـەر سـەربازێکی ناو تۆڕەکـانیـان دەبێ مـەسـروفی چارەسـەرییان بکرێت، ئەگـەر لە ئاکامی ئەنجـامدانی فـەرمانەکـانی یان لە کاتی تریش دووچاری هـەر زیانێک بکەوێت، ئەوان ئەرکی چارەسـەرکردنی دەگرنە ئەستۆ.
* لەکاتی گیرانی سـەربازەکانیـان مـەسرەفی دادگا و پارەی پارێزگاریکردنی لەسـەر ئەستۆی ئەوان دەبێت.

* هەموو مەسرواتی ماڵەوەیان، هاوسەر و منداڵەکانی لەکاتی نەخۆشکەوتن یان مردن یان گرتنی ئەندامێکیان لەسەرشانی مافیا دەبێت.
* مافیا بەڕێکردن و ناشتنی کوژراوەکانیان بە شایستەیی دەکاتەوە.

هەتا ساڵی ١٩٤٧ سیسلیاییەکان ئامادە نەبوون سەربازەکانیان لەناو ریزەکانی مافیا کە دەگیرێن، یان لەناو دەچن، هیچ جۆرە قەرەبوویەک یان یارمەتییەک، بدەنە کەسوکارییان، بەتایبەتی ئەوانەی لە بازرگانی موخەدەرات لەناو دەچوون، بەڵام لوتشیانو شەریکەکەی جینو فیزی ئەوەیان دەرباز کرد، بەڵام فیزی زۆرتر لەگەڵ ڕێنماییە کۆنەکانیانی مافیا دابوو، هاوبیر نەبوو لەسەر گۆڕان و چاکسازییەکان، بەڵام لوتشیانوو توانی ئەو ئیقناع بکات کە هاوسۆزی ئەو گۆڕانانە بێت، چونکە دوارۆژی ئەوان لە ئەمریکا بە بازرگانی هێروینەوە بەندبوو. لە کۆنگرەی نهێنی هاڤانا کە لە ساڵی ١٩٤٨ دەگیرێت کە تێدا پیاوانی سەرکردایەتی مافیای ئیتاڵیا و ئەمریکا تێدا بەشدار دەبن، هەنگاوە نوێیەکانی بواری کارکردن لەگەڵ موخەدەرات پەیڕەو پەسەند دەکەن، لەوێ بڕیاری تەئمینی کۆمەڵایەتی ئەوانەی لەو کەرتە کاردەکەن بکەن، بەتایبەتی ئەوانەی دەگیرێن، بەوەش کارمەندان لەسەر کارەکانیان گەرمتر دەبن، دڵسۆزانەتر ئیش دەکەن، بۆیە دەستکەوت و پارەی زۆریان بۆ دەگەڕێتەوە و قازانجی زۆر لە هێروینەکە دەکەن، بۆیەش سەرۆکی حزبی دیموکراسی روبرت کیندی لە ساڵی ١٩٦٦ لە راگەیاندراوێکی رەسمییدا وتبووی، کەوا فڕگەی کیندی نێونەتەوەیی لەبن کۆنترۆڵی مافیا دایە، چونکە ئەوەیان لە رووی دەستەی کارکەر و چالاکییە دارایی و ئیدارییەکان باش دیارە.

***

بۆ پەیداکردنی زۆرترین سەرمایە و قازانج بنەماڵەکانی مافیا لە ناوەندی سەدەی رابردوو هاوکاری یەکتریان دەکرد، پیاوانی کوزانوسترا بە ئاودیوکردن و قاچاخکردنی هێروین بە کێشی پەنجا کیلۆگرام، پەنجا کەسیان بەکاردەهێنا، بەبێ ئەوەی خۆیان ئاگاداربن لەناو جانتاکانیان دادەنا

و بۆیان دەشاردنەوە، بەوەش پۆلیس بە گرتنیان زانیارییان دەست نەدەکەوت، بەوەش ئەگەر ئاشکرابووان ئەوە نیوەی ئەو پیاوانە دەرباز دەبوون، نیوەیان کە دەگیران، مافیا توانیبووی بە رووی یاسا ئەمریکی بوارێک بدۆزێتەوە تا خۆی لەبەر چاوی ئەوان دوور رابگرێت، تا نەگیرێن و کارەکانیان بە سەرکەوتوویی ئەنجام بدەن و سوپاکەیان بەردەوام بێت. کیژانی مافیوزولا دەبوایە شوو بە مافیوزییەکان بکەن، کورە زاواکان لە وڵاتەوە دەهاتنە ئەمریکا، بۆ گەیشتن بە بووکەکان دەهاتنە ئەمریکا ماڵی زاوا وەک نەریتی کۆنی سیسلیاییەکان زەیت و زەیتون و ئاردی مەعکروونیەیان بە زاواکە دەنارد، لەگەڵ ئەوانەش بە دزی کیسەیەک هێروینیان لە هەگبە دەکردن، ئەوەش وەک دیاری سەیری دەکرا، بۆیەش پیاوانی گومرگ گومانیان لەوانە نەکردووە، بەوەش دەکرا سامانێکی باش و زۆر بۆ خزم و کەسوکارییان ئاودیو بکەن. مافیا لە ساڵەکانی حەفتاکان پێویستیان بەوە نەمابوو، بە شێوازە کۆنەکان کالاکانیان دەرباز بکەن، چونکە خۆیان کۆنترۆڵی دەستەی فڕۆکەکانیان کردبوو، بەوەش سەلامەتی هەموولایەک دڵنیا دەبوو، هەموو کالاکانیان بە سەلامەتیش دەگەیشت، کاپتن و دەستەی ناو فڕۆکەکە بۆ گەیشتنی بە سەلامەت خۆیان و کالاکانیان بە شوێنی تایبەتی بۆیان دەشاردنەوە، بۆیە لەو ساڵانەدا رێژەی ٤٠٪ کالاکانیان بە فڕۆکە و کاروانە بازرگانییەکان دەرباز دەبوون و هیچ مەترسییان لەسەر نەبووە، چونکە کاپتن و کرێکارەکانی هێڵەکان سەرپەرشتی شاردنەوەی مادە قاچاخەکانیان دەکرد و لەناو زەبڵدانەکانیان دادەنا، پاشان هەر خۆیان لەناو زەبڵ و پاشماوەکانی فڕگە و بەندەرەکان دووریان دەخستەوە و بەئاسانی و بەسەلامەتی دەگەیشتنە دەستی سەرکردەکانی مافیا، بەوەش کەس گومانی لەسەریان نەدەبوو.

## دەرچوون لەناو ریزبەندی بنەماڵەکە

مافیای ئەمریکی توانیبووی دەسەڵاتی بەسەر هەموو لقەکانی مافیادا بگرێت، هیچ لە لقەکان نەیاندەتوانی سەرپێچی فەرمانی بکەن، لەوانە چەتەکانی

رەشـەکـانیش لە نـیـویۆرک سـەرانەیان بە مـافـیـا داوە، سـەرکـردایـەتی ئەو دەستـانە بە سـەرۆکـایەتی ریموند مـارکیز ڕێژەی ١٥٪ دەدایـە جینو فـیـزی، چونکە مـارکـیـز خـۆی بە دۆسـتی نزیکی سـەرکـردایەتی مـافـیـا زانـیـوە و پەیوەندییەکەیان دەگەڕایەوە سەردەمی باوکی، ئەو جۆرە کـاریان دەکرد تا ئەو دەمانەی دەکوژرێت.

کەم باسی ئەوە کراوە کەوا دەستەیەکی ناو مافیا لە سەرکردایەتی خۆیان هەڵگەڕابێتەوە، بەڵام رەشەکانی نیویۆرک لەساڵی ١٩٣٠ جۆریک لە لاسارییان کردووە، کـە پارە و سـەرانەیان نەداوە، کۆمـەڵکوژییـەکی ئاشکرا لـەو دەڤـەرە روویداوە، چونکە سـەرکـردەکـەیان دستن شـولتـز بە رەشـاش و بە چەندین دەمانچە و بە چەکی سپی خەڵکی کوشتووە، بەوەش نەیار و لادەرەکان ملیان کـەچ کـردووە و ناوچـەکـە گـەڕاوەتەوە ژێر کـۆنتـرۆڵی خـۆیان، بەوەش یاخـیـبـووەکـان بە مـاوەیەکی کـەم لەناو دەچن، بۆیەش ئەندامـانی خـێزانە رەشەکان وتبوویان ئێمە مەبەستمان نەبوو لە سەرکردایەتی مافیا یاخی ببین، بەڵام سـەرکـردەکـانمان وەک خـۆدەرهێنان و شـانازیکردن لەنێوان خـەڵکە رەشـەکان وایان خۆ نیشـاندەدا، بۆیەش یەکێک لە سەرکـردەکـانی مـافـیـا وتبووی:

(ئەگـەر زانیـمـان لاسـاریی دەکـەن، تۆڵەیان لێ دەکـەینەوە و تەمـبـێـیـان دەکەین).

یەکـێک لەوانەی سـەرپێـچـیـیـان کـردووە و لە بنەمـاڵە مـافـیـاییـەکـەی هەڵدەگەڕێتەوە پیاوە مافیاییە ئەمریکییەکە بوو کە ناوی جوزیف فلاتشی بوو، پۆلیس ماوەیەکی زۆر سەرقاڵی دۆزینەوە و گرتنی دەبێت، تا رادەی ئەوەی لەو پلانەدا پۆلیس زۆرتر لە سەد هەزار دۆلار سەرف دەکات بۆ کوشتنەکەی، بەڵام ئەو دوور لە بنچینەکانی مافیا لەساڵی ١٩٦٣ خۆی رادەستی پۆلیس دەکات، ئەوەش بۆ پۆلیس و مـافـیـا دەبێـتـە کـارێکی زۆر چاوەڕوان نـەکـراو و سـەرسـامـیـیش، چونکە لەگـەڵ تەسلیـمـبوونەکەشی دان بە چالاکییـەکـان دادەنێت، بۆیەش بنەماڵەکەی مافیا لەناو زیندانەوە کۆششی کوشتنی دەکەن،

بەڵام بۆیان ناچێتــە ســەر، بۆیەش ئەو لەبەردەم مـیـدیاکـاران و لەســەر تەلەفزیۆنەوە دان بە تاوانەکانی مافیا دادەنێت، هەموو قسەکان دەکات، بەوەش بەرنامەی کوزانوستراى ئەمریکی شەرمەزار و ریسوا دەکات و ملیونەها ئەمریکی لە ترسناکی ئەوان ئاگادار دەکاتەوە، ئەگەرچی ئەو نەیدەتوانی هەموو بەرنامە و شانی خێزانەکانی مافیا ناو ئەمریکا کە ژمارەیان دەگەیشتە ١٢ بنەماڵە ئاشکرا بکات، بەڵام ئەوەی ئەو دەیزانی بە میدیا و بە پۆلیسی راگەیاندبوو، بەوەش توانرا لایەنی شاراوەی تاوان، کە بەئاسانی دەکرا سووک بکاتەوە کە خەڵکی زۆر هەراسان کردبوو.

## کوڕە سەرتاشەکە ببووە ئەفسانە

ئال کابونی ناوی هەرە دیاری ناو چەتەکانی مافیا بووە، ئەگەرچی ئەو ئەندامەی مافیا ماوەیەکی کورت ژیاوە، کە تەنها ٤٨ ساڵ بووە، بەڵام وەک شەڕکەرێکی بێرەحم و سەرکردەیەکی چەتەگەریی لێزان رووبەرووی هەمووولایەک بوویتەوە، بڕواشی بە موستەحیلیش نەبووە، لەناو ویلایەتە یەکگرتووەکان ناودار دەبێت، بە پیاوە بە نیشانەکە (scarface Al) دەناسرێت، بۆیەش سینەمای هۆلیوود لە یەکێک لە فیلمەکانی ناوی بردووە و لە فیلمێکی چەتەگەریی و پاڵەوانیەتی بەرجەستەیی کردووە و چیرۆکی راستەقینەی ژیانی ئەوی کردووتە درامای سینەمایی، هەموو کەسیش بە وردەکاری نێوان ئەفسانە و راستییەکان دەژاکێت، پاشان چەندین وتار و روونکردنەوەی بەدواوە هاتووە. ئەلفونس کابونی بەوە دەناسرا کەوا توانای بێ سنووری هەبووە لە ئیقناعکردن و سوڕانەوە و زیرەکی لە بەڕێوەبردن و گەیشتن بە هەموو مەرامەکان و بە کورترین رێگاش، ئەو زۆرتر بەو قسانەی دەناسرێتەوە کە زۆر دەگوترانەوە و زۆریش ناودارن کە وتبووی: زەدەخەنە لەگەڵ دەمانچە کاریگەری زۆرتر لە زەدەخەنەیەک بێ چەک.

یان لە سەر بەرنامەی کار و نەخشەسازی ژیانی مافیوزیی خۆیدا وتبووی: دەمانچە هەموو ئاریشەکان چارەسەر دەکات.!

# ئیتاڵییە نامۆییەکە

ئەلفونس کابونی کە پاشان کەسە زۆر نزیکەکانی بە ئال ناویان هێناوە، ئەو لە رۆژی حەڤدەی مانگی ینایری ساڵی ١٨٩٩ لە بروکلین وەک کوڕی چوارەمی گابرییل و تیریسینا کابونی لەدایکبووە، ئەو دایک و باوکە لە ناپۆلی خوارووی ئیتاڵیاوە لەساڵی ١٨٩٣ هاتبوونەتە ئەمریکا و لەوێ ماونەتەوە، لە ناوەڕاستی شاری بروکلین، لە ئەدرێسی ژمارە ٩٥ لە شەقامی دەریاوانی لە بەشە دەریاییەکەی نیشتەجێ دەبن، کە کوڕەکەیان تەمەنی دەگاتە یازدە ساڵی، ماڵەکە لەو ئەدرێسە بار دەکەن، بۆ ئەدرێسی ژمارە ٣٨ لە مەیدانی گارفیلد لە نشێوەکانی پارک لە بروکلین.

کابونی دەچێتە بەر خوێندن لە قوتابخانە ئەمریکییەکان لە بروکلین، هەتا کلاسی شەشەم بەردەوام دەبێت، لە قوتابخانەی گشتی ژمارە ١٣٣ لەبەر لاساریی و نارەحەتییەکانی لە قوتابخانە دەردەکرێت، چونکە لە مامۆستاکەی خۆی دابوو، لەو رۆژەوە و لە تەمەنی چواردە ساڵییەوە دەکەوێتە سەر شەقامەکان، لەودەمانە کوڕێکی لاوازی سەردەمی خوێندنی قوتابخانە دەدۆزێتەوە، کە پاشان دەبێتە یەکێک لە کەسە بکوژ و بەدکارەکانی سەرانسەری ئەمریکا، ئەویش لاکی لوتشیانو بوو، بەوەش هاوڕێیەتییان بەدرێژایی ژیانیان بەردەوام دەبێت. پاش ئەوەی ئەو کوڕە لە قوتابخانە دەردەکرێت، چەندین جۆر کار و پیشە تاقیدەکاتەوە، لەوانە لە دووکانێکی شیرنەمەنی و سالۆنێکی بۆلنگ کار دەکات، دوایی ئەو دەکەوێتە ناو تۆڕەکانی تاوانکارییەوە، لەناو شەقامەکانی بروکلین فێڵەکانی دزی و گیرفانبڕین فێردەبێت، دووکانەکان دەشکێنێت، لەگەڵ ژمارەیەک لە هەرزەکاران بە سەرکردایەتی جونی توریو، دەست لە هەموو کۆنێک وەردەدات، دەستەکەیان وێنەیەکی گچکەکراوی چەتەکانی ناسراو بە (پێنج خاڵەکان) بوو کە پاشان دەبێتە ئەو قوتابخانەیەی کابونی لێوەی دەردەچێت.

پاش ئەوەی ئەو لەگەڵ چەتەکان دەست تێکەڵ دەکات، لەوانە دەستەی چل

دزەکە کە تازە دەستیان دابووە کاری دزی و جەردەیی، پاشان کابونی دەچێتە ناو خوێنرێژەکانی شاری بروکلین، پاشان دەگاتە ناو چەتەکانی پێنج خاڵەکە، ئەوانەی ناویان بە بەدکاری دەهات، کە لەلایەن کەسێکی وەک فرانکی بیل بەکاردەهات، تا خۆی لە کاری سێرفێسی تیاترۆخانەیەک لە کونی ئایلاند دەدۆزێتەوە، ماوەیەکیش دەبێتە دەرگەوانی تیاترۆکە لە بروکلین، لەوێ چەقۆیەکی بەروومەتی چەپی دەکەوێت، کە لەلایەن برای ژنێکەوە تووشی دەبێت، بەبێ ئەوەی هیچی بەرووی ئەودا کردبێت، زامداری دەکات، گلاسیو پاش ئەوەی دەستدرێژی دەکاتە سەر و زامداری دەکات، بەڵام کابونی دەست ناکاتەوە و رازی دەبێت لەلای ئەو ببێتە دەرگەوانیش. هەر ئەو لێدانە و ئەو دەمە چەقۆ بە روومەتی دەمێنێتەوە، بۆیەش نازناوی بە نیشانەی بەدوا دەکەوێت. لەگەڵ زۆربوونی بەدکارییەکان گومان لە کابونی دەکرێت، بۆیە لە بروکلین بار دەکات، ئەو لە تەمەنی بیست و شەشساڵییەوە دەست دەکات بە تاوانکارییەکان لە رێکخراوە سیستەمدارەکان.

ئەو لە رۆژی ٣٠ ی مانگی دیسەمبەری ساڵی ١٩١٨ ژن دەهێنێت و لەگەڵ مای جوزفین کافلین پرۆسەی هاوسەرگیری دەکات، ژنەکە کوڕێکی دەبێت، بەناوی ئەلبرت فرنسیس یان سونی دەبێت، ئەو لەسەر داوای توریو دەچێتە شیکاگۆ بۆ راپەڕاندنی کارەکانیان لە بواری فێڵ و ساختە و تەزویر.

## زاناکەی شیکاگۆ

لە شیکاگۆ، ئەو شارەی دەبێتە مەڵبەند و پایتەختی تاوانی سیستەمکراو لە هەموو جیهان، کابونی لە کەسایەتییەکی بکوژی سەرشێتانە، کە هیچ حیساب بۆ ئاوەز و یاساکان ناکات، دەبێتە بکوژێکی فێڵبازی زۆرزانی پێشەوای توندکاری زۆر بەتوانا و دەستەکان، کابونی بە زیرەکی و لەناو ململانێیەدا لەو شارەدا چالاکییە مافیاییەکانی بەڕێوە دەبات، کە لەو تەمەنەدا دەبێتە کەسێکی ساماندار، بۆیەش هەموولایەک دەکەونە بن کۆنترۆڵی ئەو، هاوکاتیش رێزی خەڵکە هاوکارەکانی گرتووە، کەسە گچکە و گەورەکان،

دژایەتی کەسی لەبەر نەژاد یان لەبەر باوەڕی ئاین نەکردووە، بۆ چارەسەرکردنی هەموو کێشەکان پەنای بردووتە بەر چەک، ئەو بڕوای بەوە هەبوو کە چەک هەموو کێشە ئاڵۆزەکان چارەسەر بکات.

چیرۆکی کابونی بەپێی هەندێ سەرچاوە لەوەوە دەست پێدەکات کە لەگەڵ کۆنە برادەرەکەی جونی توریرو، کە لەگەڵ جیمس کۆلۆسیمۆ (بیگ جیم) کە یەکێک بوو لە سەرکردە هەر دیار و ناسراوەکانی تۆڕەکانی ژنە سۆزانییەکان لە شیکاگۆ خزمایەتی هەبوو، کابونی لەودەمانە بە دوو تاوانی کوشتن تاوانبار بووە.

کابونی و جونی لەو رەوشەدا دیمانەیان دەبێت، تێدا کابونی داواکارە کارێک بدۆزێتەوە تا شتێکی دەست بکەوێت، بەوەش ژیانی منداڵەکانی دابین بکات، لەو گێژاوە دەربازی ببێت. جونی و توریرو کۆشش دەکات مامە بیگ جیم ئیقناع بکات واز لە چالاکی سۆزانییەکانیان بهێنێت، لەجیاتی ئەوەیان روو لە کاری دزی و راو و رووت و سەرانە وەرگرتن و قۆڵبڕین بکات، دیارە کۆششەکانی سوودی نابێت، بۆیە بڕیار دەدەن ئەو پیاوە لەناو ببەن و خۆیان تۆڕ و بەرنامەکان بگرنە بن دەستی خۆیان و بە ئارەزووی خۆیان بەڕێوەی ببەن.

بۆ ئەو مەبەستەش توریرو بەئاسانی کەسێکی دەست دەکەوێت، مامەکەی بۆ بکوژێت، کەسێک لە نیویۆرکەوە هاتبوو، دیارە ئەوەشی بەئاسانی بۆ جێبەجێ دەبێت، بەوەش گەورەترین گرووپی چەتەگەریی دەکەوێتە بن کۆنترۆڵی ئەو، بەوەش کابونی و توریرو دەتوانن بە باشی و بە تەنها کۆنترۆڵی شیکاگۆ بکەن، بەڵام دەستیان بە بەشە باکوورەکەی داناشکێت، کە تێدا گرووپێکی گەورەی تری چەتەگەری بە سەرکردایەتی کەسێکی ئیرلیندی بە ناوی دیون ئابانیون بەڕێوە دەچوو. بەڵام رۆژەکان بە سەلامەتی گوزەر نابن، زۆر ناخایەنێت کەوا شەڕێکی گەرم لەنێوان کابونی و توریرو سەرۆک چەتەکانی باکوور دیون روودەدات، دەرئەنجام دیونیش دەکوژن، لەو شەڕانەدا توریرو بە خەستی بریندار دەبێت، بۆیە پیاوە بریندارەکە دەست دەداتە

سامانەکەی لەساڵی ١٩٢٥ لە بروکلینەوە بەرەو ئیتاڵیا بار دەکاتەوە، بۆیە کابونی تەنها لە مەیدانەکە دەمینێتەوە و لەودەمانە تەمەنی تەنها بیست و شەش ساڵ دەبێت و سەرکردایەتی زۆرتر لە هەزار کەسی پیاوکوژ و دز و جەردە دەکات، کە تێدا هەموو رەگەز و تیرەیان لەناو دەبێت، هەمووش بە رێنمایی و بە فەرمانەکانی ئەو دەجولێنەوە و مووچە و پاداشتیان دەکات، هەفتانەش میزانیەکەی دەگەیشتە نزیکەی سێ سەد هەزار دۆلار.

کابونی دەتوانێت کۆنترۆڵی هەموو چالاکییەکانی بەدکاریی لە شیکاگۆ بکات، ئەوانەی بەیەکەوە ساڵانە زۆرتر لە سەد ملیۆن دۆلار داهاتیان بۆ داهاتی نەتەوەیی هەبوو، کە لە بوارەکانی قوومارخانە و ماڵە سۆزانییەکان و فرۆشتنی مەشرووب پەیدا دەکران، کابونی لەساڵانی نێوان ١٩٢٠ هەتا ١٩٣٠ لەو ساڵانەی تەنگژەی ئابووری و سەردەمی دوای کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهان توانیبووی سەرکردایەتی ئەو دەستانە بکات کە کاری قاچاخیان کردووە، فێڵیان لە مەشرووب دەکرد، ئەوانەی چەندین جۆر چالاکی نایاساییان کردووە، ئەو کارانەی لە بن پەردەی بازرگانیکردن بە کۆنەفرۆشی و کەرەستەی بەکارهاتوو کردووە. کە کابونی پارە و دەسکەوتی زۆر دەبێت، دەتوانێت کۆنترۆڵی رەوشە سیاسییەکە و دامەزراوەکان پەیوەیست بە جێبەجێکردنی یاساکان لە شیکاگۆ بکات، تا رادەیەک دەتوانێت شارڤانی شاری شیکاگۆ ولیام (بیلە گەورەکە) هیل تومسون بەرتیلخواردوو بکات، هەر بە سامان و لێزانی خۆیانەوە دەتوانێت زۆر ببێتە کەسێکی ناودار و ناسراو، کە میدیاش بە کەسێکی بەدکار ناوی دەبەن، ئەو بەخۆشییەوە وەڵامیان دەداتەوە و دەڵێت:

من تەنها کەسێکی کاسبکەرم، پێداویستییەکانی خەڵکەکە دابین دەکەم، هەموو داخوازییەکانیان ئاسان دەکەم.

# کۆمەڵکوژییەکان بۆ دەسەڵات

کابونی لەبەرئەوەی چاوی لەوە بووە کە زۆرترین دەسەڵات و سەرمایەی هەبێت، بۆیەش نەیاری زۆری هەبووە و ئەوانیش کۆششیان کردووە بیکوژین، بۆیەش سەد جار کۆششی لەناوبردنیان کردووە، لەوانە ویستوویانە ژەهرخواردووی بکەن، لەبەر لێزانی و شارەزایی هەردوو پاسەوانەکەی هەموو هەولەکان پووچەڵ دەبوونەوە.

ئەگەرچی پاسەوانەکانی زۆر وریایانە گیانیان دەپاراست، زۆر پلانیان بۆ کوشتنی زووتر زانیوە و پووچەڵیان کردتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا قسە لەسەر ئەوەش کراوە کەوا ئەو چۆن تۆڵەی لەو کەسانە کردووتە کە نیازیان بووە لە نزیکەوە بیکوژن، کە زۆر بەشێوەیەکی دڕندانە لەناوی بردوون، کە دوو لە پیاوەکانی، جۆن سکالیز و ئەلبرت ئەنسیلمی لە ژێرەوە بەرنامەی کوشتنی دادەرێژن کە کابونی بەوە دەزانێت، هەردووکیان ئێوارەکەیان داوەت دەکات، خوانێکی نازداریان بۆ سازدەکات، لەنیوەی شەودا کە لە خواردنەکە دەبنەوە، کابونی لەبن چاکێتەکەی وەک دیارییەک شیرێکی هیندی پێچراو بە حەریریان لێ دەردەهێنێت، بەو شیرە زۆر هۆڤیانە سەریان دەبڕێت. هەرچەند ئەو لە کارەکانی دژوار و دەستگەرم بوو، نەیارەکانیشی بۆ لەناوبردنی کۆششکار و هەراسان بوون، بەتایبەتی هەردوو نەیارە توندەکانی بەشە باکوورەکە، هایم فانیس و بگس موران، دەرئەنجام لە رۆژی ٢٠ ی مانگی دیسمبەری ساڵی ١٩٢٦ ئۆتومبێلەکەی ئەو دەدەنە بەر دەستڕێژی گوللە، لەودەمانەی کابونی لە رێستورانتی هوتێلی هاوتورن نانی دەخوارد، لەناکاو کاروانێکی پێکهاتوو لە دە ئۆتومبێل تەقە لە رووی هوتێلەکە دەکەن، ناوچەکە دەکەنە یەکپارچە ئاگر، بەڵام زووتر پاسەوانە دڵسۆزەکەی کابونی، فرانکی ریو لەگەڵ یەکەم تەقە کابونی بەردەداتەوە و خۆی دەهاوێتە سەری، بەوەش برا گەورەکەی لە کوشتن دوورەدەکاتەوە.

لەو رۆژەوە کابونی ناچار دەبێت، ئۆتومبێلی کادیلاکی دژە گوللە پەیدا

بکات و زەنگی ئاگادارکردنەوەی پۆلیسیش بەکاردەهێنێت. کە لەساڵی ١٩٣٢ پۆلیس، کابونی دەگرت ئەو ئۆتومبێلەش لەلایەن وەزارەتی خەزانەی ئەمریکی دەگرن، تا ئۆتومبێل لیموزینەکە بکرێتە ئۆتومبێلی تایبەتی سەرۆکی ئەودەمانەی ئەمریکی فرانکلین رۆزفلت. پاش ئەو رووداو و هێرشە ئاگرینەکە بۆ سەر کابونی، ئەو بەردەوام لە شوێنی مانەوەی خۆی لە هوتێلی یکسنگتون پاسەوانی دوو چەکداری وریا بۆ سەلامەتی خۆی دادەنێت. لەو ماوەیەدا ئەو لەنێوان حەشارگەکانی لە دەرەوەی شیکاگۆ لە بروکفیلد و یسکوتسین، مینیسونا، ئویان، نیویۆرک، لایکی فەرەنسی و ئەندیانا، دوبونک، ئایوا، فلۆریدا، جونسون سیتی، تینیسی، گراند هاڤن، میتشیگان، وانزینگ، لەساڵی ١٩٢٨ کابونی چواردە ژوور بۆ خۆشاردنەوە لە دوورگەی بالم، فلوریدا لە نزیک کەناری میامی دەکرێت.

بۆ خۆپاراستن و زۆرتر ئاگایی رۆژێکیان لەگەڵ دەستەیەک لە پاسەوانەکانی کابونی لە یەکێک لە ئیستگەکانی ترێن لە شیکاگۆ ئەو دەردەکەوێت، بەیەکەوە پلیتی سەفەر دەکڕن و یەک فارگۆن بەکرێ دەگرن بەرەو کلیفلاند و ئوماها و کانساس سیتی و لیتل رۆک و کانییە گەرمەکانی ئەرکنساس بەڕێدەکەون، تا ماوەی یەک هەفتە لە هوتێلە ئەستێرە بەرزەکان و بەناوی خواستراو و بە زانین و ئاگاداری حکومەت و چاوپۆشی ئەوان دەمینێتەوە، کە دەرئەنجامەکەی کۆمەڵکوژییەکەی رۆژی قەدیس ڤالنتین لە ریکەوتی ١٤ ی مانگی فبرایری ساڵی ١٩٢٩ لە گەڕەکی لینکۆلن پارک لەنزیک شیکاگۆی باکووری لێدەکەوێتەوە. ئەگەرچی وردەکارییەکانی رووداوەکە و کۆمەڵکوژییەکە باش و روون نەزانراوە، بەڵام دەزانرێت کەوا حەوت کەس لەو رووداوە دەکوژرێن، ئەوەش وەڵامدانەوەیەک بوو بۆ دەستەکەی باجس موران، دوا سەرکردەی دەستەی ئەبانیوییە ئەیرلیندییەکان.

بۆ چاودێری مەبەستەکان و خاڵەکان، پیاوەکانی کابونی لە کۆگایەکی لۆرییەکان کە بارەگای موران بووە، شوقەیەک بەکرێ دەگرن، چونکە کابونی بڕیاری کوشتن و لەناوبردنی مۆرانی دابوو، چالاکییەکەش هەر بۆ

بوارسـازبوون بوو، بۆ تەواوکـردنی فرۆشـتنی سـەفەقـەیەک لە مـەشـرووب بە نرخـێکی هەرزان. مـوران کـە دەگـاتـە ناوچەکـە، هەست دەکـات، ناوچەکـە پۆلیسی تێدایە، راسـتییەکەش پۆلیسـەکان پیـاوانی کـابونی بوون، کە خـۆیان بەو بەرگـە پۆشـیـبوو، بـەڵام مـۆران وادەزانێت ئەوان پـۆلیسن، بـۆیە بەدزی لە ناوچەکە دووردەکـەوێتـەوە، بەڵام پیاوانی کـابونی بە چڕی تەقـە لە دەسـتـەیەک لەوانە دەکـەن، بەو هیـوایەی مـۆرانیش لەناو ئەوانـەدایە، بەڵام بە کـوشــتنی حـەوت کـەسـەکە، هـەموویـان دەکوژرێن چـونکە هـەر یەک لە پیـاوەکـان زۆرتر لە پازدە گـوللـەیان بـەرکـەوتبـوو، بـەڵام ئەو لە پـلانە دژوارەکـە دەربازی دەبێت. حکومـەتی ئـەمریکی ئەو کـۆمـەڵکوژییـەی بە دژواترین تـاوان و پلان ئەژمـارد کردبوو، کە لەلایەن پیـاوانی مـافیا ئـەنجام درابێت، بـۆیەش ئیدارەی ئـەمریکی بڕیاردەدات کـابونی لەناو ببـات، بەڵام هیچ بەڵگـەی دەست ناکـەوێت کـەوا ئەو دەستی لەو پلانەدا هەبووە.

## کۆتاییەکە

دەســەڵاتدارانـی شـیکاگـۆ بـە تاوانی خـۆدزینـەوە لە دانی باج لـەسـاڵی ١٩٣١ بەرنامـە دادەرێژن بۆ گـرتنی کـابونی، بۆیـە لە مـانگی مـایۆی سـاڵی ١٩٣٢ دەگـیـرێت و رەوانەی گـرتووخـانەی ئەتلانتـای ئـەمـریکی دەکـەن، بـەڵام ئەو دەتوانێت ژمـارەیەک ئاسـانکاری دەسـتـەبەر بکـات، بەڵام لەوێ دەگـوازرێتـەوە گرتووخـانەی کـاترازی کە بەتوندیی و پاسـەوانی زۆر دەناسـرا، لەوێ دەرگـای دەرەوەی لەســەر دادەخـرێت، بەیەکــجـاری لە دونیـای دەرەوە دادەبڕێت، ئەگـەرچی ئەو لـەوێ خـۆی لـەگـەڵ رەوشــە نـوێیـەکـە دەگـونجـێنێت، بەڵام لەبـەرئەوەی مـومـارەسـەی سـێکسی زۆری کـردبوو، لـەوێ دەردی نەخـۆشی سلفسی زۆر لـێ بەدیار دەکەوێت، کە زووتر ئەوەی هەبوو، بـۆیەش سـاڵەکانی دوایی ژیـانی لـەو رەوشـــە ناڵـەبەرەو لە خـــراپی هەمـــوو کــەشــەکــانـدا بە نەخۆشـخـانەی گرتووخـانەکە بە نیگـەرانی و بە نارەحـەتی ژیان بـەڕێدەکات. کــابونی لـە کــاتراز و لـە رۆژی ٦ ی مــانگی ینـایری ســاڵی ١٩٣٩ مــاوەی

گرتنەکەی تەواو دەکات، لەوێیەوە دەگوازرێتەوە بنکە چاکسازییەکانی فیدرالییەت لە ویلایەتی کالیفۆرنیا تا ماوەی ساڵێک وەک سزایەکی تاوانکاری ئیشی بەرژەوەندی بۆ وڵاتەکەی دەکات، لە رۆژی ١٦ ی مانگی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٣٩ بە مەرجی تایبەت ئازاد دەبێت، لەگەڵ ژمارەیەک لە ئەندامانی خێزانەکەی سەفەری ماڵەکەی خۆی لە فلۆریدا دەکات، لەوێ حەوت ساڵ لە گەڵ نەخۆشی و بوورانەوە و بیرچوونەوە و نیگەرانی دەژیت، بەبێ ئەوەی هیچ دەسەڵات و پاوەری بەسەر تۆڕەکانی مافیاوە مابێت، ئەندامانی مافیایش بەردەوام سەردانی دەکەن، لە رۆژی ٢٥ مانگی ینایری ساڵی ١٩٤٧ نەخۆشییەکە دەیکوژێت، زۆر لە ئەندامانی مافیا بۆ مردنی سەرکردە شکۆدارەکانیان پرسەیان دانابوو.

## درۆ و راستییەکەی دۆن کۆرلیونی

مێژووی مافیا لە سەرەتای دەرچوونیان لە زێدی خۆیان لە ئیتاڵیا و دوورگەی سیسلیا و لە سەرەتای سەدەی بیستەم، بە زەریای ئەتلەسی و بەرەو رووی تری جیهان، چەندان ناو و ناوبانگی چیرۆک و سەربردەی وایان لەو کاروانە جێ هێشتووە، زۆریان لە خەیاڵ دەچن، رووداوەکان لە چنینی حیکایەتە میلی و دارِشتنی هزری ئەدەبی نزیکن. یەکێک لەوانەی ژیان و کارنامەیان لە خەیاڵ و راستی دەچێ، پێشەوای مافیا (دۆن فیتو ئەندولینی کۆرلیونی) ناوی هاتووە، ئەوەی نووسەری ئیتاڵی (ماریو بوزۆ) ژیانی ئەوی کردووەتە رۆمانە بەناوبانگەکەی بە ناوی (باوکە روحییەکە) کە پاش دەرچوونی لە ساڵی ١٩٦٨ لە هەموو جیهان ناوبانگی دەرکردبوو، رۆمانەکەش وەرگێردرابووە سەر چەندان زمان، پاشان سیناریۆشی بۆ ساز کرا و کرابووە فیلم، بەوەش سەربردەی بنەماڵەکە بووە حیکایەتی نەمر و دەگەیشتە ئاستی ئەفسانەی گریکە کۆنەکان.

کەم کەس ئەوە باش دەزانێت یان سەریان لەوە دەردەچێ ئایا چیرۆکی رۆژانە و سەربردەی دۆن کۆرلیونی ئەدەبی و سینەماییەکەی چەند لە

واقیعەوە نزیکە، چەندی خەیاڵە. ئەگەرچی رامانی زۆر لەسەر ئەو چیرۆکە هەیە، بەڵام دیارە کەوا ئەوە رەنگدانەوەی ژیان و کارنامەی زۆربەی سەرکردایەتی مافیایە، ئەوەشیان بیرەوەری ناوادارترین و دەستڕەشترین سەرکردەی رێکخراوەکەیە لە دنیا، دەڵێن ئەو بوو نەخشەسازی کوشتنی بە کۆمەڵی هەموو سەرکردەکانی مافیای لە ساڵی ١٩٣٨ دانابوو، بەبێ چاوترووکاندن، بەبێ دوودڵی و دەست لەرزین هەمووی لەناو بردوون، پاشان خۆی لە نیویۆرک بووەتە سەرکردەی مافیا و لەسەر کورسی کوزانوسترا ماوەتەوە. ماریو بوژو لە بەسەرهاتی سێ کەسی راستەقینەی ناو کەسە دیارەکانی مافیا ئەو چیرۆکەی هەڵچنیوە، هەمووی بەیەکەوە تێکەڵ کردووە ئەو بەرهەمەی لێ دەرچووە، بۆیە دەڵێن رەنگە ئەو لە نێوان ساڵانی ١٩٠٠ هەتا ١٩٦٠ ژیاوە. بەگوێرەی گێڕانەوەی سەربردەکان قەدەر رۆڵی زۆر بووە کۆرلیونی ببێتە سەرکردەیەکی ناسراو و دەسەڵاتی مافیا، چیرۆکەکەش لە کاتی بەرێکردنی تەرمی برا گەورەکەیەوە دەست پێ دەکات.

یەکێک لە سەرکردەکانی مافیا برایەکی ئەو دەکوژێت، ئەویش ئەو دەمانە دەستی لەناو دەستی دایکی دەبێ، دایکی لە بن دەست و پێی ئەو دەپاڕێتەوە تەرمەکەیان بداتەوە و چیی تر دەستیان لێ نەوەشێنێ، بەڵام بکوژەکە پاش کوشتنی برا گەورەکەی دەیەوێ ئەو کوڕە منداڵەش بکوژێت، فیتو کۆرلیونی بەو گچکەییەوە خۆی لەبن دەستی دەرباز دەکات، چونکە دایکەکە زۆری لێ دەپاڕێتەوە براکەت کوشت ئەو منداڵە مەکوژە، ئەوەندە گچکە و نەفامە، هیچ نازانێ، بەڵام ئەو وەڵامی دایکەکە دەداتەوە و دەڵێ:

ئەوەیە کە گەورە دەبێ، رۆژێک دێ تۆڵەی برای دەکاتەوە، ئەگەر ئیمڕۆ نەیکوژم، ئەو من دەکوژێتەوە، کە ئەو پەلاماری منداڵەکە دەدات، دایکی هاوار دەکات، زووکە کورە راکە، خۆت دەرباز بکە، کە منداڵەکە دەربازی دەبێت ئەو دایکی دەکوژێ، منداڵەکە هەر لەو راکردنەوە بەرەو ئەمەریکا سواری پاپۆڕێک دەبێ و رزگاری دەبێ.

رۆژان دێ و رۆژان دەڕوات، کوڕە هەڵاتووەکە گەورە دەبێ، ماڵ و خێزان

دروست دەکات، لە وڵاتە نوێیەکە دەبێتە کەسێکی پێگەیشتوو، بەڵام هەرگیز دوێنێ و رووداوە تاڵەکانی لە بیر ناچێتەوە، فیتو لەو وڵاتەدا لەگەڵ دوو کەسی تر پێوەندی دەکات، لەگەڵ ئەو دوو کەسە یەکەمین دزی دەکات، پارەکەش لە نێوان خۆیاندا بەش دەکەن. کە دزییەکە دەکەن، دۆنە بەرپرسەکە، فانوتشی ئەوەی سەرانە لە خەڵک وەردەگرێت، ئەوەی سەرپەرشتی دەستەی چەتەگەری کردبوو، بەوە دەزانێ، لەوان تووڕە دەبێ، بۆیە فیتو لەوەیان تووڕە دەبێ، دەڵێ دەچم ئەو پیاوە دەکوژم. هاوڕێیەکانی کە ئەو قسەیە لەو دەبیستن، زۆر سەربەرز دەبن، بە ئازایەتییەکەی سەرسام دەبن، بۆیەش ناوی لێ دەنێن، دۆن (فیتو کۆرلیونی)، بۆیەش رێزی زۆرتر دەگرن، هەموو لایەک بڕوای زۆری پێ دەکەن، کە چۆن دەتوانێ کێشە و ئاریشەکان چارەسەر بکا، وەک کەسێکی سەرکردە رەفتار دەکات، بۆیە ئەو کەسانەی بە رەچەڵەک ئیتاڵی دەبن، رێزی زۆرتر دەگرن و وەک باوکێکی روحی سەیری دەکەن، بەشێوەیەکی رەها وەک باوک سەیری دەکەن، لە قسەکانی دەرناچن. کە سەرکردەکانی ناو بنەماڵەکانی مافیا لەگەڵ یەکتردا ناکۆک دەبن، کە بەردەوام دژایەتی یەک دەکەن، بەوەیان فیتو زۆر نیگەران دەبێ، وەک سەرکردەی ئەوان هەست دەکات، ئەوانە بەناحەق و بەشێوەیەکی ناڕەوا ململانێی ناشەرعی دەکەن، بۆیە رۆژێکیان لە ساڵی سییەکان لە یەک رۆژدا و لە دەستوەشاندنێکی چاوەڕواننەکراو هەموویان دەکوژێ، سەرکردەکان قڕ دەکات، بە سەرکەوتوویی و بەبێ ئەوەی کەسیان دەست بکەنەوە هەموویان دەکوژێت، ئەو کۆمەڵکوژییە بە کۆمەڵکوژییەکەی سییەکانی ناو مافیا ناسراوە، چونکە هەموویان دەکوژێت و کەسیان دەربازیان نابێ.

## فیلمێکی زۆر تەواو

دەرهێنەری بە ڕەچەڵەک ئیتاڵی فۆرد کۆبۆلا تەمەنی نەگەیشتبووە سی و پێنج ساڵ کە لەگەڵ بوزۆ ڕێک دەکەون سیناریۆیەک بنووسنەوە، کە سیناریۆکە رێک لەگەڵ دەقی رۆمانەکە گونجاو بێ، سەرەتا لە ساڵی ١٩٧١ کار دەکەن

کەوا بەشی یەکەمی فیلمەکە پێشکێش بکەن کە لە سێ بەش پێک هاتبوو، کە لە رۆمانی باوکە روحییەکە، یان زۆرزانەکە، (العراب The Godfather) کە ژیانی راستەقینەیی کۆرلیونی تێدا بەرجەستەیە، ئەو پیاوەی بووبووە باوکی روحی هەمووان، ئەوانەی لەناو بنەماڵەکەی ئەودا بوون، یان ئەوانەی لە دەرەوەش بوون.

ئەو بەشەی فیلمەکە، لە مێژووی دوور و درێژی سینەما لە ساڵی ٢٠٠٧ پلەی دووەمی بەدەست هێناوە، یەکێکە لە فیلمە هەر ناودارەکانی سینەمای ئەمەریکا، بۆیەش ئامۆژگەی فیلمی ئەمەریکایی لەو دواییانەدا پلەی یەکەمی لە ریزبەندی باشترین فیلمەکانی چەتەگەری و تاوان بۆ داناوە، کە فیلمەکە بەرجەستەی کەسایەتی بەهێزی سەرکردەی مافیا لە ئەمەریکا فیتو کۆرلیونی کردووە. لەو فیلمەدا ئال باتشینو رۆڵی کوڕە گچکەکەی مایکل کۆرلیونی بینیبوو، هەر لەو فیلمەدا ئەکتەر براندو لەسەر دەورەکەی خۆی خەڵاتی ئۆسکاری باشترین ئەکتەری بەدەست هێنابوو، بەڵام بۆ دەربڕینی ناڕەزایی لەسەر رەوش و مامەڵەی ئیدارەی ئەمەریکایی لەگەڵ هیندییە رەسەکانی ئەو کیشوەرە، هونەرمەندەکە خۆی ناچێ بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکە، لە جیاتی خۆی کیژێکی هیندی ناردبوو، بەوەش پەیامێکی تووڕەیی بەو کیژە هیندییە سوورە ئاراستەی حکوومەتی ئەمەریکا کردووە، کەوا بەسە ئەوان بە چاوی ستەم و پلەی نزم سەیریان دەکەن.

فیلمەکە شانازی بەو بنەماڵە سیسلیاییە دەدا، پاش ئەوەی فیلمەکە یازدە خەڵاتی وەرگرتووە، لەوانە لە ئۆسکارەوە، کۆبۆلا لە یەکێک لە سەرەنجەکانیدا لە رۆژنامەکاندا نووسیویەتی:

لە کاتی سازکردن و جێبەجێکردنی ئەو فیلمە، هەستم دەکرد منیش بوومەتە بەشێک لەو بنەماڵەیە، ئەگەرچی ئەوان هەڵە و تاوانکاری زۆریشیان کردووە، بەڵام لە کاردانەوەی کارەکەم بووبوومە بەشێک لەوان، هەستم بە ئارامی و بەیەک بەستنەوە دەکرد. فیلمەکە سەرجەمی دیمەنەکانی باس لەو بنەماڵەیە دەکات، کۆرلیونی پێناسە دەکات، کە برێتی بووە لە باوکەکە و

کوڕەکانی، سونی، فریدو و مایکل و کۆنی کیژە تەمەن هەژدە ساڵییەکە، کە لە سەرەتای فیلمەکە ئەو کیژە شوو بە کوڕێکی ئیتاڵی بە ناوی کارلۆ ریزی دەکات، کە هاوڕێی نزیکی سونی برایەتی.

## وانەکانی کۆرلیونی

ئەوانەی چیرۆکی فیلمەکە دەزانن، ئەگەر راستی بێ، یان دارشتنی خەیاڵیش بێ، زۆرن ئەوانەی رووداوی فیلمەکە بە بەشێکی گرینگی وانەی ژیان دەزانن، بۆیەش دەڵێن ئەو فیلمە وەک شەراب وایە، هەرچەند کۆن دەبێ تام و بەهای زۆرتر دەبێ، لەگەڵ ئەوانەشدا فیلمەکە دوورە لە زێدەڕۆییەکانی فیلمەکانی تاوانی سەردەمەکە، کە تژین لە خوێن و جنێودانی ناشیرین، لەگەڵ ئەوانەشدا، لە رووداوەکانی فیلمەکە چەندان وانەی بەنرخ قووڵی بۆ سوودی گشتی تێدایە، لەوانە:

* بوار ساز نەکەن بیر و رامانەکانی خۆتان لەناو بنەماڵەکەتەوە بچێتەوە دەرەوە، کۆرلیونی بەو سازییە پێوەندی لەگەڵ مافیوزوی سولۆزو کردبوو. ئەوانەی کۆشش و پەرێشانی ئەوە بوون بە مادەی بێهۆشکەر زوو دەوڵەمەند ببەن، ئەو نەیویستبوو، کە ئەو سەرکەشانە دانووستانەکەی دەکرد فریدوی کوڕی بەشدار ببێ، بۆیە سولۆز کۆششی کوشتنی کردبوو، کە بۆ سەرگرتنی سەفقە موخەدەراتەکاندا هەڕەشەی کوشتنی کوڕەکەی کردبوو.
* پێش ئەوەی قسەیەک بکەیت، یان رامانێک دەرببڕیت، وا باشترە گوێ لە دایک و باوکت رابگریت، چونکە زووتر هاتوونەتە ئەو ژیانە و ئەزموونیان زۆرە، پێش هەموو هەنگاوەکانت پرس بەوان بکە. هەرگیز ئەوە لە بیر مەکەرەوە، بەردەوام کانولی (ئاماژەکردنە بە تفەنگ یان هەر چەکێکی تر) لە بیر مەکە. ئەگەر چەکساز بیت، دەتوانیت لەو دنیایە پارێزگاری لە خودی خۆت بکەیت، وا باشە بەردەوام ساز و ئامادە بیت، پارەی ورد و پێویستت

بۆ هەموو ئامێرەکانی پارەوەرگرتنت پێ بێت، خۆت دوا مەخە، بە دواکەوتن دەکەویتە ناو لێزمەی گولەباران.

* مـــەشـــروب خـــواردنەوە و مـــەی تاوان و هـەڵـەیەکی گـــەورەیە، بەڵام بە مـوخـــەدەرات هەمـوو کـەست لـە کیس دەچێ، هـەمـوو شـتـێکت لە دەست دەردەچێت، بەردەوام ئەوەت لە بیر بێ کەوا بزانیت بڵێی نەخێر، ئەوەشیان بۆ زۆرتر بیرکردنەوە و بڕیاردانی پێویست.

* لە هاوڕێیەکانت خۆت دوور ڕامەگرە، لە دژی بنەماڵەکەت هـەڵویستی نەرێی وەرمەگرە، چونکە ئەندامانی ئەو خێزانە هەڵەکانی تۆ لە بیر ناکەن، ئەوە و بنەماڵەکە خیانەت هەرگیز لە بیری ناکەن.

* کۆشش بکە بوارێک بۆ ئاهەنگ و شـادی هاوڕێیەکـانت بدۆزەرەوە، ئەوەش بە مەسـەلەیەکی تـایبـەتی مـەزانـە، چونکە ئەوەشـیان بەشێکە لە بزنس. کە تەقە لە باوکەکە دەکرێت، سونی کوڕەکە دەست لە کوشتنی خـەڵکەکەی ناو بنـەمـاڵەکـــە ناپارێزێت، ئەوەی پێـوەندیی هەبووە بەو مـەســەلەیە لەناوی بردوون، شەڕەکەش پێنج بنەماڵەی مافیا دەگرێتەوە، بەڵام باوکە روحییەکە زیرەکـانـە دەتوانێ ئاگری شـەڕەکە بکوژێنێتـەوە و هەمـوو بنەمـاڵەکـان کۆ دەکاتەوە و ئاشتیان دەکاتەوە.

* دوا دەرسیش لەو فیلمەدا ئەوە بووە، کەوا موبارەککردنی کەسە چاکەکان، مانای ئەوە نییە گەشتی راوکردنەکەت کۆتاییی هـاتووە، کە چوویتـەوە راو نوێژەکەی خۆت بکە، چاکێتە بەرگرییەکەت لەبەر بکە، تا لەگەڵ ماسییەکان نەکەویتـە خەوی قووڵەوە، (ئەوەش لەلای سیسلیاییەکان ئاماژەیە بە واتەی مردن).

***

ئەوەی ئەو فیلمەی دیبێت، دەزانێ کەوا باوکە روحییەکە قسەیەکی هەبوو، بەردەوام دەیوتەوە، رستەکە زۆر دەناسرێتەوە ئەویش کە دەگوترا:

(نمایشی وایان نیشان بدە، شتی وایان بدەرێ کە نەتوانن، ڕەتی بکەنەوە،

زۆر سەرەنجراکێش بێ).

ئەوەش قسە و دیالۆگ و مەرجی کەسانی بەهێز و بەدەسەڵاتە، کە دەیداتە کەسانی تر. بەڵام ژیانەکە وەک خۆی، ڕۆژانەکەیان وەک ڕووداوی ناو فیلمەکە نەبوو، زۆر ئاڵۆز و بەگرێ بوو، باوک و گەورەکانی وەک کۆرلیونی کەم پەنایان بۆ هێز و پاوەر دەبرد، ئەوان باش لە بازاڕ و ڕۆژگارەکان تێ گەیشتبوون، لەگەڵ ژیان و چالاکییەکانی ئەو باوکە روحییە چەند دەرس و وانە و رامان لە ئەزموونەکەی ئەو تۆمار دەکەین:

١- دیارە کەوا لە مامەڵە و لەناو بازاڕەکاندا پارە و سەرمایە زۆرە، پارەکە زۆر زۆرترە لەو بازاڕەی خۆت سازی دەکەیت.

٢- دەتوانیت بۆ قازانجکردن، بۆ پارەی زۆرتر لە جیاتی هێز و شەڕ دەکرێ کالاکانت بە نرخی کەمتر و بەگوێرەی پێویستی بازاڕ نمایش بکەیت باشترە و سەرکەوتنی دڵنیاترە.

٣- دەبووایە لە بوارەکانی بزنس، بەهای کەرەستەکە بزانیت، ئەوانەی داوایان لەسەرە زۆرتر.

٤- دەبێ باش لە رەسەنایەتی بەرهەمەکە بزانیت، خۆت باش بزانیت تۆ چیت هەیە، بواریش بۆ خەڵکەکە ساز بکە، ئەوانیش قسەی خۆیان بکەن، بڕیاری ئەوانیش با لە جیاتی بڕیارەکەی تۆ بێ.

٥- دەبێ ڕێزی زۆری ئەوانە بگریت کە کالاکەت نمایش دەکەن، ئەوانەی دەستیان دەڕوات و ئیش لەژێر دەستیان دەردەچێ.

٦- بواری هەمەڕەنگی بدۆزەوە، لە بازاڕی گەورەتر و فراوانتر بگەڕێ، بواریش بە کەسانی تر بدە، بەرهەمەکانیان نمایش بکەن.

٧- کۆشش بکە گەیشتن بە کالاکانی تۆ ئاسان بێ.

٨- کە قازانجی باشت دەست کەوت، لە پاداشتکردنی خۆت، چاوچنۆک مەبە، قازانجەکان باش لە خۆت سەرف بکە.

٩- لە رەفتارەکانت نەرم و لەسەرخۆ بە، بە شتێکە وەنووسێ ئەگەر زانیت،

خێری کەمە، ئەگەر کالاکەت ناسی داهات و کارکردنی ناڕەحەت و لاوازە، لەوانە دوور بکەرەوە.

١٠- ئەوە باش بزانە کە تامت لە قازانجەکانت وەرگرت، وزەی زۆرترت بۆ بەردەوامی و داهێنانی زۆر دەبێ.

ئەوە باشتر بزانە ئەگەر بتەوێ کار و بەرنامەکانت زۆرتر خێر بداتەوە و گەشە بکەیت، بێگومان سوودوەرگرتن لە دەرسەکانی کۆرلیونی باشترین ئەزموونە، تۆش پێویستت بەوە نابێ چەند چەتە و ڕێگریش رابگریت تا ببیتە سەرکردەیەکی زۆرداری مافیا تا زۆرتر پارەت دەست بکەوێ، یەکەم دەرس لە ئەزموونەکەی ئەو، ئەوەیە کەوا پێگەی هەموو کەسەکان باش بزانیت، ئەوەیان دەرسێکی پڕ بایەخە تا بزانیت چۆن رەفتاریان لەگەڵدا بکەیت.

## پاشماوەکانی کۆرلیونی

دەقە ئەدەبییەکان و سیناریۆی سێینە سینەماییەکە و دەرسەکانی ئیدارە تاکە میراتی ئەزموونەکەی رۆژانەی کۆرلیونی نەبوو و بەس، چونکە لەو رۆژانە دیزاینی یارییەکانی کۆمپیوتەر و گەمەکان لە بیر و ناوەڕۆکە سەرەکییەکەی فیلمەکە سوودیان بینیوە، بەوەش سوودی زۆریان بینیوە، دیارە کەوا گەمەکانیش ئاڵۆز و گرانیش بوون، هەر لەو گەمانەدا دانووستان و لێپرسینەوەش بوونی هەیە لە وەرگرتنی زانیاری لە کەسە بەدیلگیراوەکان. لە گەمەکاندا فێرت دەکەن چۆن شاری نیویۆرک بدۆزیتەوە، نەخشەی ئەو شارەی سالانی چلەکان بناسیت، بە مۆزیک دەتباتە سەنتەرەکان، پارکەکان. لەگەڵ هەموو نوێکاری و تەکنیککارەکان، کەماسییان هەیە، یەکێک لە خەوشەکانی ئەو گەمانەش ئەوەیە، کەوا کەسایەتییەکان نەگۆڕن، هەموو ئاکارەکان، ڕووداوەکان لە فیلمەکە نزیکە، ئەگەرچی سەردەمەکە زۆر جیاوازیشە. گەمەکە دیزاینەکەی وایە بەشداربووەکان بە کەرەستە و بژارەکان دەتوانن دەستەی چەتەگەریی ساز و ئەکتیڤ بکەن، سەرەتا باوکەکە بە گوللەی دەستە نەیارەکە

دەکوژرێت، لە دیمەنێکی تری فیلمەکە لە ئاهەنگی زەماوەندێکدا دایکەکە داوا لە دۆنەکە دەکات لە چالاکییەکە بەشدار و دیار بێ، بۆیەش پیاوەکە کە باوکەکەیە ناتوانێ لە قسەی هاوسەرەکەی دەربچێ، بۆیەش هاوکاریت دەکات، بوار ساز دەکات بچیتە ناو بواری کارکردن لە راپەڕاندنی کارەکە لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکە. پاشان بۆ گیان پاراستنی بازرگانەکان ئەویان دەکەوێتە کارکردن و کاری نافەرمی دەدۆزێتەوە، دیارە کەوا خاوەن سەرمایەکەش ناتوانێ سەرپێچی داواکەی ئەو بکا، بۆیە رۆڵی تۆقاندن و ترس دەردەکەوێت، کە لە رووخاندن و شێواندنی کۆگاکان، یان ئاکاری کەسەکان خۆی دەنوێنێ. لەو گەمانەدا بێجگە لەوانە بابەت و رووی تریش وەک خۆی وەرگیراوە، وەک بردنی دۆن کۆرلیونی بۆ نەخۆشخانەکە پاش ئەوەی بریندار دەبێ، دەبێ لەوێش بەوردی چاودێریشی بکەیت و بە باشی سەرپەرشتی رۆژانەکەی بکەیت، یان بچیتە هۆلیوود تا لەوێ ئەسپی دەرهێنەرەکە لەسەر راسپاردەی باوکەکە بکوژیت، دەمانچەیەکیش بە دزی بگەینیتە مایکل کۆرلیونی بۆ کوشتنی سولوزو، ئەوە و چەندان دیمەنی تری فیلمەکە لەناو گەمە نوێیەکانی کۆمپیوتەر بەرجەستە کراوە. ئەو دەمانچەیەی لەو گەمانەدا بەکار هێنراون ئەگەرچی دەمانچەی سادە و نۆرماڵن، بەڵام کاریگەریی زۆرە، لەو گەمەیەدا دەتوانیت دیواربەند بۆ خۆپاراستن ساز بکەیت، خۆت لە ئاگری چەکەکان دوور بکەیتەوە کە تێیدا ژمارەیان دەگاتە ٣٨ جۆری هەمەڕەنگ، لە دەمانچەی جۆری تۆمی tommy gun و دەمانچەی بێدەنگ a snub-nosed و گوللەی مۆلۆتۆف و دینامێت و چەندان جۆری تری چەکەکان، دەتوانیت بچیتە ناو چەکفرۆشانیش جۆری چەکەکەت بگۆڕیت. کەسی کارا دەتوانێ لە یەک دەمدا چەندان پارچە چەک هەڵگرێت، لە کاتی پێویستدا جۆرە چەکەکە دەستنیشان بکا کە لە ئاست چالاکییەکە بوەشێتەوە، لەگەڵ ئەو چەکە زۆرانەش دەکرێ دەست بۆ لێدان و راوەشاندن و وتارخوێندنەوە و خنکاندن و ملشکاندن بەکار بێ، هەرچەند لە پێکانی مەبەستەکە وریا و دەستگەرم بیت، دیارە کەوا دەستکەوتەکەت بەهادارتر دەبێ و زۆرتریش پایەدار دەبیت، لەوانەشدا

پاداشتت زۆرترە، کە ناو و ئەزموونەکانت لە چالاکییەکانی تاوانکاریدا مەزن و پایەدارتر ببێت گەمەکە زەحمەتتر دەبێ، تۆڕ و پلانی زۆرتر دەبێ.

ئەوە و حکوومەتی ئیتاڵیا لەو دەمانەدا حەشارگە و نەواکەی سەرکردە ناودارەکەی مافیای کردبووە هەوارێکی گەشتیاری، لەو هەوارەی ماوەیەکی زۆر شوێنی یەکلاکردنەوە و تۆڵەکردنەوە و بەرنامەسازی بووە، ئێستاش دەتوانیت ماوەیەکی زۆر خۆش لەوێ بە ئارامی گوزەران بکەیت، هەروەها لەوێ کارگەیەک بە ناوی (ئای شینتو باسی) کە ناوی فیلمێکە و لە ساڵی ۲۰۰۲ نمایش کراوە کە تێیدا ژوورنالیست (بینینوو ئامباستاتو) کە بە دەستی مافیا تیرۆر کرابوو دروست کرابوو، ئەو پڕۆژە و چەند پرۆژەی تر لە تەنیشت هەوارەکەی کۆرلیونی بە پشتیوانی (لیبیرا) دروست کرابوو، لیبیرا ئەو رێکخراوە بوو کە دژایەتی مافیای کردبوو، کە لەلایەن کاهینی کاسۆلیک (شیونی)یەوە دامەزرابوو، کە تایبەت بوو بە گێڕانەوەی سامانە زەفتکراوەکان، ئەوەش دوور نەبوو لە هەڵە و خەوش، ئەوەش ئەو رێکخراوە و کڵێساکە هەڕەشەی تیرۆر و دزی و سووتانیشی لەسەر بوو. پاش ئەوەی یاساکانی ئیتاڵی گۆڕانی بەسەردا هاتبوو، چەندان بەندی هەموار کرابوو، دەکرا سامان و موڵکە زەفتکراوەکان بگێڕدرێتەوە، بەڵام دیارە کەوا ئازار و شەونخونیی ویستووە و پۆلیسیش پشتیوانی ئەو پرۆسەی کردبوو. کە سامانەکان لەبن دەسەڵاتی دەستەکانی مافیا دەرهێنرابوو، توانرابوو بۆ مەبەستی کۆمەڵایەتی بەکار بێ، لیبیرا قوتابخانەیەکی فێرکردنی سواری ئەسپییان لەسەر پارچە زەوییەک دروست کردبوو، کە خاوەنەکەی ناوی (بروسکا) بوو، مەڵبەندەکەشیان بە ناوی کوڕێکی گەنج نرابوو، کە بووبووە قوربانی کارە توندکارییەکانی مافیا، کوڕەکەش ناوی (جوسیبی دی ماتیو) بوو، هەر لەو مەیدانەدا و لەبەر بەرژەوندیی دەستکەوتی موڵکە گەڕاوەکان توانرا ئەو رێکخراوە چەند بوتیک و کۆگای فرۆشتنی نیسک و چا و مەعکروونی لەسەر ئەو زەوییانە دروست بکا، کە ناوچەکە چیی تر دەستی مافیای نەدەگەیشتێ. کە خاوەندارییەکەی دەگەڕایەوە بۆ ئەندامانی کۆنی

مافیا. لەگەڵ گێڕانەوەی چەندان حیکایەتی لە نێوان چیرۆک و ئەفسانە، کەسایەتی دون کۆرلیونی ئیمڕۆ وەک پاڵەوانێکی هۆلیوود و سینەما ماوەتەوە.

## هۆلیوود کۆنترۆڵی کردبوو

نووسەری ئیتاڵی ماریو بوزو لە کتێبەکەی خۆی بە ناوی (باوکە روحییەکە)دا لەسەر زاری یەکێک لە سەرکردەکانی مافیا نووسیویەتی:

(هاوڕێیەتی یەکێکە لەلایەنە گرینگ و پێشینەکانی هەموو کەسێک، هەندێ جاریش هاوڕێیەتی لە لیستی داواکانی بنەماڵەش دەردەچێ)، ئەو ئامۆژگارییە ئاراستەی گۆرانیبێژێکی لاو بە ناوی جونی فونتانی کراوە، کە کۆششی کردووە ناو و ناودارییەکەی رەوشن بمینێتەوە و ئاسۆی هەڵکەوتنەکەی ئاودیو نەبێت، هەندێک ئەو مەسەلەیە بە رووداوەکەی گۆرانیبێژی جیهانی (فرانک سیناترا) دەبەستنەوە، کەوا لە ساڵی ١٩٥٣ ئەزموونە هونەرییەکەی بە وەرگرتنی رۆڵێک لە فیلمی (لێرەوە هەتا کۆتایی) دەرباز دەکەن، بەوەش رووێکی تری کوزا نوسترای ئەمەریکایی نمایش دەکەن، کەوا لەو دەمانە دەستیان لە هەموو کونێک هەبووە، لە هەموو پیشە و لە پشت هەموو دەرگەیە ئامادە بوون.

مێژووی پێوەندیی تۆڕەکانی مافیا بە سینەما و میدیا دەگەڕێتەوە سی ساڵی یەکەمی سەدەی رابردوو، ئەوەش لە سەردەمی ئال کابونییەوە بووە، ئەو دەمانەی ئەو پێشەوا و سەرکردەی هەرە دیاری مافیا بووە لە شیکاگۆ، کە لە بیستەکان و سییەکاندا، ئەو ئەستێرەی هەرە بەرز و دیاری جیهانی ریکلام و راگەیاندن بووە، کە بە پڕوپاگەندای ئەمەریکایی خۆی وا نیشان داوە کەوا ئەو دزێکی شەریفە، یان خۆی وەک (رۆبن هود)ێکی نوێ نیشان داوە کەوا لە دەوڵەمەندەکان دزی دەکات، پارەکەش دەداتە کەسە هەژارەکان و ژانی نەبوونی و برسیەتییان کەم دەکاتەوە، بەڵام لە ڕاستییدا تیر و گوللەکانی بەر پشیلە قەڵەوەکان دەکەوت. کابونی توانیبووی بە یارمەتی و ڕێنوێنیی چەند

کەسیکی نزیک لە خۆی و شارەزا لە کارە هونەرییەکان یارمەتی ژمارەیەک لەو هونەرمەندانە بدا، وەک (ویلی بیوف) و (جۆرج برونی)، بەوەش توانییان دەست بخەنە ناو ئیدارەی یەکەتیی دەولی سینەماکاران بەوەش پارەیەکی زۆریان دەست دەکەوێ، بۆیەش کابونی و چەند سەرکردەیەکی تری تۆڕ و بنەماڵەکانی مافیا بە کۆششی زۆرەوە توانی پشتگیریی لە دەرچوونی برونی بکا، بۆ ئەوەی ببێتە سەرۆکی یەکەتییەکە، بەوەش توانییان زۆرترین سەرانە و پارە لە کۆمپانیا گەورەکانی دابەشکردنی وەک (فۆکس بۆ سەدەی بیستەم) و (باراماونت) وەربگرن. لەگەڵ هەموو بێزارکردنەکان، ساڵانە پەنجا هەزار دۆلاریان لەوان ستاندووە، بەشێکیان وەک پارەیەک بۆ پاراستنی سەلامەتییان لێ وەرگیراوە، بەوەش ژمارەیەک لە ئەندامانی ناو یەکەتییەکە دوور دەکەونەوە، ئەوەیان دەبێتە مایەی ناڕەزاییەکی بە کۆمەڵ لەناو یەکەتییەکە، بۆیەش میدیای ئەودەمانە رووناکی دەخاتە سەر ئەو مەسەلەیە و کۆشش دەکات بزانێ ئەو مەسەلەیە چەندی راستە و چەندی درۆیە، کە لە ساڵی ١٩٤١ برونی و بیوف دەگیرێن و هەڕەشەی گیرانی ئەبەدییان لێ دەکەن، لەوێ دان بەوەدا دەنێن کەوا پیاوەکانیان لە مافیای شیکاگۆ دەستیان لەو مەسەلەیەدا هەبووە، بۆیەش ژمارەیەکی زۆریان دەگیرێن، لەوانە سەری گەورەی زۆریان لەناودا بوو، وەک (فرانک نیتی) کە لە پاش کابونی سەرۆکایەتی وەرگرتبوو، ئەو و (جونی روزیللی) و (تشارلز کوفمان)، کە یەکە و سزای دە ساڵ گیرانیان بۆ دەرچووبوو، بەوەش پاڵەپەستۆکەی مافیا لەسەر کەرتی پیشەسازی فیلمساز کەم دەبێتەوە.

## مافیا و ئەستێرە

هۆلیوود بە پایتەختی سینەما دەناسرا، لاس فیگاس بە پایتەختی رابواردن و چیرۆکی وەنەوشەییی سەرمایەدارانی سینەماکاران، لەوێ ئەوان دەروازەیان بۆ مافیا کردەوە کە تۆڕی تاوانەکانیان تێدا دابنێن، ئەوان لە ساڵانی سییەکانی سەدەی رابردوو چەتەکانی مافیایان بەکار هێنا بۆ شکاندنی

مـانگرتنی بلاتوهاکـانی وێنەگـرتن، بەوەش پرۆسـەیـەکی مـوحـەڕەمـیان لـەگەڵ تاوان و ســینـەمــا کــردبوو. یەکــێک لـەو چیــڕۆکــانەی ئـەو دوو لایەنە بـوونی پێوەندییـەکی ئەڤینی نێوان ژنە ئـەکتـەر (جین هـارلو) و یەکێک لە پیاوانی ئەو چەتەگـەرییـە (لونجی زویلمـان) بوو، بۆیەش بـەناچاری ئەکـتـەرێکی تر بەناوی (جـوان کــروفــۆرد) رۆڵە سـێکسـیـیــەکـەی ئـەو دەبینـێ، کـە لە ســەرەتای دەسـتپـێکردنی ئەزمـوونی هونەریی بوو. هـەر لەو دەمـانـەدا یەکـێک لە کـەسـە ناودارەکـانـی مـافـیا بـەناوی (بوجسـی سـیگل) کە دامـەزرێنـەری دەزگای لاس فـیگاس بوو لـەگـەڵ ژنـە ئەکـتـەرەکـانی وەک (لانا ترنر) و (ئاڤـا گـاردنار) و خـاوەنی سـتـودیۆیە گـەورەکـان لەوانە (جـاری کوپر)، (کلارک جـبیل) و (کـاری گرانت). کۆمپـانیای کۆلۆمبیا هانا دەباتە بەر یەکێک لـە سـەرکردەکانی مافیا (میکی کوهـین) لە دۆسیـەی پێوەندییـەکەی ژنە ئەکتەری ئەسـمـەر (کیـم نۆڤاک) بە پیـاوە ئەکـتـەری ئـەسـمـەر (سـامی داڤـیـز). هـەر لـەو مـەیدانـەدا ئەکـتـەری ئەمـەریکایی (سـتـیـڤن سیگال) شکایـەت لە نووسینگەی لێکۆڵینەوەی یەکگرتوو دەکـات بەوەی کـە ئـەوان بەیان و هـەواڵـی درۆیان لەســەر ئەو بـڵاو کـردووەتەوە کــەوا ئەو پێــوەندی بە ڕێکخــراوە تاوانـکارە ســیــســتــەمــدارەکـانەوە هــەیە و دۆسـتایەتیـی لەگەڵ مـافـیا توند و پتـەوە، چونکە ئەو جـۆرە پروپاگـەندانە ژیانی پراکــتــیکی دەڕووخــێـنن، بۆیـەش بەرپرســەکــانی ســتــۆدیوییــەکــان و بەرهـەمەهێنـەرانی سەربەخۆیی ئەو کەرتە زۆریان لەسەر ئەو جۆرە قسانە، لەو دوور کەوتوونەتەوە.

کـە ســەرۆکی ئەمـەریکایی (جـۆن فـیـتـرجـیـرالد کـینیـدی) دەکـوژرێ زوو تاوانەکـەیان خستبـووە ئەسـتۆی دەستـەکانی مـافـیا، چونکە ئەو بڕیاری دابوو شەڕیان لەگـەڵدا بکا، کۆشش بکـەن چالاکییـەکانی ئـەوان سڕ بکـەن. هـەر لەناو کـەرتی ئەکتـەرانـی هۆلیوود قسـە لەسـەر ئەوە هـەبوو کـەوا بەڵگـەنامـەی نهێنی نووسـینگەی لێکۆڵینەوەی یـەکگرتووی ئەمــەریکایی هـەیە، تێـدا ئـەکـتــەری ئەمـەریکاییی کۆچکردوو (مارلین مـونرۆ) دەستی لەگەڵ پلانێکی مـافیا هـەبوو بۆ شـێـواندنی ناوی ســەرۆک کـینیـدی، کـە پلانـەکـە لەگــەڵ دەسـتــەیەک لە

هاوڕێیانی لە گرووپی رات پاک ساز کراوە، گوایە بەیەکەوە ئاهەنگی سێکسی بە کۆمەڵیان لە یەکێک لە هوتێلەکانی نیویۆرک لەگەڵ سەرۆکی ئەمەریکایی کردوو، کە تێیدا هەردوو براکەی جۆن کینیدی، رۆبرت و ئیداواریش لەو شەوچەرە سێکسییە لەگەڵ براکەیان بووینە. بۆ پشتراستکردنەوەی ئەو پڕوپاگەندەیەش ئەندامانی تیمی گۆرانیبێژانی ناوداری ساڵی شەستەکانی سەدەی رابردوو بەشداربوونی خۆیان راگەیاندووە، لەوانە سیناترا و سامی دیڤیسی کوڕ و ئەکتەری بەریتانی پیتر لوفۆرد و هاوسەرەکەی و باتریشیا کینیدی خوشکی سەرۆک، دەڵێن ئەو ئاهەنگە بەجۆشە لە بەشی تایبەتی لە هۆتێلی کارلایلی ناودار لە مانهاتن لە نیویۆرک ساز کراوە.

کە جۆن کینیدی دەبێتە سەرۆکی ئەمەریکایی، ناو لەو هوتێلە نرابوو کۆشکی سپی نیویۆرکی، قسەش زۆرە کەوا سەرۆک کینیدی لەوێ شەوێکیان لەگەڵ مارلین مۆنرو ماوەتەوە، کە تێدا گۆرانییە بەناوبانگەکەی خۆی (جەژنتان بەختیار گەورەم سەرۆک) لە ئاهەنگی چل و نۆ ساڵی لەدایکبوونی وتبوو، کە لە ساڵی ١٩٦٢ لە مادیسۆن سکویر جاردن ساز کرابوو. هەموو لایەک دەڵێن بۆیە رەنگە مافیا دەستی لە تیرۆرکردنی سەرۆک کینیدی هەبووبێ، چونکە لە ساڵی ١٩٦١ و ١٩٦٤ دەبێتە نائیبی گشتی لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەئاشکرا ئەو دژایەتیی مافیای کردووە، ئەوانیش کاریان کردووە ناوی بزڕێنن، بەلام ئەوەیان بۆ نەچووتە سەر و هیواکەیان جێبەجێ نەبووە. کە مارلین مۆنرو لە ساڵی ١٩٦٢ دەکوژرێت یان خۆی دەکوژێت، لەو دەمانە ئەو قسەیە گەرم بوو، کەوا گەورەترین و بەدەسەلاتترین بنەماڵەی ئەمەریکایی دەستی لەگەڵ ژنە ئەستێرەکانی سینەما و تاوانە سیستەمدارەکانی مافیا هەبووە، بۆیەش سەرۆک لە ساڵی ١٩٦٣ دەکوژرێت، پاشان روبرتی برای لە ساڵی ١٩٦٨ دەکوژرێت.

# فرانکی هاوڕێ

کە لە لاپەڕەکانی مێژوو، قسە و باس لە پێوەندییەکانی مافیا بە کەسە ناودارەکانی ڕۆژانی خۆیان دەکرێت، ناکرێ گۆرانبێژی ئەمەریکایی ڕەچەڵەک ئیتاڵی فرانک سیناترا لە یاد بکرێ، کە پێوەندییەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆژانەی ئەو زێدی خۆی لە هۆبۆکن جێ دەهێڵێ و ڕوو لە بواری گۆرانی گوتن دەکات و دەبێتە هاوڕێی ویلی مۆر، کە یەکێک بووە لە سەرکردەکانی مافیا لە نیوجرسی پێش ئەوەی بکوژرێت.

دەڵێن کەسایەتی جۆنی فونتانی کوڕە بەخێوکراوەکەی دۆن کۆرلیونی لە فیلیمی باوکە ڕوحییەکە، ناوی ڕاستەقینەیی کەسایەتیی سیناترایە، کە وتیان سام جیاتکانای ئەندام لە گرووپەکانی مافیا ڕۆڵەکەی بەرجەستە کردبوو، ئەو قسەیەش پاش ئەوە کرا، کە ئەو وەک دووەم ئەکتەری ساڵی ١٩٥٣ لەلایەن ئۆسکارەوە هەڵبژێردرابوو.

دەزگاکانی ئەمنی شارەزا لە لێکۆڵینەوە سەبارەت بە دۆزینەوەی پێوەندییەکان بە تۆڕەکانی مافیا، زۆر کار بۆ ئەوە دەکەن کەوا سەرەداوێک بدۆزنەوە کەوا سیناترا پێوەندی بەوان هەیە، کە دڵنیا بوون ئەو پێوەندییە بوونی هەبووە، بەڵام هیچیان بە کەس نەوت، ئەوە و دەزانرا کەوا جوولەکەیی ئەو و پشتیوانیکردنی لوبە جوولەکەکەی دەسەڵاتداری ناو سەرکردایەتی و پلەبەرزە و دیارەکانی ناو ئەمەریکاش پشتی ئەستوور کردبوو.

جونی فونتانی باوکە ڕوحییەکە، وەک کوڕی باوکی ڕوحی دۆن کۆرلیونی، بواری گۆرانی گرتبووە بەر، دەیویست بەو کارە و بەو بەرنامەیە ناوبانگی زۆرتر دەربکات، بۆ ئەوەی دەستی لە کۆنتراکتێک هەڵبگرێت، داوا لە موزیکسازەکە دەکات دەستبەرداری بۆندەکەی نێوانیان بێ تا خۆی بەتەنیا کار بکا، بەڵام موزیکسازەکە قبووڵ ناکات واز لە بۆندەکەی نێوانیان بهێنێت، بەوەش مەبەستی بوو کوڕەکە پان بکاتەوە و دەروازەی ناسین و ناوداری و پارە کۆکردنەوەی لەسەر دابخا، بۆیە کورلیونی دەچێتە سەر کابرا و بۆ

هەڵوەشاندنەوەی بۆندەکە پێی دەڵێ، من ئامادەم سەد هەزار دۆلارتان بدەمێ، دیارە کەوا موزیکسازەکە سەرەتا بە پێشنیازەکە رازی نابێ، بەلام کە کۆرلیونی بە یاریدەرەکەی دەڵێ، چارەی بکە، ئەویش دەمانچە لەسەر سەری دادەنێ، بەو هەڕەشەیە کۆرلیونی بە هونەرمەندەکە دەڵێ:

(ئەگەر بۆندەکە هەڵنەوەشێنێتەوە لەگەڵ کوڕەکەم، بەو دەمانچەیە مێشکت هەپڕوون هەپڕوون دەکەین). ئیتر بەو شێوەیە تەنگژەکە چارەسەر دەکرێ. سیناترا بە ڕەچەڵەک ئیتالی بووە و بنەماڵەیان زووتر بەرەو ئەمەریکا کۆچیان کردووە، ئەو لە رەوشێکی کۆمەلایەتیی ناڵەبار و گوزەرانی ژیانی خراپ ژیاوە، لەبەر دەستکورتی ماڵەوەیان خوێندنی پێ تەواو ناکرێ، بەلام لە کۆتایی دەکەوێتە ناو دنیای هونەر و دەبێتە یەکێک لە ئەستێرەکان سترانی جیهانی، بەوەش دەبێتە کەسێکی نزیک لە کۆشکی سپی، پاشان یەکێک لە شەقامەکانی نیویۆرکی بەناو دەکەن. سیناترا بە هەڵوێست سەر بە دیموکراتییەکان بووە، لە سەردەمی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی رۆزفلتەوە هەتا کینیدیش ئیدارەی پشتیوانی و کۆمەک کۆکردنەوەی بۆ هەڵبژاردنەکان کردووە، بەلام پاشان هەڵوێستی دەگۆڕێت، دیارە ئەوەشیان پاش ئەوە دەبێ کە سیناتۆر رۆبرت کینیدی رەفتاری نارەوای لەگەڵدا دەکات، دیارە ئەو رەفتارەی ئەویش پاش ئەوە دەبێ کە قسە بلاو دەکرێتەوە کەوا سیناترا پێوەندیی بە چەتەکانی مافیاوە هەیە، لەوانە لە سالانی پەنجاکان هەتا سەرەتای سالانی شەستەکانی سەدەی رابردوو لەگەڵ دە لە سەرکردەکانی مافیا خۆشە.

کە پۆلیسی ئیتالی لێکۆڵینەوە لەگەڵ لاکی لوتشیانو لەساڵی ١٩٤٦ دەکات، لەودەمانە جگەرەیەکی زێڕ دەدۆزنەوە، کە لەسەری ئەو دێرە نووسرابوو:

(بۆ ئەزیزەکەم لاکی... پێشکێشە لەلایەن هاوڕێی دڵسۆزتان فرانک سیناترا). پاش چەندان لێکۆڵینەوەی ورد بۆیان دەردەکەوێ کەوا ئەو پێوەندیی بە چەندان سەرکردەی تری مافیاوە هەبووە، لەوانە (ئال کابونی) و (مایر لاتسکی) و (جونی روزیللی) و (ویلی موریتیی) و چەندان کەسانی

تریش، لەبەرئەوەی هیچ بەڵگەیەکی بڕواپێکراو نەکەوتبووە دەست پۆلیسەوە بۆیە هیچ لێدوانێکیان نەبوو. ویلی مویتی سەرکردەی مافیاکانی نیوجیرسی یەکێک بوو لە هاوڕێیە هەرە نزیکەکانی ئەو، سەرەتا ئەو زۆر پشتیوانیی کردووە، بە هاوکاری ئەو توانیبووی لە گۆرانی گوتن لە یانە بەدناوەکان و تیاترۆیە هەرزانەکان بگاتە سەر ساڵۆنە گەورەکان و لەگەڵ تیمە ناودارەکانی مۆزیک ئیش بکا، تا بە گۆرانییە بەناوبانگەکەی (هەموو شت یان هیچ All or Nothing at All) ناو دەردەکات. کە موریتی دووچاری نەخۆشی سفلس دەبێ و ئاوەز لەدەست دەدات، سیناترا پێوەندییەکانی بەوەوە دەپچڕێنێ و کۆشش دەکات هەموو شوێنەوارەکانی ئەو پێوەندییەش شوینبزر بکا، دیارە پاش ئەوەی مافیاش دەستبەرداری موریتی دەبێت، کە دەزانێ ئەو کەڵکی هیچ نەماوە رەنگە رۆژێک بێت نهێنییەکانیان ئاشکرا بکا، بۆیەش سیناترا بەپەلە پێوەندی بە (سام جیانکاتا) و (جونی روزیللی) خۆش دەکات و هوتێلێک بە ناوی (ساندس) لە لاس فیگاس دەکاتەوە. ئەکتەری کۆمیدیی جیری لویس کە لە ساڵانی شەستەکان هاوڕێی سیناترا بووە ئەوەی پشتڕاست کردووەتەوە کەوا ئەو لەپێناوی گەیاندنی پارە پێوەندیی بە دەستەکانی مافیا کردووە، چونکە ئەو خۆی لە ترسی پشکنین و چاودێری ئەوەی نەکردووە. ئەو قسەیەش لە کتێبێک نووسراوە کە لەسەر ژیانی سیناترا بە ناوی (ژیانی سیناترا) بەبێ رەزامەندی خۆی بڵاو دەکرێتەوە، کە لە نووسینی ئەنتۆنی سامرز و رۆبین سوان بووە. نووسەرەکە لەسەر زاری لویس کە بۆی گێڕاوەتەوە، نووسیویەتی:

سیناترا کە بەناو بازگەکانی گومرگ دەڕۆیشت جانتای پڕ پارەی پێ بووە، جارێک ئەو سێ ملیۆن و نیو دۆلاری هەڵگرتبوو، کە پارەکەش هەمووی پەنجا دۆلارییش بووە، بەرپرسی گومرگەکە کە جانتاکە دەکاتەوە، لەبەر قەرەباڵغی خەڵکەکە و خۆ نزیککردنەوەیان لە ئەستێرە ناودارەکانی سترانی ئەمەریکایی کابرای گومرگ بیری لەسەر جانتاکە و پارەکە نامینێ و بەپەلە دای دەخاتەوە. لویس کە ئەو قسەیە دەگێڕێتەوە پاش ماوەیەکی کورت بوو لەوەی کە ئەمەریکا لە ساڵی ١٩٤٦ لاکی لوتشیانو دەردەکات و بەرەو زێدی جارانی

ئاودیوی دەکاتەوە. بەڵام سیناترا بەردەوام نکوولیی لەوە کردەوە کەوا ئەو پێوەندیی بە مافیاوە هەبووبێ، بەڵام نووسینگەی لێکۆڵینەوەکانی یەکگرتوو لە مانگی دیسمبەری ساڵی ١٩٩٨ دۆسیەیەک بڵاو دەکاتەوە، ئەوەش حەوت مانگ پاش مردنەکەی بووە، تێیدا وێنەی سیناترا لەگەڵ سام جیاتکانای سەرکردەی چەتەکانی مافیای شیکاگۆ تێدا بووە. سیناترا لە رۆژی ١٤ی مانگی ئایاری ساڵی ١٩٩٨ لە لۆس ئەنجلس بە چەندان نەخۆشی لەوانە نەخۆشی دڵ و گورچیلەکان و کانسەری میزڵدان و زهمایر (نەخۆشی لەبیرچوونەوە) کۆچی دواییی کردووە، بە مردنی ئەو لاپەڕەی ژیانی یەکێک لە سەرکردە هەر ترسناک و دیارەکانی مافیا دەپێچرێتەوە.

## مێژووی سینەما

کەسانی ئاگەدار و چاودێرەکان دەڵێن و دڵنیان کەوا هێشتا دەستەکانی مافیا لە پشت پەردەکانەوە دەستیان لە کاروبارەکانی هۆلیووددا هەیە، هونەرمەندی کۆچکردوو (مارلون براندو) لە بیرەوەرییەکانیدا نووسیویەتی کەوا چەندان بنەماڵە لە سازکردنی فیلمی باوکە روحییەکە پێش وێنەگرتنی رازی نەبوو، بۆیەش بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەڕەشەیان لە (فۆرد کۆبۆلا)ی دەرهێنەرەکەی کردبوو، کەوا ئەگەر فیلمەکە بە هەر شێوەیەک ناوی هەر یەک لە کەسێکی ناو مافیوزی لەکەدار بکا، ئەوا ئەوان فیلمەکە دەرووخێنن، بەتایبەتی ئەگەر سەرکردەکانی مافیا ناوی بە خراپە بێ، بۆیەش پاش دیالۆگێکی زۆر و دانوستاندن بڕیار دەدەن کەوا یەکێک لە ئەندامانی مافیا بۆ دیتنی گرتەکانی فیلمەکە دێنە ناو ستودیۆکانەوە، تا دڵنیابن کەوا وێنەگرتنەکە وەک دەقی سیناریۆکەیە، بۆیەش ئەگەر دیمەنێک لەگەڵ ویستی ئەوان نەگونجێت ئەوا یەکسەر فەرمان دەدەن وێنەگرتنەکە رابگرن. براندو وتوویەتی کە ئەو رۆڵی کۆرلیونی دەگێڕا وای دەزانی، هەموو دەمێک لە کاتی وێنەگرتنەکە لوولەی دەمانچەیەک بەسەر سەرییەوە راگیراوە. کە فیلمەکە تەواو دەبێ و لە سالۆنەکاندا نمایش دەکرێت لەناو بنەماڵەکانی مافیا

چرپەچرپەی زۆر پەیدا دەبێ، چونکە زۆریان سێبەری خۆیان لەناو رووداو و کەسایەتییەکانی فیلمەکە دەدۆزییەوە، ئەوەش لەناو کۆمەڵگەی ئەمەریکایی بەگشتی رەنگدانەوەی هەبووە، بۆیەش ئیدارەی ئەمەریکایی بەخۆدێتەوە و گومان دەکات کەوا ئەو کەسایەتییانە رەنگە لەناو کۆمەڵگەی ئەمەریکایی بەڕاستی بوونیان هەبێ، دیارە ئەوەش ناشاردرێتەوە، ئەوەش بوویتە بەشێکی دانەبڕاو لە مێژووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیی ئەمەریکا. فیلمەکە هوشداریی ئەوەشی دابوو کەوا زۆر گرینگە و زۆریش پێویستە کەوا ئاوڕی راستی لە نووسینەوەی دروستی مێژووەکەیان بدەنەوە، بەتایبەتی لە رووی کۆمەڵایەتییەوە ناکرێ مێژوو بە چاوێکی میسالی بنووسرێتەوە، وەک چۆن هەندێک وا هزر دەکەن.

لە بەشی سێیەمی فیلمەکە مایکل کۆرلیونی کوڕەکە، کە پێوەندییەکانی بە مافیاوە دەبڕێت و خەریکی پارەگۆڕینەوە دەبێ، تا دواڕۆژی خاوێن و مسۆگەر بۆ منداڵەکانی دابین بکا، کۆشش دەکات پێوەندی بە فاتیکانەوە پتەو بکا، لەو بەشەدا فیلمەکە باس لەو رۆژانەی کوڕەکە دەکات، کە چەندان کۆمەک و یارمەتی دەداتە فاتیکان، ئەوانیش چەندان خەڵاتی دەدەنێ فیلمەکە لەو بەشەدا فاتیکان تووڕە دەکات، بۆیەش ئەوان سەرەتا کۆشش دەکەن فیلمەکە رابگرن. زۆر قسە لەسەر ئەوە دەکرا کەوا بوزوی نووسەر کە ئەو قسە و بەسەرهاتانەی لەسەر فاتیکان هەڵبەستاوە، یان بەڕاستی ئەوەیان بە راستی قەوماون؟ بوزو وتوویەتی کەوا ئەو زانیاری نییە لەسەر بوونی دەستی مافیا بە فاتیکان و موخابەراتی هەندێ لە وڵاتانی ئەوروپایی، کە بە دەستی موخابەراتی ئەمریکایی بەڕێوە دەچوون، لەوانە چالاکییەکەی (خۆرهەڵاتنەکە) و (ئاشتی) لە نێوان پیاوانی موخابەرات و مافیا لەوانە ئەلبرت ڤینسنت کارونی.

بوزو لە دیمانەیەکی لەگەڵ رۆژنامەی نیوزویک لە ساڵی ١٩٧١ نکووڵی لەوە ناکات کەوا هەندێ لەو بنەماڵانەی بە رەچەڵەک ئیتاڵین پێوەندی و دەستیان لە تاوانەکانی ئەو دەمانە هەبووە، بەڵام هەندێ لەوانە سەرکەوتنیان لە ژیانی ئەو

وڵاتە نوێیەیان مایەی شەرەف و کۆشش بووە، بۆیە بەناچاریش توندکاریش بوونە لە پارە پەیداکردن و خۆژیاندنیان، بۆیەش بوزو لە نووسینەکەیدا بۆ ئەو خێزانانە بیانووی بۆ ساز کردبوو کە توندکاربوون و مافیا ئەو شێوازەیان پێڕەو کردووە بۆ دەوڵەمەندبوون، ئەوەش بە نموونەیەکی شەرەفی سیسلیایی و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی زانیوە. بوزو بەو بەرهەمە هونەرییە توانیبووی رووی بینەرەکانی خۆش و کامەران بکا، کە لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکان بەڕوونی رۆڵی مافیای لە پیشەسازی سینەما لە هۆلیوود دەرخستووە، کە لە دەرهێنان و بەرهەمهێنانی فیلمی سێکسی دەیان ملیۆن دۆلاریان پەیدا کردووە.

## تۆپ تێن لە مافیاکانی دنیا

لە ناوەندی سەدەی بیستەم و کۆتاییی هەردوو شەڕە جیهانییەکە، هەردوو باڵەکەی مافیا (کوزانوسترا) ئیتاڵییەکە و ئەمەریکاییەکەوە دەستیان لە تاوانکارییە سیستەمدارەکان توند دەکەن و لە دەماری نێوان ئەوروپا (جیهانە کۆنەکە) و ئەمەریکا (جیهانە نوێیەکە) پەلیان هاویشتبوو. لەگەڵ زۆربوون و باشبوون هۆکارەکانی پێوەندی و گەیاندن و لەبەر رووخانی سیستەمەکانی وڵاتانی ئەوروپای رۆهەڵات و کرانەوەیان بەڕووی بازاڕی ئازاد و ئابووری بازاڕەکان، مافیای ئیتاڵیایی ئەمەریکایی گەرم و ساز دەبن بۆ بازرگانیکردن بە مادە بێهۆشکەرەکان، کە لە ساڵەکانی هەشتاکان و لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو بازاڕی گەرم بوو. بە ئاسانکارییەکانی دروستبوونی یەکەتیی ئەوروپایی لە ساڵی ١٩٩٢ و ئازادی دەریاوانییەکان و سەفەری خەڵکەکە لە نێوان وڵاتەکان بازرگانییەکانی بەجۆش کردبوو، هەروەها سستی دەسەڵاتەکان و تەنگژەکانی گەشەسەندنی ئابوورییەکانی وڵاتانی جیهانی سێیەم، بوارسازی زۆر کردبوو بۆ ئەو کارە ناشەرعییانە. ئەو فاکتەرانە سازکرا تۆڕەکانی تاوانە سیستەمەدارەکان چالاکتر بن، بۆیەش هیچ لەو دەوڵەتانە بۆیان نەدەکرا پێش لەو چالاکییە بازرگانییە بگرن، بەوەش

بەدکارەکان و تۆڕەکانیان دەستیان دەگەیشتە هەموو گۆشەیەک و لە هەموو گۆشەیەکیش بەئاسانی دەربازیان دەبوو، کە لەو ساڵانە و لەو رەوشانەدا داهاتیان دەگەیشتە زۆرتر لە داهاتی هەموو فرۆشتنی دانەوێڵە و گوشت لە دنیادا.

## فرە رەگەز

مافیا لەگەڵ گەورەبوونیدا ناسنامە ئیتاڵیایی و ئەمەریکایی لەبەردا نامینێت، کە جاران ئەوەیان سومبلی شانازی بنەماڵەکانی بوون لەناو بنەماڵەکانی تاوانکارەکان، مافیا بووبووە دروشم و کارنامەی چەندی رێکخراوی فرەڕەگەز بۆ زۆرترین پارە پەیداکردن و دەوڵەمەندبوونی زۆر خێرا، بۆیەش دەبنە دەستەگەریی فرەدەست و فرەبەرنامەی توندکاریی، دەکرێ خەسڵەتەکانیان بەپێی شارەزاکانی تاوانکارییەکان لەو خاڵانە بەرجەستە بکرێتەوە:

* نەخشەسازییەکان: بوونی نەخشە لە چالاکی و بەرنامەکانیان فاکتەری سەرەکی بوون لەناو دەستەکانی تاوانی سیستەمدارەکاندا، بەوەش کەفیلی سەرکەوتن و بەردەوامییان بە پشتیوانی کادر و ئەندامە سەرکەوتوو و بەتواناکانیان جێبەجێ دەکرد، کە لەو بەرنامانەدا کارامە و لێزان بوون.
* لێزانی: لێزانی و دەستگەرمی یەکێکە لە مەرجەکانی سەرکەوتنی تاوانەکانی تاوانی سیستەمدار، کە مەبەستیان بووە بە زووترین کات دەوڵەمەندبن، کە سیمای ناشەرعیەتی و نایاساییەکانیشی پێوەیە.
* ئاڵۆزکاریی: تا رێکخستن و تۆڕەکان ئاشکرا نەبن، کاریان دەکرد تۆڕەکان زۆر ئاڵۆزبن.
* بەئەندامبوون: ئەو رێکخراوەیە توانای ئەوەی هەبوو ئەندامی زۆرتر لەسەر رێکخستنەکانی کۆبکاتەوە، شارەزابوون لەوەی پشتیوانییەکان بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئەندام بۆ خۆیان زۆر بکەن، توانای ئەوەیان هەبوو ویژدانی لەرزۆکی خەڵکەکە بکڕن، یان بیانترسێنن، یان

پاڵەپەستۆیان بخەنە سەر تا کۆچ دابنێن.

* مەترسییان لەسەر کۆمەڵگەکە: دەزگاکانی دادوەری نەیاندەتوانی ئیدانەی پیاوانی رێکخراوەکانی تاوانی سیستەمدارەکان بکەن، چونکە بەڵگەی تاوانبارکردنیان دەست نەدەکەوت، لەبەرئەوەی سەرکردایەتی مافیا لە دارِشتنی پلانەکانیان و خۆسازکردن و کاری نهێنییەکانیان زۆر شارەزا بوون، بۆیە دۆزینەوەیان ئاسان نەبوو. ئەوانیش بەبێ ئەوەی ترسیان هەبێ، بەبێ ئەوەی سزا بدرێن کارەکانیان گەشە پێ داوە، بەوەش زۆرتر گەندەڵییان بوارساز کردووە کە زۆرتر تەشەنە بکا و بەرنامەکانی گەشەپێدان سست بکەن.

* جەختکردن لەسەر هاوپەیمانییە ستراتیجییەکان: بۆ راپەڕاندن و گەیاندنی ستراتیجییەکان و پێوەندییەکانیان لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری رێکخراو و دەستە و باندی لۆکالی و هەرێمایەتی و دەولی بۆ رووبەرووبونەوەکان و نەرِشتنی خوێن کردووە، بەوەش مافیا بەرگێکی جیهانی لەبەر کردبوو، لە هەموو کیشوەرەکان چالاکییان هەبووە.

***

لەگەڵ ئەو هەموو پێشهاتە نوێیانە چەتەکانی تاوانە سیستەمدارەکان جاران و لە سەردەمە نوێیەکانیش هەمان رەفتار و بەرنامەیان هەبووە، هەیکەلەکەیان وەک جاران بووە، سەرۆکەکەیان لە سەرووی هەرەمەکە بووە، لە دوای ئەویش دوو یاریدەرەکەی، پاشان کەسە نزیکە دڵسۆزەکانی خۆی، هەمووشیان لەبەر رۆشنایی بەرنامەکانی مافیای سیسلیایی لە گوێڕایەڵییەکی کوێرانە و جێبەجێکردنی فەرمانەکانی سەرۆک، هەروەها هەموویان رەچاوی ئەوەش دەکەن، کەوا بەرژەوەندییەکانی بنەماڵەکە لە سەرووی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیانە. ئەندامە نوێیەکانی ناو ئەو رێکخراوە دەبێ ماوەی ئەزموونی خۆیان لە تاقیکردنەوە زەحمەتەکان دەرباز بکەن، ئەوەش خۆی لە بەندەکانی پەیرەوی ناوخۆییەکەیان بەرجەستەیە، هەمووش رێزی بنەماکانی دابەشکردنی ناوچەکانی دەسەڵاتیان دەگرن،

بۆیەش لە ئەنجامدا دەکەوتنە ناو گێژاوی شەڕ و ململانێی خوێناوی لەنێو خۆیاندا.

## مەیدانەکانی تاوانە سیستەمدارەکان

چالاکییەکانی دەستەکانی تاوانە سیستەمدارەکانی مافیا بەندە بە جۆری گەشە و بینینی سەرکردەکانیان، لەوانە چالاکییە زۆر دیارەکانیان لەو خاڵانە بەرجەستەن:

١- بازرگانیکردن بە مادەی بیهۆشکەر:

دیاردەی بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی مادە بێهۆشکەرەکان بووەتە دیاردەیەکی جیهانی، بەپێی راپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکانی ساڵی ٢٠٠٠ رێژەی بازرگانی ئەو مادەیە دەگاتە رێژەی ٨٪ لە کۆی بازرگانیی دنیادا، کە داهاتەکەشی لە کاری رەوا و ناڕەوا بەکار دێت. بۆ مەبەستی لەناوبردن و کەمکردنەوەی بەکارهێنان و بەرهەمهێنان و چارەسەرکردنی نەخۆشەکان و ڕێنوێنییەکان بۆ کەمکردنەوە و قەڵاچۆکردنیشی ساڵانە نزیکەی ١٢٠ ملیار دۆلاریش بەکار دەهێنرێ. وڵاتی کۆلۆمبیا بە وڵاتی ژمارە یەک ئەژمارد دەکرێت لەو وڵاتانەی زۆرترین چاندنی ئەو مادەیەی تێدا دەکرێ، رووبەری ئەو زەوییەی بۆ ئەو مەبەستە بەکار دێت دەگاتە ١٥٠ هەزار هکتار، کە تێیدا ساڵانە بەپێی ئامارەکانی ساڵی ٢٠٠١ بەرهەمی کۆکایین دەگاتە نزیکەی ٦٥٠ هەزار تۆن. مەکسیک ئەو ناوچەیەیە کە بە باشترین بوار حیسێب دەکرێ بۆ ئاودیوکردنی موخەدەرات بۆ ناو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کە داهاتی ساڵانەی زۆرترە لە داهاتی بەرهەمی نیشتمانی پترۆلی خاوی دەوڵەتی مەکسیک. لە وڵاتانی موسڵمانیش هەردوو وڵاتی ئەفغانستان و پاکستان بە هەبوونی کێڵگەی ئەو مادانە بەناوبانگن.

٢- بازرگانیکردن بە بەشەر:

پاش بازرگانیکردن بە چەک و موخەدەرات بازرگانیکردن بە بەشەر لە پلەی سێیەم دێت، ئەوە و ئەو بازرگانییە رۆژ بەرۆژ زۆرتر گەشەی کردووە، هەموو دنیای گرتووەتەوە، جا ئەو وڵاتانەی خەڵکەکە رووی تێ دەکەن، یان ئەو وڵاتانەی وەک بوارێکی دەربازبوون و گەیشتن بەکاریان دەهێنن. دەستە تاوانکارە سیستەمدارەکان، منداڵان یان ژنان بۆ چەندان مەبەست مامەڵەیان پێ دەکەن، وەک کرێن و ویستی ئەندامانی لەشیان بۆ گۆڕین، یان ژنەکان وەک سۆزانی بەکار دەهێنن، دیارە ئەوەش دەسکەوتی باشی بووە، مافیاکانی سێگۆشەکەی چینی و یاکوزای ژاپۆنی ئەو کارە زۆر دەکەن.

٣- ئاودیوکردنی کۆچبەرە ناشەرعییەکان:

ساڵانە ئەوانەی ئەو کارە دەکەن نزیکەی سێ ملیار و نیو دۆلاریان دەست دەکەوێ، چونکە ئەو بازرگانییە بووەتە کارێکی زۆر بە قازانج، کارێکی باشیشە، چونکە وەک بازرگانیکردن بە چەک و بە مادەی بێهۆشکەر ترسناک نییە. ئەو رێکخراوانە زۆرترین خەڵک لە هاووڵاتییانی جیهانی سێیەم، بەتایبەتی ئەوانەی لەبەر هۆکارە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، یان لەبەر دژواری شەڕ لۆکالییەکان رێگەی دەربازبوون لە وڵاتەکانیان هەڵدەبژێرن، بۆ ئەو مەبەستەش پارەی زۆر دەدەن، بەوەش مەبەستیانە بە ڕێگەی ناشەرعی بگەنە ئەو وڵاتانەی ئارامی و زەمانەتی زۆرتری تێدایە.

## سپیکردنەوەی پارە

بەپێی سەرچاوە ئاگەدارەکانی ئابووری کە دەڵێن ساڵانە نزیکەی نیو تریلیۆن دۆلار لە دنیا پارە سپی دەکرێتەوە، رەنگە ئەو ژمارەیەش هەتا یەک و نیو تریلیۆن بەرز ببێتەوە، ئەوەش دەگاتە رێژەی ١٠٪ لە داهاتی گشتی دنیا. لیژنەی ئەوروپایی بۆ پارە سپیکردنەوە لە دەلیلەکەیاندا نووسیویانە کەوا پارە

سپیکردنەوەی مافیا، ئەو پارانەیە کە بەشێوەیەکی ناشەرعی ئەوان پەیدای دەکەن، یان ئەو پارەیەیە کە دەدرێتە ئەو کەسانەی تاوانێک دەکەن، تا خۆیان لە سزادان دوور بگرن، پارەیەک دەدەن بۆ دەربازبوون لە سزاکانی تاوانەکە. دیارە کەوا ئیشکردن و قاچاخکردن بە مادە بێهۆشکەرەکان سەرچاوەی سەرەکی پارە سپیکردنەوەیە، ئەوەیان بە پلەی یەکەم دێت، پاشان بازرگانیکردن بە چەک و شوێنەوارەکان و پارەی قەڵپ، ئەوەش شوێنەواری خراپی لەسەر پارەی بازاڕەکان و ئاستی نرخەکانی سەرەف هەبووە. دەستەواژەی پارە سپیکردنەوە، بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٢٠ لە ئەمەریکا بەکار هاتووە، ئەوەش بەرئەنجامی ئەوە بوو کە چەتەکانی سەر شەقامەکان کۆششیان کردووە پارە و دەسکەوتەکانیان شەرعیەتی بدەنێ.

هەندێ لە شارەزایان دەڵێن ئەو دەستەواژەیە یەکەم جار وەک دەستەواژەیەکی قەزایی لە ئەمەریکا وەک دۆزی دەستەیەک پارەیان لەدەست بووە بۆ ساخکردنەوە و سپیکردن کە لە بازرگانیکردن بە کۆکایینی کۆلۆمبی دەستیان کەوتبوو بەکار هاتووە، ئینجا ئەو زاراوەیە زۆرتر دەناسرێ و لە کۆڕەکان بەکار هاتووە، بەتایبەتی لە راپۆرتەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆنگرەکان، کە تێیدا داواکار بوون کۆنگرەیەکی دەولی بۆ قەڵاچۆکردنی تاوانە سیستەمدارەکان لە مانگی نۆڤمبەری ساڵی ١٩٩٤ بۆ ساز بکرێ.

## لیستی بەدکارەکان

لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت ئاگەداران لیستێکیان بۆ پۆلینکردنی دڕەندەترین مافیا بڵاو کردبووە، تێیدا بۆ دەستەکانی مافیا پێشبڕکێیان دانابوو، لەو پۆلینە و ریزبەندییەدا بە گوێری دڕەندەییان نووسراوە، وەک:

دەیەم: مافیای جامایکی بەریتانی (یاردیس)

دەستەیەک لە کۆچبەرە جامایکییەکان لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٠ بەرەو وڵاتی بەریتانیا هاتبوون، ئەوان پێوەندییان بە چالاکییەکانی رێکخراوەکانی

تاوانە سیستەمدارەکان و توندکارییەکان و قاچاخی و مامەڵەکردن بەموخەدەرات و فرۆشتنی جۆرەها چەک کردبوو، لەگەڵ بوونی چاودێریی وردی لایەنە ئەمنییەکان و دەسەڵاتی باڵای بەریتانییەکان ئەوان توانیبوویان پێگەیان هەبێ، ببنە دەستەیەک لە مافیای دنیا.

نۆیەم: مافیای ئەلبانی و ناوەڕاستی ئاسیا

مافیای ئەلبانی بە دەستی چەندان گرووپی تاوانکار چالاکییەکانیان دەگەیشتە ئەمەریکا و ئەوروپا، کە بریتی بوون لە کاری سۆزانی و بازرگانیکردن بە مادە بێهۆشکەرەکان، ئەوانەشیان بە بنچینەکانی تۆڵەکردنەوە و خوێنڕشتن و ئازاری جەستەیی کردووە، هەموو کێشە و ناکۆکییەکانیان بەو ئاراستانە چارەسەر کردووە. تاوانکارییە سیستەمدارەکان لە سەدەی پازدەمەوە لەناو وڵاتی ئەلبانیا هەبووە، ئەوەش لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوو بەرەو ئەوروپا و دەرەوەی وڵاتەکەیان پەڕیونەتەوە، دیارە هەڵکەوتنە جوگرافییەکەیان فاکتەری زیندووی ئەو مەسەلەیە بووە، چونکە دیارە کەوا ئەلبانیا کەوتووەتە تەنیشت وڵاتی گریس و مەکدونیا و مۆنتی نیگرۆ و بۆسنە و هەزرە گۆڤینا و دەکەوێتە سەر دەریای ئەدریاتیکی، بەوەش ئاودیوکردنی چەک و موخەدەرات و دەربازکردنی کۆچبەرەکان و سەوداکردن بە کیژۆڵەی تەمەن گچکە ئاسان بووە. هەر لەو دەڤەرەدا مافیای تورکیش کە هەتا سەرەتای نەوەتەکان لە ئەڵمانیا چالاکییان هەبوو، چونکە ئاشکرایە کەوا نزیکەی سێ ملیۆن هاووڵاتیی تورک لەو وڵاتەدا دەژین، بەڵام کار و چالاکییەکانیان لە سنووری تەقلیدییەکانەوە بوو، هەتا لەگەڵ مافیاکانی وەک ئەلبانی و رووسی و ئەفریقی دەکەونە ململانێ و چالاکی. لە هەموو حاڵەتەکاندا مافیای ئەلبانیش سەدان جۆرە چالاکییان کردووە و ساڵانە نزیکەی شێست ملیار دۆلاری لە ئابووری بازاڕی رەشدا دەسکەوتیان بووە، ئەوەش دەگاتە چارەگێک لە کۆی داهاتی نەتەوەییان. مافیای تورکیش لەگەڵ مافیای بولگاری دەستیان هەبووە، بەیەکەوە لە

تەزویرکردنی پێنج ملیۆن دۆلار لەساڵی ٢٠٠١ دەست و هاوکار بوون.

هەشتەم: مافیای سربیی

ئەو مافیایە لەناو دە وڵات کار و چالاکییان هەیە، لەوانە ئەڵمانیا و ئەمەریکا و بەریتانیا و فرەنسا، ئەوانیش چەندان کاری قاچاخ دەکەن، موخەدەرات ئاودیو دەکەن، بە پارە خەڵک دەکوژن، سەرانەی پارێزگاریش لە خەڵک وەردەگرن، قوومار دەکەن، چەک دەدزن و پاشان دەیفرۆشنەوە. مافیای سربی سێ گرووپی چەتەگەریی سەرەکیین، لەوانە فودوفاک، سورسین و زیمون، ئەوانەش چەندان دەستەی گچکە و ژمارە کەم بەرێنوێنیی ئەوان ئیش دەکەن، کە ژمارەی ئەو دەستە گچکانەش لەناو سربیا دەگاتە سی دەستە.

حەوتەم: مافیای ئیسرائیلی

مافیای ئیسرائیلی لە چەندان وڵاتدا چالاک و ئەکتیڤن، کاری موخەدەرات و سۆزانی و ئاودیوکردنی بەشەریش دەکەن بە پارە کوشتنیش دەکەن، بەئاشکرا و سەرکەشانە خەڵک دەکوژن، خەڵک دەفرێنن و بە پارە ئازادی دەکەن. دەڵێن مافیای رووسی و ئیسرائیلی هاوکارن لە کارکردن بەناو بازنەی سیستەمی سیاسی و دەزگەکانی پاوەر لە ناو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، زۆریش کۆشش کراوە لەو چالاکییانە رایان بگرن، بەڵام ناتوانن.

شەشەم: مافیای مەکسیکی

لە ناوەندی سەدەی رابردوو ئەستێرەی مافیای مەکسیکی دەدرەوشێتەوە، لە گرتووخانەکانی ئەمەریکا دەبنە بەهێزترین مافیا، ئەوان دەتوانن ئەندامەکانیان لە ئەفسەرەکانی گرتووخانەکە بپارێزن و چاویان لە ئەندامە گیراوەکانیان بێ، هەروەها بە پارەش خەڵکی تری گیراویان پاراستووە، بەتایبەتی ئەوانە ترسی کوشتنیان هەبوو، نەوەک نەیارەکان لەناو گرتووخانەکانیش زەفەریان پێ ببەن، لەوانە بازرگانەکانی موخەدەرات، ئەوان و کەسانی تریش. بۆ ئەو مەبەستەش دەستەکانیان دەگەیشتنە ناو هەموو

گرتووخانەکان. ژمارەی مافیای مەکسیکی لەناو ئەمەریکا دەگەیشتە نزیکەی سی هەزار کەس، هەموویان بۆ ناسینەوەیان لەناو یەکتری ئەندامێکی لەشیان دەکووتا، کە کوترانەکان نووسینی مەکسیکی بوو، یان ڕەمزێکیان لەسەر شێوەی چەقۆی ڕووبەڕوو دەکرد.

پێنجەم: مافیای یاکوزای ژاپۆنی

لە سەدەی حەڤدەمەوە دەستەیەک لە کەسانی بێ کار فێر دەکەن چەک بەکار بهێنن و لە کاری چەتەیی رایان دەهێنن، ئینجا کاری دزی و راوڕووتیان پێ دەکەن و لە شەقامی شارەکان لێزانانە جەردەییان کردووە. ئەندامانی چەتەکانی یاکوزا بۆ سەلماندنی دڵسۆزی و گوێڕایەڵی بۆ سەرۆکەکەی پەنجەیەکی خۆیان دەبڕن و پێشکێشی سەرۆکەکەیان دەکەن. بەپێی ئامارێکی ساڵی ١٩٩٦ دوو هەزار و پێنجسەد گرووپ بوونیان هەیە و ئەوانەش سەرجەم دەسەڵاتیان بەسەر نزیکەی سەد و پەنجا هەزار ئەندام دەشکا، ئەوانەش زۆرتر کاری پاسەوانی چەتەکان و فیلمی سێکسی و سۆزانییەکان و قاچاخکردن بە کۆچبەرەکان و فێڵ و پارە سپیکردنەوە لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و فلیپین دەکەن. فیلمی (سوناتین) کە دەرهێنەرەکەی (تاکیشی کیتانو) بوو، وردەکاری چالاکییەکانی یاکوزای تێدا بەرجەستە کردووە.

چوارەم: سێگۆشە چینییەکە

سێگۆشە چینییەکان لە ناوەندی سەدەی حەڤدەم بەهۆی چەند ڕەهبانێکی بودی پەیدا بووە، کە دەستەیەکی نهێنی کار و بەرنامە بوون، ئەندامەکانیان سێگۆشەیەکیان وەک سومبل هەڵگرتبوو، لاییەکانی سێگۆشەکە کە درێژاییان وەک یەک بوو، هیمای ئاسمان و خاک و مرۆڤی دەگەیاند. پاشان ئەو سێگۆشانە ڕێباز و ئامانجەکانیان بەرەو تاوان و بەدکاری لا دەدا، لە سەدەی هەژدەم لەژێریی ناوی (تیان دی هوی) خۆی دەدۆزێتەوە، یەکێک لە ڕاهنەکان وتبووی:

ژمارەی ئەندامەکانمان دەگاتە نزیکەی یەک ملیۆن ئەندامی چالاک. ئەوان لەناو ڕێکخستنەکانی تاوانکاری لە چین و مالیزیا و هۆنگ کۆنگ و تایون و سەنگافوورە کاریان کردووە. مافیای چینی چالاکییەکانی دەگاتە نیویۆرک و لۆس ئەنجلس و سیاتل و ڤانکۆڤەر و سان فرانسیسکۆ، کە دەستیان بەسەر هەموو چالاکییەکانی دزی و کوشتنی بە پارە و بازرگانی بە موخەدەرات و سەرانە وەرگرتن و چەتەیی و تەزویر و ئاودیوکردنی کۆچبەرەکان داگرتبوو.

سێیەم: کارتلەکانی موخەدەراتی کۆلۆمبی

دەستەکانی مافیای کۆلۆمبیا لە سەرەتاوە کاری بازرگانی موخەدەراتیان کردووە، کۆکاینیان لە سەرانسەری دنیا دابەش کردووە، کە سالانە ٨٠٪ دابەشکردنی ئەو مادەیە کردەی ئەوان بووە، چالاکییەکانی کارتلەکانی گەیشتبووە چەندان ولاتانی ئەمەریکای لاتینی، لەو ولاتە دەستەی چالاکییان زۆر بووە، لەوانە: کارتل کالی، کارتل مادلین کە سەرکردەکەیان بابلو ئاسکوبار بووە کە لە ساڵی ١٩٩٢ بە پلانێکی هاوبەشی هەردوو حکوومەتی ئەمەریکایی و کۆلۆمبی کوژرا.

دووەم: کوزانوسترا

ئەو ڕێکخراوە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم لە ئیتاڵیا دامەزراوە، یەکەمین جار ناو و چالاکی ئەو دەستەیە لە ساڵی ١٨٩١ لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هاتووە، دیارە زووتر چەتەکانی ئەو ڕێکخراوە لەگەڵ هاوولاتییە ئیتاڵییەکان بەرەو جیهانە نوێیەکەی ئەمەریکا کۆچی بەکۆمەڵیان کردبوو.

کوزانوسترا لە بواری ڕێکخستن و دیسپلین زۆر کارامە بوون، بنچینەکانی کاریان پیرۆز سەیر کراوە بۆیە ئەندامەکانی بۆیان نەکراوە لە کاتی لاساری دەربازیان ببێت، ئەوان سزا دراون، بە ماوەیەکی کەم توانیبوویان تۆڕی پاراستنی بازرگانە گەورەکانی موخەدەرات و چەکسازیی بگرنە دەست، بە

پارەش خەڵکیان کوشتووە. پیاوانی مافیا، ئەمەریکا لە نێوان دەستەکانی خۆیان دابەش دەکەن، لە نێوان بیست و شەش دەستە و گرووپ کارە بەدکارەکانیان پاوان دەکەن، بەڵام بەرئەنجام لەسەر داهات و ململانێیەکاندا دەکەونە ناو یەک، یەکتری دەبڕێنەوە، بەرئەنجام تەنیا پێنج بنەماڵەی مافیا لە نیویۆرک دەمینێنەوە، لەوانە، بونانو، کۆلۆمبو، جینوفیز، لوتشیز، ئەوانیش زیرەکانە توانیبوویان تۆڕەکانیان بخزێننە ناو دەزگاکانی پۆلیس و سیستەمی قەزائی ئەمەریکایی و لە نیوەی سەدەی رابردوو، ئەو دیاردەیە بەڕوونی هەستی پێ کراوە، بۆیەش زۆریان درابوونە دادگە و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا کرابوو، لە سەدەی بیست و یەک دەستەیەکی نوێی بە ناوی La Cosa Nuova (شتە نوێیەکە) پەیدا دەبێ. ئەوانە هیچ بڕوایان بە رەگەزنامە و رەچەڵەکی کۆنی خۆیان نابێ، چالاکییەکانیان دەگاتە ناو هەموو کردەوە نایاساییەکان، وەک قوومار و سۆزانی و موخەدەرات و بەکارهێنانی منداڵان بۆ سێکسکردن و مامەڵەکردن بە ئەندامی جەستەی خەڵک. دەرهێنەری سینەمایی فرانسیس فۆرد کوبولا، بە فیلمە سێ بەشییەکی توانیبووی راستی و دروستی رۆژانەی بنەماڵەکانی مافیای ئەمەریکایی نیشان بدا و پەردەیان لەسەر روو و ئاکارەکانیان هەڵبداتەوە.

پلەی یەکەمی بێ رکابەرایەتی: مافیای رووسی

مافیای رووسی لە سەردەمی یەکەتیی سۆڤیەتەوە هەبووە، پاش مردنی ستالین گەشت و بەرنامەکانیان گەشەی کردووە، لە سەردەمی حوکمی سەرۆک برژنییف زۆرتر چالاکانە کاریان کردووە، بەڵام لە سەردەمی گورباتشۆف و بە رووخانی سیستەمی سۆڤیەت ئەوان زۆرتر نما دەکەن. کە تێدا چەندان کۆنە ئەفسەری پلەداری موخابەراتی رووسی و پسپۆڕانی شارەزا لە سپیکردنەوەی پارە بەشدارییان دەکەن، زانایانی ناوەکی، ئەندامە کۆنەکانی حزبی شیوعی شارەزایی و کارامەییەکانی خۆیان بۆ مافیا هەرزانفرۆش کردبوو.

زۆربەی ئەندامانی مافیای رووسی بەرەو ئیسرائیل و ئەمەریکا و ئەڵمانیا کۆچ دەکەن، هەمووش ناسنامەی جوولەکەیی و ئەڵمانییان لەو سەفەرانە بەکار هێناوە، دەستیان بە چالاکییە ناشەرعییەکان کردووە، وەک تۆڕەکانی تری مافیای دنیا بەو چالاکیانە داهاتی زۆریان دەست کەوتووە. ئەوان یاساییەکی توندکاریان پەیڕەو کردووە، کەوا بەهیچ شێوەیەک ئەندامانی مافیای رووسی بۆیان نییە لەگەڵ دەزگاکانی حکومەتەکان هاوکار و پشتیوان بن، هەروەها بە گیرانی هەر ئەندامیکیان تا زانیارییەکان نەدرکێنێ، بەخێرایی ئەندامە گیراوەکەیان کوشتووە، ئەگەر ئەندامێکیان ئازاد کرابووایە زوو دەیانکوشت، نەوەک دژیان کار بکا و حکوومەت بۆ مەرامی خۆی ئازادی کردبێت و تا چاو لە چالاکییەکانی مافیا بکا. مافیای رووسی لەگەڵ رۆڵەکانی کوزانوسترای ئەمەریکایی پێوەندی و رێککەوتننامەیان هەبووە، بەوەش کارئاسانییان بۆ یەکتری کردووە و کۆششیان کردووە چالاکییەکانیان دوو ئاراستەی جیاواز بێ، بەوەش بەرژەوەندییەکانیان تێکەڵ نابێ. بە پەرەسەندنی مافیای رووسی، بنەماڵەکانی کوزانوسترای سیسلیایی و ئەمەریکایی لاواز دەبن، نەوە و هاوڕێیەکانی کابونی لە شیکاگۆ و لوتسیانو و نیویۆرک لاواز دەبن، بەوەش رەنگی سووری مافیای سۆڤیەتی گەشە دەکات، لەگەڵ ئەوانە مافیای ژاپۆنی یاکوزا و مافیای چینی تونگ و هۆنگ کۆنگ و تایوان و سێگۆشییەکەی خوارووی ڕۆهەلاتی ئاسیا، لەگەڵ مافیای لاتینی کە ناوبانگیان هەموو سنوورە سیاسی و جوگرافییەکان دەبڕن، هەموویان بەیەکەوە دەستیان دەگاتە جیهانە نوێیەکە و کۆنەکەش.

## مافیا سوورەکە

شارەزایانی تاوانە سیستەمدارەکانی جیهان قسەیەک هەیە دەیڵێنەوە، ئەویش ئەوەیە:

مافیای ئیتاڵی هەر ئەوەندەیە کە بە کوڕێکی مافیای رووسی بناسرێ.

ئەوەش ئاماژەیە کەوا مافیای رووسی یەکێکە لە بەهێزترین و بەدەسەڵاتترین تۆڕەکانی تاوانە سیستەمدارەکان، کە لە سەرەتای سەدەی بیستەم لە سەردەمی رووسیای قەیسەری، یان لەسەر دەستی کۆچبەرە رووسەکانی ئەوروپا دامەزراوە، کە ولاتەکە بە زەبری توندی دەزگاکانی سۆڤیەتیش پیادە دەکرا، ئەوانە دەستیان هەبووە، لەو رۆژانەش ئازایانە چالاکییان کردووە. کە لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی رابردوو سیستەمی یەکەتیی سۆڤیەت دەڕووخێ، چەتەکانیان زیاتر دەست دەکەنەوە و ئازادانەتر دەست بەکار دەبن، دەڵێن ژمارەی چەتەگەرییەکانی مافیای لەناو کۆنە یەکەتیی سۆڤیەت دەگەیشتە حەوت هەزار و پێنج سەد دەستە، لەوانە ٥١٠ دەستەیان بالادەست بوون و پێوەندییان بە تۆڕەکانی لۆکالی و جیهانییەوە هەبووە. کە سنوورەکانی نێوان یەکەتیی سۆڤیەت و ولاتانی ئەوروپای ڕۆهەلات دەکەوێتە سەرپشت، یان کە سنوورەکانی ناو ئەوروپای ڕۆئاوا ئاسان دەبێ، چالاکییەکانی مافیای رووسی دەگاتە هەموو ولاتانی ئەوروپای ڕۆئاوا و ئەمەریکا و ئیسرائیلیش.

## چیرۆکەکانی سەرەتاکە

لە سییەکانی سەدەی رابردوو وشەی مافیا لە ولاتی رووسیا بیستراوە، لە هەڵمەتەکانی دژایەتیکردنی سەرۆکی پێشووتری سۆڤیەت جۆزیف ستالین و لە ئاکامی رەوشە ئاڵۆزەکانی کۆمەلایەتی و سیاسیی کۆمەڵگەکە بوار ساز دەبێ تۆڕەکانی مافیا چەکەرە بکا، چونکە هەر لەو دەمانەش بوو کە بازاڕی رەش پەیدا دەبێ. بەلام هەندێ کەسانی شارەزا لەو بوارەدا دەڵێن مێژووی سەرهەڵدانی تۆڕەکانی مافیا لە رووسیا بۆ سەردەمی زووتر دەگەڕێتەوە، بەلام دیارە و شاراوە نییە کەوا مافیا لە سەردەمی حوکمی میخائیل گورباتشۆف زۆر بەهێز بوون، ئەو دەمانەش بووە کە یەکەتیی سۆڤیەت لەسەر لێواری رووخاندا بووە، بەلام وشەی مافیا هەر وشەیەکی ترسناک و ترسهێنەر بووە، چونکە پێوەندییان بە چالاکییە خوێناوی و تۆقێنەرەکان

هەبووە و دەسەڵاتیان بە سەر کلیلەکانی هەموو ئابوورییە زیندوو و هەستیارەکانی وڵاتەکە هەبووە، ئەوە و لەگەڵ سیاسەتمەدارەکانیش ناویان هاتووە، کە لەناو وڵات و لە دەرەوەی وڵاتیش کاریان لەگەڵ مافیا کردووە، هەندێ جاریش موخابەراتی سۆڤیەتی کە بە ناوی کی جی بی و دەزگاکانی تر پێوەندییان هەبووە. لەبەر بوونی چەندان دەستەی تری مافیا لەو وڵاتە، وەک چەتەکانی قەوقازیی وەک شیشانییەکان و جۆرجییەکان، کە هەمان ڕێبازی توندکار و سیستەمداریان هەبووە، وەک مافیای سیسلیای ئیتاڵی، بۆیە مافیا رووسییەکە پێناسەکەیان زۆر روون نییە.

ئەوەی دەزانرێت کەوا مافیای رووسی بەهێز و بە چالاکی و بە گەنجییەوە ناسراون، بەتایبەتی لەو دەمانە کە تازە سیستەمی یەکەتیی سۆڤیەت رووخابوو، یەکێک لە فاکتەرە هەرە دیارەکانی دەرکەوتنی مافیای رووسی کە بەمافیای سوور دەناسرێن، ئەو میراتە بووە کە لە سەردەمی شیوعییەکانەوە بۆیان ماوەتەوە، کە چەندان ساڵ وڵاتەکەیان بە زەبری چەکوش و سەندانەکە بەڕێوە دەبرد. مافیای رووسی مەشقکراو بووبووە رێکخراوێکی نیمچە سەربازی و ئەندامەکانی پسپۆڕ و لێزان بوون لە پەیداکردنی پارە بەهەموو شێوەیەک. ژمارەی ئەندامەکانی دەگەیشتە سەد هەتا پەنجا هەزار کەسی چالاک، زۆربەیان لە کۆمارەکانی سۆڤیەت و ئیسرائیل و هەنگاریا و ئەسپانیا و کەنەدا و ئینگلتەرا و ئەمەریکا و بەلجیکا و لە شارەکانی بەرلین و دوسلودورف بەردەوام بوونیان هەبووە.

لە سەردەمی سەرۆکی سۆڤیەتی لیونید برژەنییفەوە مافیای رووسی لە ئەمەریکا بوونیان هەبووە، زۆربەیان ئەو کەسانە بوون کە لە گرتووخانەکانی کی بی جی ئازاد کرابوون، بەتایبەتی گیراوە کۆنەکانی گرتووخانەی (فولاژ)، ئەوان بە بیانووی ئەوەی لە وڵاتەکەیان گیرا بوون و دەچەوسێنرانەوە سەفەریان دەکرد، بە کۆمەڵ دەچوونە ئەمەریکا، ئیتر بەو شێوەیە چەتە و دەستەکانی مافیای رووسی سەری هەڵداوە و گەشەی کردووە، توانیبوویان بگەنە ناو تۆڕەکانی پیاوانی کار و بزنسمانە ئەمەریکاییەکان و مەیدانە

سیاسییەکان و کارمەندانی بانکەکان و یانە وەرزشییەکان، بەو شێوەیە کەوتبوونە چالاکیی زۆرەوە بەبێ ئەوەی کەس هەتا سەدەی بیست و یەک جورئەت بکا ناویان بهێنێت. لە پاش رووخانی دەسەڵاتی سۆڤیەتی ئەوان دەست دەگرن بە سەر سیستەمی بانکی جیهانی و پارە سپیکردنەوە و هەتا ئەوەی کارەکانیان دەگاتە ناو گەڕەکی وول ستریتی دراو لە نیویۆرک. یەکێک لە ئەندامەکانی مافیای رووسی کە نازناوی تەرەزانی بۆ خۆی دانابوو، وتبووی من توانیبووم فڕۆکەی کۆپتەری رووسی بفرۆشمە بازرگانەکانی موخەدەرات لە کۆلۆمبیا، دیارە ئەوەش پاش رووخانی یەکەتیی سۆڤیەت بووە، هەر ئەو کەسە ویستبووی چوار غەواسەی رووسی لەگەڵ دەستەی تەواوی کاپتنەکەی بفرۆشێتە دەستەیەکی بازرگانی موخەدەرات، بەڵام دەسەڵاتدارانی ئەمەریکایی هەستیان پێ کردبوو، بۆیە دەگیرێت.

لەو ساڵانەی دوایی دەستەکانی مافیای رووسی توانیبوویان بگەنە فەرەنسا و کەنداوەکانی لازوردی، دیارە کە رووسەکان کۆشکی نایاب لە خوارووی فەرەنسا بە پارەی زۆر دەکڕن، بۆیەش گومانیان لێ دەکەن، هەر ئەو گەشتیارە رووسییانەش دەیانویست لە دەڤەری سینا و ناوچەکانی نێزیک لەو نیمچەدوورگەیە موڵک بکڕن، لەوێ گومان دەکەن کەوا ئەو گەشتیارانە دەستیان لەگەڵ ئیسرائیلییەکان هەبێ، بەوەش مەبەستیانە دەسەڵات لەو ناوچەیە، ناوچەی سەر سنووری نێوانی میسر و ئیسرائیل بگرنە دەست و ناوچەکە بەو شێوەیە کۆنترۆڵ بکەن.

## ژاپۆنییەکە

کەس نازانێ بۆچی نازناوی (ژاپۆنی) یان (یوبونتشیک) وەک چۆن بەزمانی رووسی وشەکە دەگوترێت، لە کەسایەتیی فیاتشیسلاف ئیڤانکۆڤ نراوە. دیارە کەوا لە نەریتی ناو گرووپەکانی مافیا ئەوە باو بووە کەوا باوکە روحییەکەیان حەزی کردووە و مەبەستی بووە ناوێکی تری هەبووبێت بەو ناوەش بانگی بکەن، بۆیەش ئیڤانکۆڤ نازناوی (ژاپۆنی)ی بۆ خۆی

هەڵبـژاردووە، دیارە ئەوەش لـەبەر ئەوە بـووە کـەوا ئەو چاوەکـانـی گـۆشـەی تەسک بـوون، واتە شێـوەی چاوەکـانی، لـە چاوی لە تاکی ئاسـیـایی کـردووە، بەڵام ناوی دووەمـی (یوبونتـشـیـک) نازناوی سـەرکـردەیەکی دیاری بەدکـاری رووسـی بووە، کە لە سـەرەتای سەدەی بیسـتەم ناوبانگی زۆری لە ئەنجـامدانی تاوانی گەورە و خوێناوی هەبووە، بۆیە ئەویش حەزی کردووە ئەو نازناوە کۆنە زیندوو بکاتەوە، کە لـەو کەسـەوە سـەرەتای شانە یەکەمـەکانی مافیای رووسی سـەری هەڵداوە. کە رووسـەکـان بـە سـەرکردەی زۆر بەدەسـەڵات و پایەداریان ناو بردووە. ئیڤانکۆڤ بە کـەس و پیـاوی سـەردەمـی نەوەدەکان ناویان بردووە، ئەمـەریکاییـەکان بە رەمـزی مافیای رووسـیـان ناسـیوە. ئەو لە شەسـتەکانی سـەدەی بیسـتـەم، چووەتە ناو شـانەکـانی تاوانکارەکان و رووخـانـی حـوکمی سـۆڤـیـەتی لە سـاڵی ١٩٩١ دیوە، لە گـرتووخـانەی فـولاژی ناسراو گـیراوە و لەسـەر تاوانـە گـەورەکـان سـزای لە سـێـدارەدانیـشـی لەسـەر بووە، بەپێی بڕیارێکی حکوومـەتە نوێیـەکـە لێـبـووردنی بۆ دەرچووە. کـە لە گـرتووخـانە دەرچووە بەشداریی کوشتنی چەندان ژوورنالیست و پیاوانی پۆلیسی کردووە، بۆیە سـەرکردایەتیی مـافیـای رووسـی لە سـاڵی ١٩٩٣ لەگەڵ ژمـارەیەکی زۆری تری تاوانـبـاری ناودار و دەسـتـڕەش کـە سـەدان کـەس دەبـوون، بڕیار دەدات رەوانەی ئەمـەریکای بکەن، ئەوانەش بە سەرکردایەتیی عەقیدێکی پێشووی کی بی جی رەوانە دەکـرێن. لەبەر ئازایی و لێـهـاتوویی ئیـڤـانکوڤ دەبێـتـە سەرکردەی هەموو چەتەکانی مـافیای جوولەکە رووسییەکان لە ئەمـەریکا، کە کۆچبەرە سـۆڤیەتییـەکانی تێدا بوو. کـە سەرپـەرشتی زۆر لـە چالاکییـەکانی مـافـیـای دەکـرد، دادگـەی فـیـدرالی ئەمـەریکایی هەتـا سـاڵی ٢٠٠٥ سـزای زیندانی بۆ دەبڕێتـەوە، بەڵام ئەو لەناو زیندانەوە رێنوێنیی پیاوەکانی کـردووە، لە رووسیاشـەوە سـەرپەرشتیی دەسـتەکـانی خۆی کردووە. وەکالەتی (ئیف بی ئای)ی ئەمــەریکایی بۆ بەدواچوونی ئەو دۆسـیـەیەکی تەواوی سـاز کـردبوو، چونکە بـاشـی دەزانی کـەوا ئەو سـەرکـردەیەکی مـافـیـای هەرە ترسناکـە لەناو ئەمـەریکا، لەسـەر داوای دادگـەی رووسـی، ئەمـەریکا لە کۆتاییی سـاڵی ٢٠٠٤

ڕەوانەی ڕووسیای دەکاتەوە، چونکە ئەو لەوێ و پێش دەرچوونی لە ڕووسیا بە کوشتنی دوو کەسی تورک لە ڕێستورانتی فیدان لەناو شاری مۆسکۆ لە ساڵی ١٩٩٢ تاوانبار کرابوو. کە ئەو دەگاتە دەست دەسەڵاتدارانی مۆسکۆ ناکرێ تاوانەکەی لەسەر ساخ بکرێتەوە، چونکە شاهیدەکانی لە لێدوانەکانیان پەشیمان دەبنەوە، بەوەش بەڵگەیەکی دیاری لەسەر نابێتە ماڵ.

بەپێی سەرچاوەکان شەڕەکانی مافیا بەو شێوەیە سەری هەڵداوە، لە شارەکانی ڕووسیا چەندان چالاکیی کوشتن و تەقینەوە و یەکلاکردنەوەی کۆنە حیساباتەکان رووی داوە، کە زانراوە ئەو کەسەی بەناوی ژاپۆنی دەناسرا دەستی لەو بەدکارییانەدا هەبوو، دەگیرێت و دەخرێتە کونجی زیندانەوە، بەوەش ئەو دەبێتە سەرکردەی هەموو چەتەکانی مافیا هەتا ئەودەمانەی دەمرێت کەس دەرەقەتی نایەت، پاش ئەوەی لە تەمەنی شەست و نۆ ساڵیدا لەناو ڕێستوانتێک لە مۆسکۆ تووشی شەڕەتەقەیەک دەبێ، کە دەیەوێ لە ڕۆژی ٢٨ی مانگی یولیۆی ساڵی ٢٠٠٩ لەو ڕێستورانتە دەربچێ، هەرچەند دوکتۆرەکان بە چەندان نەشتەرگەری دەیانەوێ لە مردن دەربازی بکەن، بەڵام سوودی نابێ، بەو برینانەوە گیانی بۆ یەکجاری دەردەچێ. کە دەزاندرێت ژاپۆنیی سەرکردەی مافیاکەیان بریندارە، بەڵام هێشتا نەمردبوو، لە ڕۆژنامەی (کومسومولسکایا پراڤدا)دا نووسرابوو، کەوا لیستێک بە ناوی سی و پێنج سەرکردەی مافیای جۆرجی ناویان هاتووە بۆ تۆڵەکردنەوەی ژاپۆنی سەرکردەیان، بکوژرێن. مافیای جۆرجیاش یەکێک بوو لە بەهێزترین مافیای سیستەمداری ڕووسیا، کە لە بن دەستی سەرکردەکەیان دەرچووبوون، لە چەندان ڕووبەڕووبونەوەشدا شەڕی مەزنیان لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو لەگەڵ نەیارەکانیان کردووە، بەڵام هێدی هێدی دەسەڵات و پاوەرییان لاواز دەبێ.

سەرکردەی مافیای ڕووسیی ژاپۆنی لەسەر داوا و وەسیەتی خۆی لەگەڵ دابینکردنی هەموو جۆرەکانی ئەمنی و سەلامەتی ئامادەبووان تەرمەکەی لە تەنیشت دایکییەوە لە گۆڕستانی (ڤاگانکۆڤ) لە ناوەڕاستی مۆسکۆی

پایتەختدا دەنێژن، کە تێیدا چەندان سەرکردە و کەسایەتیی دیاری رووسی لەوێ نێژراون، لەوانە سیاسەتمەدارەکان، ئەدیبەکان و هونەرمەندە ناسراوەکان. لەو مەراسیمەدا گەورە سەرکردەکانی مافیای هەموو جیهان ئامادەی ناشتنەکە بوون، لەوێش رووسیا بۆی نەکرا، هەڕەشەکانی بۆ سەر ئەوان جێبەجێ بکا، بۆیە بۆنەکە ئاسایی بەڕێوە چوو، بەبێ ئەوەی چاوی ئەمنی رووس کەسیان بگرێت و بدۆزێتەوە، بگرە دووریش لە چاودێریی ئەوان هەموو لایەک بۆنەکەیان بەسازی بەڕێ کرد.

چۆن مۆسکۆ گەورە پیاوەکانی بەڕێ کردووە، بەو شێوەیە سەرکردەی مافیاکان بە خاک سپێردرا و تەواوی ڕێوڕەسمەکەش لەلایەن چەندان ئیستگەی تەلەڤزیۆنییەوە وێنەی دەگیرا، بۆنەکەش بە سەلامەتی و بەبێ کێشە بەڕێوە چوو، کە تێیدا کەسایەتیی دیاری بزنسمان و گەورە پیاوانی تاوانکارییە سیستەمدارەکان و دەزگاکانی ئاسایش و سیاسەتمەدارن و نوێنەری چەندان حزبیش ئامادەی مەراسیمەکە بوون. پاش کوژرانەکەی ژاپۆنی سەرکردەکانی تری مافیاکە دەیانگوت، ئەو بووە قوربانی یەکلاکردنەوەی کۆنە حیساباتەکانی لەگەڵ دەستەیەک لە دڵسۆز و نەیارەکانی، چونکە ئەو داوای بەشی خۆی لە داهاتی قومارخانە و پیشەسازیی پترۆڵ و بازرگانیکردنی کۆمپیوتەر دەکرد. لەبەرئەوەی ژاپۆنی سیاسەتێکی وای پێڕەو دەکرد، کەوا کەس بەرژەوەندییەکانی زەرەرمەند نەبێت، بۆیە ماوەیەکی زۆر وەک سەرکردەیەکی بەئەزموون و تەمەندرێژ لەو کار و لەو چالاکییانە دەمێنێتەوە، زۆریش ناکۆکی و کێشە ئاڵۆزەکانی لایەنەکانی چارەسەر کردووە، لێهاتوو بوو لەوەی بتوانێت چەندان میدیاکار و تەکنیکی نوێ بخاتە ژێر فەرمانڕەواییی خۆیەوە، هەروەها رەچاوی بەرژەوەندیی لایەنەکانی نەدەکرد کە پێوەندییەکانی لەگەڵ حکوومەت خۆش و ساز کردبوو، بۆیەش لەو تووڕە بووبوون رەنگە هەر ئەوەش هۆکاری کوشتنەکەی بووبێ.

ژاپۆنی دەستی بەسەر هەموو بۆندەکاندا گرتبوو، بۆیە بە مردنی ئەو پلانی

یەکتری کوشتن و لەناوبردن دەستی پێ کردبوو، هەموو لایەکیان ترسی ئەوەیان هەبوو ناکۆکییەکان و هەڵمەتی کوشتنەکان هەموو ناوچەکە بگرێتەوە.

بەپێی زانیاریی لایەنە ئاگەدارەکان ژمارەی باندە مافیاکانی رووسیا دەگەیشتە ٤٠٠ باند و سەرکردایەتی، لەوانە ژمارەی چەتەکانی کە زۆربەیان لە جۆرجیا بوون، دەگەیشتە دە هەزار کەس، کە زێدی زۆربەی لە سەرکردە مەزنەکانی مافیا بووە، هەر ئەو سەرچاوانە ئەوەیان زانیوە کەوا مافیای رووسی پێوەندیی بە چل رێکخراوی تاوانکاریی سیستەمدار هەبووە. بەپێی دانپێدانانی سەرۆکی دەستەی ئیدارەی قەڵاچۆکردنی تیرۆر و تاوانە سیستەمدارەکانی سەر بەوەزارەتی ناوەخۆی رووسی، کە ناوی ئەلکسندر یلین بووە، ئەو چەتانە لە زۆربەی ناوچەکانی رووسی یەکگرتوو ئەکتیڤ و زەبر بەدەست بوون، کە لە ناوچەکانی نێزیک مۆسکۆ و ناو شارەکە دامەزرابوون.

## نەخشەی مافیای رووسی لە ساڵی ٢٠١٠

ئەوانەی وەک گەشتیار و مێوان سەردانی پایتەختی مۆسکۆیان کردووە، دەزانن نەخشەیەکی رانەگەیەندراوی مۆسکۆ هەیە، کە شارەکەی کردووەتە چەندان کەرت و ناوچە. کە تێیدا مافیا چالاکییەکانی تێدا ئەنجام دەدەن. دیارە بەرپرسەکان رایان گەیاندووە کەوا بە دادگە ناتوانن چەتەکانی مافیا بنبڕ بکەن، بەپێی راپۆرتەکانی میدیا و لێدوانە رەسمییەکان دیارە کەوا دەسەڵاتیان بەسەریاندا ناشکێت. یەکێک لە ناودارترین دەستەکانی چەتەگەریی دەستەی (سونتسوڤا) بوو، کە مێژووی دەستبەکاربوونیان دەگەڕێتەوە سەردەمی ئیڤانکوڤی یان ژاپۆنی، کە بنچینەکانی پێش ئەوەی لە گرتووخانە ئازاد بکرێ دارِشتبوو، واتە پاش کۆتایی هاتنی سەردەمی سۆڤیەتی، یان بەماوەیەکی کەم لە دەرچوونی لە زیندان. سونتسوڤا گەڕەکێکە لە باشووری مۆسکۆ، ئەوەی شیاوی باسە، ئەوانە بەو گەڕەکەوە دەناسران، وای لێ هات ئەوان لە گەڕەکەکە ناسراوتر بوون، ئەوان دەسەڵاتیان بەسەر دە

ناوچەی مۆسکۆدا هەبوو، ئەندامە کارا و دەستە چالاکە مەشقکراوەکان ژمارەیان دەگەیشتە نێزیکەی هەزار کەس. دەستەکە پسپۆڕ بوون لە مەیدانی موڵک و عەقارات، بەڵام پاشان دەستیان دەگەیشتە هەموو بوارەکانی تری ژیان و کۆمەڵگەکە، هەموو دەزگاکان و کۆمپانیاکان مانگانە و پێشوەخت سەرانەیان داوە، بەوەش خۆیان پاراستووە هەتا لە دەستدرێژی حکوومەتیش خۆیان بەو پارەدانە بە مافیا دەپاراست. پارەی داهاتی بازرگانیکردن بە مادە بێهۆشکەرەکان دەبووایە سپی بکرێنەوە، بۆیەش لەوە و لە کارەکانی بەڕێوەبردنی مێوانسازیی هوتێلەکان و پرۆسەی کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاک کە قازانجی زۆر بوو، ئەوان ئەو جۆرە کارانەیان کردووە.

دابەشبوونی تۆڕەکانی مافیا لە رووسیا شێوە و شوێن کارەکانیان سیستەمی نەتەوەیی وەرگرتووە، بۆیەش لە تەنیشت دەستەکانی سونتسوڤا، چەندان بنەماڵەی تری مافیا لەسەر بنچینەی نەتەوەیی هەبوون، وەک مافیای ئازەربێجانی و مافیای جۆرجی و چەندان جۆری تریش. سەنتەری مۆسکۆ کەوتبووە بن دەست و کۆنترۆڵی مافیای جۆرجی، کە باپیرە حەسەن و یان (ئەصلان ئوسویان) بەڕێوەیان دەبرد کە نێزیکەی سێ هەزار چەتە و ئەندام لەژێر دەستی ئەوان کارکەر بوون، مەڵبەندی سەرەکییان لە شاری سوتشی سەر کەنارەکانی دەریای رەش بوو، دیارە ئەو شوێنەش لە زێدی سەرۆکەکەیانەوە نێزیک بووە. دەستەکەی باپیرە حەسەن لە بوارەکانی کاری پترۆڵ و مێوانسازی و بازاڕی و سالۆنەکانی قوومار و بانک و بازرگانی بە جۆرەها کانزا و کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمۆبێل و لەگەڵ ئەو ئیشانە پارەشیان سپی کردووەتەوە.

باپیرە حەسەن دۆستایەتی و هاوپەیمانیەتیی لەگەڵ ئیڤانکوڤ (ژاپۆنییەکە) بە چەندان بۆند هەبوو، هەردوو لاش رێزی ناوچەی سنووورداری یەکترییان دەگرت، بەیەکەوە رقی ئەستووریان لە کۆنە دوژمنەکەیان تاریل ئونیاتی کە بە (تارو)ی جۆرجی ناسرابوو هەبوو، کە سەرکردایەتیی مافیای تەبلیسی دەکرد، دەڵێن ئەویش دەستی هەبوو لە لەناوبردنی پیاوە ژاپۆنییەکە، چونکە لە

سەدەی رابردوو شەڕی خوێناوی لە نێوان چەتەکانی هەردوو بنەماڵە سونتسوڤا و تبلیسی هەبووە، زۆریان لە یەکتری کوشتبوو، بۆیە رەنگە تەبلیسی لەو کوشتنەدا دەستی هەبووبێ. مافیاکانی تەبلیسی دەسەڵاتیان بەسەر دەڤەرەکانی ناوەڕاستی شاری مۆسکۆدا هەبوو، کە ژمارەیان دەگەیشتە نێزیکەی سێ هەزار کەس، سەرکردە تاروش لە بارەگاکەی خۆیەوە لە وڵاتی ئەسپانیاوە سەرپەرشتی وردی دەکردن، زۆریش خۆی لە چاوی پۆلیسی ئیسپانی دوور رادەگرت، چونکە ئەوان بەوردی چاودێریی هەڵسوکەوت و چالاکییەکانی ئەویان دەکرد، ئەو لەوێش بایەخی بە یانەکانی قوومار دەدا، سەرپەرشتیی کەرتی بانکەکان و بوارەکانی عەقارات و موخەدەرات و سپیکردنەوەی پارەی دەکرد.

لە بەشی خوارووی مۆسکۆش لەلایەن چەتەکانی مافیای سلاڤییەوە کۆنترۆڵ کرابوو، کە ئەندامەکانی سەر بە ڕەگەزی سلاڤی بوون، بەڵام سەرکردایەتییەکەیان لە ئەمەریکا دەژیان، کاری ئۆتۆمۆبێلی دزراو و ئاودیوکردنی کاڵای قاچاخیان دەکرد. ئەوانە لە هەموو بوار و بازاڕەکانیان پێوەندییان بە دەستەکەی باپیرە حەسەن گەرم و بەسوود بووە، بە دڵسۆزییەوە هاوکاریی یەکترییان کردووە.

لە بەشی باکوری پایتەختیشەوە، بەدروستی لە دەڤەری (ئیسماعیلوڤا) لەوێ بازرگانیی نهێنی زۆر بوو، بۆیەش مافیای ئەو ناوچەیەش دەستیان لەسەر بازرگانییەکان دانابوو، سەرکردەی ئەوانیش کەسێک بەناوی (ئاکسین یان ئاکسینوف) بوو، کە نیوەی تەمەنی لە گرتووخانەکان بەسەربردبوو، بەڵام بەردەوام سەرپەرشتیی نێزیکەی هەزار کەسی چەتەی کردووە، بارەگاکەشی لەناو مۆسکۆ بوو، پێوەندیشی بە باپیرە حەسەن و ژاپۆنییەکە باش بوو، بەتایبەتی پێش کوشتنی ژاپۆنییەکە.

چەتەکانی ئازەرییەکان دەسەڵاتیان بەسەر بازاڕی میوە و سەوزەی مۆسکۆ هەبوو، سەرکردەکانیان پێوانەی توندیان دانابوو، کەسیش بۆی نەبوو لەو پێوانەیە لا بدا، ئەوانیش چەند دەستەیەک بوون، کە کەسێکی ئازەری

سەرکردایەتیی دەکردن، ئەویش چەند کەسێکی راسپاردبوو سەرپەرشتی کەرتەکانی بکا.

لەگەڵ ئەو دەستە و بنەماڵە گەورانەی ناو رووسیا دەستەی گچکەش هەبوو، لەو ساڵانەی دوایی گەشەیان کردبوو، لەوانە دەستەکەی (جولیانوڤسکایا) کە سەرکردەکەیان ناوی (پاشا) بوو، کە ئەندامەکانیان جانتای دەستی و مۆبایل و وردەواڵەیان دەفڕاند، بەڵام لەناو بازاڕەکانیش چەند پرۆژەیەکی گچکەیان بەڕێوە دەبرد. دەزگەکانی ئاسایشی رووسی لە کردەوەی دەستەکانی مافیا زۆر نیگەران نەبوو، چونکە مافیاکان کەم رەوشەکەیان دەشێواند، بەڵام کە مافیای چینی لە سەرەتای ئەو سەدەیە پەیدا بوو، حکوومەتیان سەرقاڵ کردبوو، چونکە بەوە دەناسران کەوا بە نەرمی و لەسەرخۆ کاریان دەکرد، زۆریش لێهاتوو بوون لە خۆشاردنەوە و دەربازبوون، لەوەش زیرەک بوون کە زوو زوو کارەکتەرەکانیان دەگۆڕی، ئەوانە لە قاچاخی کاڵای پێویستی رۆژانە و دەزگا و ئامێرەکان، لە داودەرمان و لە بازاڕەکان دەستیان هەبوو، بۆیەش دەسکەوتیان زۆر بوو.

## یاکوزای ژاپۆن

یاکوزا دەستەواژەیەکە لە ژاپۆن بە رێکخراوە بەدکار و تاوانکارەکان دەگوترێ، ناوەکەش بۆ وشەیەکی کۆن دەگەڕێتەوە، کە کارتی کوتشینەی یاریکردن بووە، کە بە ناوی (هانافودا) دەناسرا، ئەوەی کارتی ژمارە هەشت و نۆ و سێی بەرکەوتبووایە کە بە زمانی ژاپۆنی (ها نا فودا)یە دەدۆڕا، لە سەدەی حەڤدەوە ئەو نازناوە بەر کەسانی لات و پەرتەوازە و لاسار کەوتووە. لەو دەمانە دەستەیەک بەناوی (کابوکی مونو) واتە (کەسە شێتەکان) لە دەستەی (هاتاموتو یاکو) جیا بووبوونەوە، کە نێزیکەی نیو ملیۆن کەسانی سامورای بێکار تێدا کۆ بووبوونەوە، لەو دەمانە و لە پاش شەڕەکە و لە سەردەمی ئاشتی ئەوانە بێ کار مابوونەوە، کە کرابوونە (رونین، واتە شەڕوانە بێ سەرکردەکان) ئەوانەش هەموو بووبوونە رێگر و جەردە و

گـوندەکـانیـان تالان دەکـرد، ڕێگەیان لـە خـەڵک دەگـرت، سـەرخـۆش و قوومارچییەکانیان رووت دەکردەوە. بەڵام پیاوانی یاکوزا نکۆڵی لەوە دەکەن کـە لەناو عـەبایەکی رونین دەرچووبن، ئەوان خـۆیان لـە (مـاشـی یاکـو، واتە خزمەتکارەکانی شار) بە نێزیک دەزانن، کە چەکیان هەڵگرتبوو گوندەکانیان بپارێزن، کە کەسانی نووسەر و پیاوانی بازاڕ و رێستورانت و پیشەوەرەکان و شـەڕوانە داماوەکان بوون. بەڵام زۆری نەخایاند ماشی یاکوییەکان بوونە پیـاوانی میللی لە بەرچاوی گـوندییـەکان، چونکە وەک رۆبن هودیان دەکرد، وەک ئەفسانەکـەی دزە شـەریفـەکـەیان دەکرد، تا ئـیمـڕۆش یاکوزا خـۆی بە پاڵەوانی میللی دەرچوو لە چوارچیوەکانی یاسا دەزانێ.

ئەندامـانی ئەو گرووپانە لەگـەڵ خواردنەوەی ئاوی برنج چەندان سرووتی سـەیر و ئـاڵۆزیان هەیە، سـوێند بۆ یەکتـری دەخۆن، پەیمان دەدەنە یەکـتری، لەگەڵ یەکتری پێوەندیی زۆر پتەویان هەیە، رێنوێنییەکانیان زۆر توندکارە، کە هـەڵە دەکـەن پـەنجـەیەکـیـان دەبڕنەوە، ئـەگـەر کـارەکـە بـۆ ناوبانگی عەشیرەتەکەیان بەدکارانە بێت، بەو سرووتە دەڵێن، (یوبیتسوما)، کە مانای شـەرم و بێدەسـەڵاتە، کەواتە ئەو پەنجەیە دەرەقـەتـی هـەڵگرتنی شیری نییە، ئەگـەر کـەسـەکە بـەردەوام بوو لەسـەر لاسارییـەکانی پەنجـەیەکی تری دەبڕن. کوتانی شوێنێکی جەستـەش لەلای ئەوان جۆرێکە لـە سزادان، بە کردنی هەر هەڵەیەک بازنەیەکی رەش لەسـەر باسکی دەکەن، ئەگەر ئەندامێکیان هەڵەیەک بکا، بەڵام ئەو کوتانە پاشان دەبێتە هاندەر بۆ تاقیکردنەوەی هێز و دەسەڵاتی ئەو، چونکە رەنگی رەش لە کـوتـاندا چەندان سـەعـاتی ویسـتـووە. یەکێک لە پرەنسیپە دیارەکانی ئەو گرووپە ئەوەیە کەوا ئەوان حـورمـەتی ژن و منداڵانی ئەندامانی تر پێشێل ناکەن، ئاشکراکردنی نهێنییەکانی ناومـاڵەکانیان حەرام و تاوانبـار کردووە، هەروەهـا ناکرێ ئەوانە فـەرمـانەکانی سـەروویان جێبـەجێ نەکـەن، یان دەست لە کـاری بازرگـانی مـادە بێ هـۆشکەرەکـان وەربدەن، یان سـامـانی بنەمـاڵـەکەیان بدزن، یان خـۆیان تەسلیم بە پۆلیس و دادگـە بکەن. مـاوە مـاوە ئەو رێکخـستـنە دەبێتـە هەیکەلێکی زۆر ورد و بە دیسـپلین، بەڵام

یاکوزا لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەم لەو پرەنسیپانە لایان دابوو، زۆریان سامانەکانیان بە کاری ناڕەوا سەرف کردووە و ئیشیان پێ کردووە، ئیدارەی تۆڕەکانی سۆزانییەکانیان کردووە، موخەدەراتیان ئاودیو کردووە، چەکیان کڕیوە و فرۆشتووە، فێڵیان کردووە، پارەکانیان لە وڵاتانی خوارووی ڕۆهەڵاتی ئاسیا و فلیپین سپی کردووەتەوە، لەگەڵ هاوپەیمانە بەهێزەکانیش کۆنتاکیان کردووە تا کەس دەرەقەتیان نەیەت. ژاپۆنی نوێی ئەوانەی بۆ توندکردنی دەسەڵاتەکەی بەکار هێناوە، ئەگەرچی لە ماوەی سییەکانی سەدەی رابردوو ئەوانەی لەگەڵ دەستەیەکی لە کەسانی نەتەوەپەرست، لەوانە سەرۆک وەزیرانەکە و ژمارەیەک لە دەستەوپێوەندەکانی لەسێدارە دابوو. پاش ئەوەی ئەمەریکا سوپاکەی ژاپۆن دەشکێنێ، دەزانێ کەوا مافیای ژاپۆنی یاکوزا لەناو وڵاتدا دەسەڵاتیان چەند بەهێزە، لە بنەوە دەسەڵاتی کاریگەرییان هەیە، ئەوانەی چالاکییەکانیان بۆ ئەنجام دەدەن، یان بڵێین ئەندامەکانیان بە قەد ژمارەی پۆلیسی ژاپۆنی دەبێ، ئەمەریکاییەکان ئەوەیان باش دەزانی، چونکە هەمان دیاردەش لە ئەمەریکادا بوونی هەبوو، ئەگەرچی ئەوان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەمەوە پێگە و دەسەڵاتیان هەبووە، بەڵام لە پاش کۆتایی هاتنی شەڕی دووەمی جیهانی زۆر گەشە دەکەن.

لە کۆتایی پەنجاکان لە ژاپۆن تۆڕەکانی ئەو چەتانە ساز بووبوون، لە سەرووی هەرەمەکەیان سەرۆکەکەیان بە ناوی (ئاویابون) وەک سەرۆک عەشیرەت و باوکە روحییەکە دادەنیشت، لە بەردەستی ئەو کەسێک بەناوی (سایکو کومون) واتە راوێژکارەکە دیار دەکەوت، ئەویش کارەکانی بە رێنوێنیی و کاردەستی ژمارەیەک لە پارێزەران و ژمێریار و سکرتێری مێینە رادەپەڕێنێ، لەبن دەستی ئەویش کەسێکە بەناوی (ئالواکاجاشیرا)یە، ئەو کەسی دووەمە لە دەسەڵاتدارەکە، ئەو نێوانی ئەو کارانە دەکات، بۆ وەرگرتنی پارە و سەرانە کە فەرمانەکەی لەلایەن ئاویابونەوە دەردەچن.

کەسێکی تریان هەبووە بەناوی (شاتی جاشیرا) ئەوان پلەیا لەو بەرزتر بوو، بەڵام دەسەڵاتی کەمتر بوو، لە خوار ئەوانەوە، براکان، سەرکردەکان، یان

بنەماڵەکان دەهات کە لە هەموو بنەماڵەیەک بنەماڵە و دەستەی گچکەتری لێ جیا دەبووەوە، گچکە بەدەسەڵات و بەسنوور کە تەنیا دەستی دەگەیشتە تەنیا ئەو سنوورەی بۆیان دانابوو، هەموویان کۆششکار بوون بەرگری بکەن ئەگەر بنەماڵەیەک دەستدرێژیی کرد، یان بیەوێت بخزێتە ناو بنەماڵەیەکی تریان. هەیکەلەکەیان بەو شێوەیە دابەزییە خوارەوە، تا دەگەیشتە دەستە و گرووپی گچکە، پێیان دەوتن، منداڵەکان، یان کوڕەکان، دەکرا هەر کوڕێک لەوانە دەستەیەکی هەبێ، ئەوانە دەسکەوتەکانیان ڕەوانەی دەستەکانی سەرووی خۆیان دەکرد، ئیتر بەو جۆرە سامانەکە دەگەیشتە لای سەرۆکە گەورەکەیان.

ژمارەی بنەماڵەکان بەو شێوەیە زۆر دەکات تا دەگاتە هەزارەها کەس، لەگەڵ گەشەسەندنی ئابووری ژاپۆنی لە پەنجاکان و لە شەستەکان ئەوانە زۆرتر دەبن، بۆیەش شێوەکاری تەقلیدیی خۆیان دەگۆڕن، دروشمە کۆنەکان، سزاکان کە وەک شەڕە دژوارە خوێناوییەکان دڕەندەییيان پێوە دیاربوو، ئیتر یاکوزا بەو بەرگە خۆیان دەپۆشن، کە ئێستا دەسەڵاتدارانی ژاپۆن پێیان دەڵێن بوریوکودان.

***

لە ساڵی ١٩٦٠ یاکوزا ١٨٤ هەزار ئەندام و کارکەریان هەبوو، کە لەسەر چەندان دەستە دابەشبووبوون و لەناو شەقامەکانی شارەکانی ژاپۆن دەسووڕانەوە، بەپێی ئامارێکی پۆلیسی ژاپۆنی کە مەرجیش نییە ڕەنگدانەوەیەکی ڕاستەقینەی بێت، ژمارەیان دەگەیشتە سەد و پەنجا هەزار کەس، کە لەناو دوو هەزار عەشیرەتی گەورە (کومی) کاریان دەکرد. بەڵام هەموو لایەک وشەی عەشیرەتیان پێ خۆش نەبوو، بۆیە حەزیان دەکرد پێیان بڵێن بنەماڵە لە جیاتی وشەی عەشیرەت، چونکە ئەوەیان باشتر بوو، ئەندامەکان لەناو یەک کۆ دەکاتەوە و پێوەندییەکان گەرمتر دەکات، کە لەسەر بنچینەی باوکایەتی و ڕێزگرتن و گوێڕایەڵی سەرچاوەی دەگرت. هەموو پیاوەکانی یاکوزا ئەوەیان باش دەزانی نەدەکرا ڕووبەڕووی کەسانی سادە ببنەوە، واتە دەستدرێژی نەکەنە سەر (کاتاگی)، ئەگەر پێشێلی یاساکانی

یاکوزای گشتیان نەکردبێت. پیاوانی یاکوزا مامەڵە بەهەموو جۆرەکانی موخەدەراتەوە دەکەن، قازانجی زۆریشی دەخەنە سەر و بازرگانی چەکیش دەکەن، کە لە ژاپۆن پلەکەی لە ئاستی قەدەغە و حەرامکراو بوو، بۆ پاراستن و چاودێریش لە خاوەن کۆگا و کۆمپانیاکان لە بنەماڵەکەی خۆیانەوە پارەش وەردەگرن، ئەوان دەسەڵاتیان لەسەر قوومارخانە و پێشبڕکێیەکان و یانەکانی سپۆرتی سوموش هەبوو، ئەوە و لە دەرەوەی وڵاتیش وەک ئوسترالیا و نیویۆرک و لاس فیگاس و شارەکانی تری ئەمەریکاش کار دەکەن، ئەوان یەکەمین جار لە ئەمەریکا و لە دەرەوە لە شاری هاوای نیشتەجێ بوون. لەگەڵ ئەو هەموو کار و چالاکییە ناڕەوایانە ئەندامانی یاکوزا کۆششیان دەکرد کارەکانیان بەرگی یاسایی و رەسمی پێ بپۆشن، گوایە ئەوان چالاکییەکانیان لەناو قەوارەی کۆمەڵە کۆمەڵایەتییە خێر و چاکخوازەکانە و بەرنامەکەیان مەبەستی سوودی گشتییە هەیە، کە پشتیوانی مادی و رێکخستنی فیستیڤاڵە لۆکاڵییەکانی ژاپۆن لە ئەستۆ دەگرن. پۆلیس ناوی زۆربەی زۆری سەرکردەکانی مافیا دەزانێ، ئەوانەی هەڵسوێستیان بەڕەسمی لەسەر بوارە کۆمەڵایەتییەکان لە بەرگریکردن لە ئارامی گەڕەکەکان هەیە، ئەوانەی دژی دز و پیاوخراپەکان دەستیان گەرمە و بواری بەدکارەکانیان نادەن کە لەلایەن پیاوانی (بوسوزوکو) دەکرێن، کە دەستەیەک گەنجی سەرکەشن شەیدای سواربوونی ماتۆرسکیلن، زۆریش بە ناڕەحەتی سواری دەبن، لە کۆتاییدا هاتبوونە ناو یەکێک لە بنەماڵەکانی یاکوزا، کە زۆرتر و چڕتر کارەکانیان ئەنجام دەدەن.

ئەندامانی یاکوزا بەڕەسمی لە شەقامە سەرەکییەکان نووسینگە و مەڵبەندیان لە شارەکانی ژاپۆن هەیە، بەبێ پەردە و شاردنەوە ناویان بە تابلۆکانی ناسینەوە هەیە، لەبەر دەرگەی باڵەخانەکان بەئاشکرا هەڵواسراوە و بە باشی دەرکەوتووە، ئەوانە ئازادانەش کۆبوونەوە گشتییەکانیان دەکەن. بەڵام ئەو دیاردانە پاش ساڵی ١٩٩١ کەم بووەتەوە، چونکە یاسای رووبەڕووبوونەوە لە چەتەکان و بەدکارییەکان، ئەوانیشی گرتووەتەوە.

دەستەیەکی بێ سەرمایە و بەبێ مووچە ناویان لە خۆیان نابوو (مەڵبەندی نیشتمانی بۆ بنبڕکردنی بریوکودان) ئامادەییان ساز کردبوو کەوا یارمەتی و پشتیوانی ئەو کۆمپانیا و لایەنانە بەخۆرایی دەکەن، کە یاکوزا هەڕەشەیان لێ دەکات و ئامادەن داواکانیان رەچاو بکرێن و پشتیوانییان بۆ دەستەبەر دەکەن. بەلام هێشتا لایەنە یاساییەکان لەو ئاراستەوە لاواز و دەستکورتن، چونکە دەرخستنی تاوانەکانی یاکوزا کۆمەڵگەکەی هوشیار کردەوە کەوا بەدکارییەکانیان رادەبەدەر ناویست و نەگریسە، بۆیەش ئەوان تا نەناسرێنەوە نەشتەرگەریی جوانکارییان ئەنجام داوە و ئاکاریان گۆڕیوە و نەناسرێنەوە، دیارە زۆریش شانازی بە ئازایەتی و دەستگەرمییەکەی جارانیان ناکەن، بۆیە روویان نەماوە بناسرێنەوە. بەلام ئەوەش مانای ئەوە نییە کەوا دەستەکانی یاکوزا نەماون، یان قەلاچۆکراون، هەتا ئێستا مەزەندەی ئەوە دەکرێت کەوا زۆرتر لە هەشتا و پێنج هەزار ئەندامیان هەبێت، سالانەش رەنگە بیست و یەک ملیۆن دۆلاریشیان دەست بکەوێ.

## تریادی چین

چەمکی مافیای چین بەندە بەو داوونەریتەی کە بە (تشاینا تاون)ەوە ناسراوە، واتە گەڕەکە چینییەکە، ئەوان بگەیشتبووانە هەر هەوارێک لە هەموو شارێک تا داوونەرتەکانیان بپارێزن و لەناو کۆمەڵگە نوێیەکە نەتوێنەوە، زوو گەڕەکێکیان بۆ خۆیان دروست دەکرد، بەوەش هەموو رەسەنایەتیی خۆیان پارێزگاری لێ دەکرد، بەوەش لە دەسەلاتی ئیمپراتۆرەکەیان دوور دەکەوتنەوە، دوور لە دەستی سەرۆک عەشیرەت و بنەماڵەکە، ئەوان لە کۆنەوە پرەنسیپێکی چەسپاویان هەیە و لەسەر ئەو قسەیە دەڕۆن کە وتوویانە:

(من لەناو کێڵگەکاندا نەمام دەچینم، بەوەش نان پەیدا دەکەم، من بەدەستی خۆم بیر لێ دەدەم، ئاویش دەردەهێنم، بۆیەش هیچ بایەخ بۆ کەسایەتی و دەسەلاتی ئیمپراتۆریش دانانێم).

چینییـەکان لـە کۆنەوە وەک کولـتـوور شـارەزا و لێـزان بوون لە جۆرەکـانی شەڕ و دەستکردەنەکان، بە چەندان جۆرە شـەڕ ناسراون، یان بڵێین لەوانەوە ئەو جـۆرانە پەیدا بـووە، وەک (کـۆن فـۆ، فـو شـو، فین تشـون، جـیت کـون)، ئەوانەش ئاکارەکانی دەستـە چەتەگەرییە چینییەکان بووە، هەر چینییەکان پێڕەوی شـێوازی (شـوژیندو) ی روحی بوونە، بەوەش خۆیان لە پرۆسـەکانی راگــرتنی نەفس لەبەر رەوشی ئاو و هەوا و زەمــینەی بە ئازار مــەشق پێ کردووە، بەوەش هـێزیان لە ناخی خاکەوە وەرگرتووە، لەسـەر رەژووی بە پۆلوو و وەســتـانی بەر بارانی بەلێـزمــە و ئاوی سـارد و خـۆهەڵواسـین بە شـوێنە ئەستەمەکان مەشـقیان کردووە، بەو مەشقانە لە ئازایەتی رادەهاتن، ترسیان دەشکا، لە هێزی توندکاری سروشت فێر دەبوون، ئەو مەشق و بەرنامانەش لە کتێبە کۆنەکان وەرگیـراوە و سوودیان بینیوە، کتێبە کۆنەکانیان کە تەمەنیان سـەرووی دوو هەزار و پێنج سـەد سـاڵە ئەو وانانەی تێدابوو، لەوانە کـتێـبی (هونەری شـەڕ)ی فـەیلەسـووفی چینی سـون تزی، کـە تێـیـدا جـەخـتی لەوە کردووە کـەوا ژمارەیەکی کەم دەتوانن بەرگـەی هێزی گـەورە و زۆردار بگرن ئەگەر وزە و دەسەڵات لە نـاخی شاراوەی خـاکەوە وەربگرن، واتە لە بەرچاوان نەبن، ئەگەر خـۆتان لە بەرامـبەر هێـز و دوژمـنی نابەرامـبەر دزییـەوە، ئەوە بە خــراپە ناکــەوێتــەوە، بگرە هەڵوێســتــێکە لە ئەنجـامی رەوشی گـونجـاوی ماندووکردنی سـوپای هێرشبەری دوژمن، ئازایەتی لەوە خـۆی دەنوونێت، کەوا هێرشەکان بشکێنیت و هێرشی لە ناکاویش رابگریت.

بزاڤـە نهـێنییـە چەکدارەکان لـەو مێـژوو و لەو فـەلسـەفـەوە سـەرچاوەیان گـرتووە، لەوانە دەستـەکـانی (تاریاد و تونگ)، ئەوانـە لە ناوەڕاستی سـەدەی حەڤـدەمـەوە وەک رێکخـراوی نهـێنیی سـوارەکانی داکـۆکیکەر و بەرەڤـان لە منشـوریا شـەڕیان کـردووە، پاشــان رۆڵیــان گـۆڕاوە و کــەســە هـەڵاتووە دەرکراوەکانیان لەلایەن ئیمپراتۆرەوە پاراستووە. لەو دەمانە کردەی سێگۆشە چینییەکە، تاریاد لەلایەن ژمارەیەک لە راهیبی بوزی پەیدابوو، ئەوان بەنهێنی کاریان دەکرد، سـومـبلەکـەشیـان سـێگۆشـەیەک بوو لە سـەرەکـانی هێـمای

ئاسـمـان و خـاک و مـرۆڤ بوون، لەسـەر دەسـتـی ئەوانەوە ئەو سـێگۆشـەیە پەیدابوو، ئینجا لە سەرانسەری وڵات بڵاو دەبێتەوە، دەگاتە هەموو گۆشەیەکی ئەو وڵاتە بەرینە، کە مەبەستی ئاینی و نیشتمانییان هەبووە، بەڵام پاشان ئاراسـتـە و بەرنامـەکـەیان بەرەو تاوان و بەدکـاریی دەبەن، وەک چۆن لە دوورگەی سیسلیا رووی دا. ئەو دەستە چەتەگەرییە چینییە دەگەنە ئەمەریکا، لەوێشەوە لە ئاسیا و لەناو ویلایەتەکانی ئەمەریکا و ئوستراليا رەگ دادەکوتن و تا لەو جیهانە بەرینەدا ژمارەی ئەندامەکانیان دەگاتە نێزیکەی یەک ملیۆن چەکداری زەبربەدەستی ترسناک. کە ئەمەریکاییەکان لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەم مامەڵەیان لەگەڵ کۆچبەرە چینییەکان بەدکارانە و نادروست بووە، بەشێوەیەکی نادروست و دوور لە رەوشتی مرۆییانە، ئەوەیان هانی چینییە کۆچبەرەکانی داوە مافیای چینی لە ئەمەریکا گەشە بکا. شێوازەکانی چەوسانەوەی چینییەکان زۆر بوون، لەوانە کە کۆنگرێسی ئەمەریکایی لە ساڵی ١٨٩٢ بەناوی (یاسای پەرەوایزکردنی چینییەکان) دەرکردبوو، کە تێدا هاتبوو، کەوا هیچ کەسێکی بەرەچەڵەک چینی بۆی نییە رەگەزنامەی ئەمەریکایی وەربگرێت، بەو یاسا نوێیە چینییەکانی ناو ئەمەریکایان خستبووە خوار هاووڵاتییە رەش و هیندییەکانیش، دیارە ئەوەش چینییەکانی زۆر توورە کردبوو، هەر بۆیە ئاراستەیان بەرەو تاوان و بەدکاری کردبوو. ئەگەرچی سیاسەتی ئەمەریکایی لە سییەکانی سەدەی رابردوو پشتیوانیشی لە حکوومەتی نیشتمانی بە سەرۆکایەتی شیانگ کای تشیک دژ بە ئیمپراتۆرییەتی ژاپۆن دەکرد، حزبی شیوعیشی بە سەرۆکایەتی ماوتسی تونگ بەهێز دەکرد، بەڵام یاسا کۆنەکەی کۆنگرەی ئەمەریکایی بۆ نەدانی رەگەزنامە بە چینییەکان هەتا ساڵی ١٩٤٣ کاری پێ کراوە و لە سەردەمی حوکمی رۆزفلت هەڵوەشاوەتەوە.

وەک چۆن ئیتاڵییەکان سەرەتا هاتوونەتە ئەمەریکا، هاووڵاتییە کۆنەکان، رەفتاریان لەگەڵدا کردوون، چینییەکانی ناو ئەمەریکاش پێشوازییان لە چینییە نوێیە کۆچبەرەکان کردووە، خواردنیان بۆ ساز کردوون، شوێنی

مانەوەیان نیشان داون، کاریان بۆ دۆزیونەتەوە، بۆیەش ئەمەریکاییەکان ئەوەیان بە جۆرێک لە هەستی نیشتمانی یان بنەماڵەیی زانیوە، بەڵام چینییەکان ئەو پێشوازییەیان بەشێوەیەک لە شێوەکان هەستیان بە پیرۆزکردنی بنەماڵەیی یان داوونەریتی چینی خۆیان نەکردووە. لەگەڵ ئەو تێکەڵبوونە و لە رەوشە نوێیەکانی رۆژگارا دەستەیەکی نوێی نهێنی لەسەر شێوازی کوزانوسترای ئیتالّی ئەمەریکایی ساز دەبێ، لە زۆر سەرچاوە و کارنامەش لەوان نێزیک دەبن، ئەوانەش واتە رێکخراوە نهێنییە چنییەکە لەگەڵ جووتیارەکانی چاندنی ئەفیونی جارانی وڵاتی خۆیان ئاشنایەتی دەکەن، کە (ئال کابونی چینییەکە) کە ناوی (دو) بوو سەرۆکایەتیی دەکرد، ئەو هەرگیز لەناو شارەکاندا بە تەنیا نەدەگەڕا، بەردەوام چەند کەسێک بۆ پاراستنی گیانی پاسەوانیەتییان کردووە، دیارە ئەوەشی بۆیە کردووە، چونکە سەرۆکایەتیی تۆڕێکی ژنە سۆزانییەکان و بازرگانەکانی کوکایینی کردووە، هەروەها لەگەڵ ئەو چالاکییانەش بانکێکیشی هەبووە و سەرۆکایەتیی کۆمەڵەی قەلاچۆکردنی ئەفیونی دەکرد کە لە شنگهایەوە سەرپەرشتیی دەکرد، لە نێوان ئەو شارە و ئەمەریکا هاتوچووی دەکرد، لەو دەمانەش پێوەندی باشی بەرژەوەندیی نێوان دو و ئاتیان فیوری پەیدا دەبێ کە سەرۆکایەتیی پۆلیسی لەو کۆلۆنییە فرەنسییە لە چین دەکرد، ئەو پۆلیسە لە وڵاتی جەزائیر لەدایک بووبوو، بە ڕەچەڵەکیش دەگەڕایەوە سەر دوورگەی کورسیکا.

فیوری یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی یەکەتییە کورسیکییە نهێنییەکە، کە دەستەیەکی تاوانکاری تایبەت بوون بە سۆزانییەکان و موخەدەرات لە نێوان شاری شنگهای و مرسیلیای خوارووی فرەنسا، ئەوانیش تاقە دەستی بازرگانی ئەفیونی فرەنسی بوون، دیارە پێش (فرێنش کونیکشن) بوونیان هەبوو، کە زۆر ناودار بوون. لە کۆلۆنییە فرەنسییە چینییەکە رووناکبیرەکان کار دەکەن، تۆڕەکانی بەدکاریی نێوان مافیای چینی و پیاوە چەتەکانی کۆرسیکایی شەرمەزار بکەن، بۆیەش حکوومەتی فرەنسی دەست بە

چاکـــسـازی دەکـــات، زۆریان دوور دەخـــاتـەوە لەوانـە فــیــوری و کـــونسلە گشتییەکەش. هاوکات ئەو ڕێکخراواە پێوەندییەکانی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ڕەسمیی چینی ئەو دەمانە لە حکوومەتەکەی شیانگ کای شیکی سەرۆک وەزیرانی چینی نیشتمانی پتەو و ئەکتیڤ دەکات. پێوەندییەکەیان باش بوو تا ڕادەی ئەوەی حکوومەت، (دو) یان (مەلیکەکەی ئەفیون) بە پلەی جەنەراڵ لە سوپای نیشتیمانی دادەمەزرێنێت، سەرۆک وەزیران لە بەرامبەر دژایەتی و ڕووخاندنی شیوعییەکان چاو لە هەموو چالاکییە بەدکارییەکانی دەپۆشێت، چونکە پیاوەکانی لەو پرۆسەیەدا زۆر هاوکاریی دەکەن.

کە ژاپۆن لە شەڕی دووەمی جیهانی دەشکێ، بەربەرەکانی نێوان هێزەکانی شیانگ کای شیکی نیشتمانی پشتیوانکراو لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەکرا لەگەڵ هێزەکانی ماوتسی تونگی شیوعی گەرم دەبێ، کە تێدا ماوتسی تونگ بە پشتیوانی زۆرینەی چینییەکان سەردەکەوێت، سەرکەوتنی ئەوان دەبێتە یەکەم پێگە بۆ ڕووخان و شکانی مافیا، چونکە تێیدا چەندان سەرکردەیان لەدار دران، لەوانە (دو) بەرەو (فۆن کۆنگ) ڕادەکات، لە ئاکامی زۆر بەکارهێنانی موخەدەرات لەوێ لە ساڵی ١٩٥٣ دەمرێ. بە مردنی ئەو چالاکییەکانی دەستە مافیوزییە چینییەکان لاواز و سست دەبێت، کە لە تایوان و هۆنگ کۆنگ نوایەکیان دەست دەکەوێ، بەڵام لە هەوارە تازەکانیان دەبووژێنەوە و دەگەنەوە ناو بازنەی چالاکییەکانی مافیا و کارەکانیان، بەوەش ئەوان دەبنە یەکێک لە دەستە مافیایە بەهێزەکانی سەر خاکی ئەمەریکا. ئەوە و ئەوان دووبارە دەستیان دەگاتەوە ناو خاکی چین، لەو دە ساڵەی ڕابردوو ڕێژەی تاوانەکان لە ئەنجامی زۆربوونی بێکاری زۆر دەبێ، لەوانە کوشتن و پەلاماردانی ژنان و ڕێگەگرتن و فڕاندن و چەندان کردەوەی بەدکارانەی تری نایاسایی.

ئەکادیمیای چینی بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان مەزندەیان دەکرد کەوا ژمارەی ئەو جووتیارانەی لە گوندەکانەوە هاتبوونە شارەکان و کاریان دەست کەوتبوو، پاشان بێکار مابوونەوە دەگەیشتە نێزیکەی ١٠٪ کە دەیکردە دوو

جار بەقەد ئەو ژمارە رەسمییەی لەسەر کرێکارە بێکارەکان ئاشکرا کرابوو، دیارە کەوا ئەوانەش بووبوونە ناوکی سەرەکیی دەستەکانی بەدکاری و تاوانەکان، کە بەزۆربوونی رێژەی بێکاریی و هەژاری زیاد دەکەن، یان بڵێین کە ئاستی دەوڵەمەندی و هەژاریی خەڵکەکە، نێوانیان زۆر بەرین دەبێ. ئاشکرایە و هەموو لایەک ئەوە دەزانن کەوا دەسەڵاتدارانی چین توندکارن لەسەر لادەران و لەسەر ئەوانەی یاساکان پێشێل دەکەن، لە تشونگتشینگی رۆئاوای چین دادگەی گەورەیان کردەوە بۆ سی و یەک کەس، لەوانەی دەستیان لە تاوانە سیستەمدارەکانی ئەو رێکخراوانە هەبوو لەگەڵ چواردە دەستەی مافیای بوارەکانی کوشتن و دزی و رفاندن و بەکارهێنانی کانزاکانی خەڵووزی ناشەرعی سزا درابوون.

لە ئیتاڵیاش لەو ساڵەدا دژایەتیی توندی تۆڕەکانی مافیایان کردووە، کە لانکەی سەرهەڵدانی مافیا بووە، کە تێیدا زۆرتر لە هەزار لە پیاوانی پۆلیسی دارایی لە هەرێمی توسکانا هەڵیان دەکووتایە سەر بنکەکانی رێکخراوە چینییەکان، کە لە هەشت هەرێمدا چالاکانە کاریان دەکرد، لەوانە: لە یوسکانا، لومباردیا، بییمونتی، فینیتو، ئیملیا رومانیا، لاتسیو، کامبانیا، لەگەڵ دوورگەی سیسلیاش، پۆلیس لەو هەڵمەتەدا دەیان کەسی چینی و ئیتاڵی هاوکاریی ئەوانی گرتبوو، کە بوارساز دەکەن چینییەکان بەشێوەی ناشەرعی بێنە ناو ئەو هەرێمانەی ئیتاڵیاوە، تا لە کارگەکان کاری لاساییکردنەوەی کالای چینییان پێ بکەن، لەگەڵ ئەو کارانەش بەناچاری کاری وەک سۆزانی و دزی و شتی تریان پێ دەکردن، هەر لەو هەڵمەتەدا سامانی ٧٣ کۆمپانیا و ٨٠ یەکەی عەقاری و ١٦٦ ئۆتۆمۆبێلی گرانیان گرتبوو. چیرۆک و سەربردەی مافیاکانی ولاتانی ئاسیا زۆرن، کە لە چین و لە ژاپۆن بنکەیان هەبووە و پێشەنگی ئەو کارانە بوون، بۆیەش لە ولاتانی تری ئاسیا وەک هیند و ڤیتنام و سەنگافوورەش بەهەموو شێوازەکانەوە کار دەکەن، هەمووشی بۆ پەیداکردنی سامان و دەسەلات بووە.

## كۆلۆمبیا و مەكسیک و كوبا جەمسەری بەدكاریی لاتینین

ئەمەریكا بەناوی شەڕی دژی تیرۆر بەرەیەكی فراوانی شەڕی هەیە، بەڵام بەنهێنی و بەبێ ئەوەی كەس دەركی بكات، لەسەر سنووری وڵاتانی ئەمەریكای لاتینی شەڕی دژ بە كارتلەكانی موخەدەرات دەكات. كارتل دەستەواژەیەكە لە وشەی كارتای لاتینییەوە هاتووە، واتە پەیمان یان پەیمانی دەست بەسەرداگرتن، كە لە نێوان دەزگا هاوپیشەكان دەكرێت بۆ سازكردنی بەرنامەی هاوشێوە و هاوكار و كەمكردنەوەی ئەستەنگ و تەنگژەكان، دیارە ئەوەیان گەورەپیاوانی بازرگانی موخەدەراتی كۆلۆمبی و مەكسیكی جەختی لەسەر دەكەن، كە هاوپەیمانی لەگەڵ مافیای ئەمەریكایی باكور دەكەن، ئەوە و لەگەڵ مافیاكانی ئاسیایی و ئەوروپاش كار دەكەن رەچاوی ئەو پەیمانە دەكەن، كە ساڵانە ملیارەها دۆلار دەستكەوتیان لە چالاكییەماڵوێرانكەرییەكاندا هەیە وەک بازرگانیكردن بە ژنان، بە منداڵان، بە خواردنی وادە تێ پەڕیو. دیارە كەوا هاوێركردنی ژیانی رۆژانە لەگەڵ چالاكییەكانی بازرگانیكردن بە موخەدەرات زۆر زەحمەتە، چونكە مافیای كۆلۆمبی بەئاسانی گەیشتووەتە ناو دەزگاكانی حكوومەت بەتایبەتی دەزگا ئەكتیڤەكان، زۆر لە وەزیرەكان، لە سیاسەتمەدارە گەورەكان پەرلەمانتارەكان، بۆیەش ئەوان بەئاسانی دەسەڵاتیان بەسەر ئەو ناوچانە هەیە كە دارەكانی كوكایینی تێدایە، دەكەوێتە ناوچەیەكی شاخاویی دوورەدەست، بۆیەش دەسەڵاتداران بەئاسانی پاوەریان ناگاتە ئەو مەڵبەندانە، بەناچاریش ئەو گرووپانە هەموو خزمەتگوزارییەكان بۆ هاووڵاتییانی ئەو دەڤەرە دەستەبەر دەكەن، وەک پێوەندییەكانی گەیاندن و هاتوچوو. كۆلۆمبیا لە پاش بەرازیل و ئەرجەنتین و ڤەنزوێلا چوارەم گەورە وڵاتی ئەمەریكای باشوورە كە سەرژمێرییەكەی دەگاتە نێزیكەی چل و پێنج ملیۆن كەس. پاشای كۆكایین لە كۆلۆمبیا كەسێكە بەناوی (بابلۆ ئوسكوبار)، كە تەواوی دوورگەكە بهماس دەكرێت بەرهەمی كۆكایین زیاد دەكات، بەشێوەیەک كێڵگەكان هەموو دوورگەكە دەگرێتەوە و بەرهەمی دەگاتە دەیان هەزار تۆن، بەوەش بازاڕەكانی

ئەمەریکا و هەموو وڵاتانی ئەوروپا پڕ دەکات، کە چاندن و هەناردەکە زۆر دەکات و نرخەکەش کەم دەکاتەوە، کە هەرگیز لەو نرخە هەرزانەی بەخۆیەوە نەدیبوو، چونکە بە ئاسمان و بە دەریا و وشکایەتی ئەو مادەیە بەرەو دەرەوە هەناردە دەکرێ، بە بەلەمی خێراش لەو دوورگەیە دەگاتە ئەمەریکای باکور. ئاسکوبار کار و بواری ئیشکردن بۆ ژمارەیەکی زۆری کۆڵۆمبی دەدۆزێتەوە و بواری کاریان بۆ ساز دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا چەندان خانوو و نەخۆشخانە و قوتابخانە و کڵێسا و مەڵبەندی کۆمەڵایەتی دروست دەکات، لەبەرئەوەی ئەو کەسێکی ئیمانداری کریستیانیش بوو، بۆیە هەموو کڵێساکانی ئەویان لا پیرۆزبوو. کۆواری فوربس  لە ریزبەندی پیاوە دەوڵەمەندەکانی جیهان ژمارەی حەوتەمی بۆ دانابوو، چونکە سەرمایەکەی دەگەیشتە نێزیکەی چوار ملیار دۆلار، دەیانگوت بۆ گەرمکردنەوەی کیژەکەی  و بۆ چێشتلێنان دوو ملیۆن دۆلاری سووتاندووە، کە لەبەر راونانی پۆلیس خۆیان لە ئەشکەوتێک حەشاردابوو. دەڵێن بە حکوومەتی کۆڵۆمبیی وتبوو، من هەموو قەرزەکانتان دەدەمەوە، ئەگەر وازم لێ بهێنن و ئازادم بکەن، ئەو پێوەندیی لەگەڵ دەوڵەتی نیکاراگوا و چەندان دوورگەی کاریبی هەبووە، لەگەڵ جەنەراڵ نورییگا لە پەنەما و لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری پایەدارانی ئەفسەرانی سوپای کوبی پەیمان و دۆستایەتیی هەبووە. لە ئەنجامی چالاکییەکانی ئەو و رۆژانەی کارەکانی لە ساڵی ١٩٨٥ەوە وڵاتەکەیان لە رەوشێکی نائارام و شەڕی بەردەوام ژیاوە، لەو ساڵە و تەنیا لە شاری مدیین نێزیکەی هەزار و حەوت سەد تاوانی کوشتن رووی داوە، لە ساڵی ١٩٨٦ زۆرتر لە سێ هەزار و پێنج سەد کەس کوژراوە، کەواتە رۆژانە دەکاتە دە کەس. لە ساڵی ١٩٩٠ چەتەکانی مدیین، ئەوانەی سەر بە ئاسکوبار بوون، توانییان سێ کاندیدی سەرۆکایەتیی کۆڵۆمبیا لە کۆی شەش کاندید بکوژن، دیارە ئەوەش هەموو ئاراستەکانی سیاسەتی وڵاتی گۆڕیبوو، ئاسکوبار بە پشتیوانی ئەمەریکا پاش چەندان کاری فێڵبازی و چاودێری وردی بە کامیرای زۆر هەستیارەوە کوژرا، کە تەرمەکەیان بەرێ دەکرد لە سەربانی ماڵە هەژارەکان بە گریانەوە وەستابوون و ئامادەی بەڕێکردنی تەرمەکەی بوون، لەولاشەوە چەندان بنەماڵەی پۆلیس و

سەربازەکان بوونە قوربانی کردەوەکانی ئەو. هەر لەو شارە کە یاریزانی تیمی وڵاتەکەیان لە مۆندیالی ساڵی ١٩٩٤ لە ئەمەریکا دەدۆڕێن، بە گەڕانەوەی گۆڵچییەکەیان، ئەندریس ئاسکوبار دەکوژن، چونکە بە گۆڵکردن لە تۆڕەکەی ئەو تیمەکەیان لە مۆندیال دەرچووە، بەو تاوانە مافیا زیانێکی زۆری بەردەکەوێ، چونکە وتبوویان ئەوان گۆڵچییەکەیان کوشتووە. مێژووی مادە بێهۆشکەرەکان لە کۆڵۆمبیا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی شازدەم، هیندییە سوورەکان بە چاندنی ئەو رووەکە راهاتبوون، چونکە ئەوان فێربووبوون کەوا بە مژینی گەڵای کۆکایین وزەیان زۆرتر دەبێ، بەرهەمیان زۆرتر دەبێ، بۆیە ئەو گیایەیان چاندووە و بەکاریان هێناوە و بایەخیان پێ داوە، پاشان لەناو عەشیرەتەکانی کۆڵۆمبیا بڵاو دەبێتەوە. کە هێز و دەسەڵاتی تۆڕەکانی مافیا دەکەونە رکابەرایەتیی حکوومەت، کە هێز و دەسەڵاتی میدیا و ئابووری و سەربازییان شان لە شانی حکوومەت دەدات، حکوومەت لە ساڵی ١٩٨٥ دەکەوێتە خۆ و بەر لە چاندنی ئەو نەمامە زیانگەیێنە دەگرێت و بەئاشکرا شەڕ دژ بە مافیا رادەگەیەنێ. دیارە ئەو شەڕکردنە بە پاڵپەستۆی ئەمەریکا بووە، چونکە ئەوان ترسی زۆربوونی موخەدەرات و پارە سەرفکردن تەنگی پێیان هەڵچنیبوو، ئەوە و کاریگەریی خراپی زۆریان لەسەر باری ئابووری و کۆمەڵایەتی وڵاتەکەیان دانابوو. کارتلی مافیای کۆلۆمبیایی زۆربوون لە هەموویان ناودارتر دەستەی مدلین و کالی بوو، هەروەها چەندان دەستە و گرووپی تاوانکاریی بەدکاری تریش لە وڵاتانی ئەمەریکای باشووری وەک پۆلیڤیا و پیرۆ ئەکتیڤ بوون، بەوەش ئەوانە رووبەڕووی رێکخراوە سیستەمدارەکانی تاوانکاری ئەمەریکایی و ئیتاڵی دەوەستان، کۆشش دەکەن، شێوازی کارکردنیان دەگۆڕن تا بتوانن بەرنامەکانیان لەسەر دەستەکانیان لەسەر بنچینەیەکی دەسەڵاتداری لۆکاڵییەوە بێتە خوارەوە و لێپرسراوییەتییەکان دابەش بکەن، تا راستەوخۆش لەگەڵ دەزگاکانی جێبەجێکاری یاسا رووبەڕوو نەبنەوە، کارەکانیان بەو شێوەیە دابەش کردبوو:

١- بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی. ٢- بەرهەمهێنانی پیشەسازی. ٣- پرۆسەی داکردن و گواستنەوە و دابەشکردن. ٤- مامەلە دراوییەکان و سپیکردنی پارە و

بەکارخستنی پارەکان لە چەندان پرۆژەی بە دەستکەوت.

بە کارکردن و بە بەرنامەرێژی باشی کارەکانیان سەرمایەکانی زیاد دەکات و ساڵانە دەگاتە نێزیکەی هەشت ملیار دۆلار لە بازاڕی کۆکایینی جیهانی.

## مەکسیک

لەو ساڵانەی دواییدا مافیای مەکسیکی بەشێوەیەکی راستەوخۆ دەست بەسەر بازرگانیی موخەدەراتی جیهانی دادەگرن، ساڵانە رێژەی ٩٠٪ لە پێویستییەکانی ماریگوانا و مادەی میتامفیتامین دەگەیەننە ناو ئەمەریکا. مەکسیک بووبووە بواری سەرەکی موخەدەراتی هاتوو لە وڵاتانی کۆلۆمبیا و پیرۆ و پۆلیڤیا و لەوێشەوە بەرەو وڵاتانی باکور رۆیشتووە، بەوەش نائارامییەکی لە ناوەندی ئەمەریکی پەیدا کردبوو.

بەپێی ئامارەکانی ساڵی ٢٠٠٩ تەنیا لەو ساڵەدا نێزیکەی پینج هەزار کەس لە ئاکامی سەرکێشییەکانی فرۆشتنی موخەدەرات کوژراون، لەوانە سەدان کەسیان پیاوانی پۆلیسی مەکسیکی بوون. هەر لەو ساڵەدا لە هەموو دنیا هەواڵی کوشتنی ئەلبرتو برتران لیڤا لەگەڵ چوار لە هاوڕێیەکانی لە ئەنجامی هێرشێک بۆ سەر شوقەکەیان لە شاری کیرناڤاکا لە خوارووی مکسیکو ستی بەدەستی پیاوانی ئاسایش دەکوژرێن بڵاو کرایەوە. لەو هەڵمەتەدا نێزیکەی دوو کەس لە پیاوانی ئاسایش بەشدارییان کردبوو، دیارە ئەوەش پاش ئەوە کە پۆلیس بەسەربڕاوی تەرمی شەش پۆلیسی رفێنراوی خۆیان لە نێزیک کڵێسایەک لەو گەڕەکە دۆزیبووە، دیارە ئەو رفاندن و کوشتنە هۆڤیانە پاش ئەوە هاتبوو کە پۆلیس دە کەسی مافیایان لە دەستەکەی لیڤا کوشتبوو، ئەوانیش بۆ تۆڵەکردنەوەی ئەندامەکانیان پاش ئازاردانی جەستەیی زۆر، سەری پۆلیسەکەیان بڕیبوو.

حکوومەتی مەکسیک بەهەموو دەزگا ئەمنییەکانیەوە سەرووی دوو ملیۆن دۆلاری وەک پاداشت تەرخان کردبوو، بۆ ئەو کەسەی پێشەوای پێشەواکانی بۆ بگرێت کە نازناوی لیڤا بوو، دیارە ئەویش مەترسی زۆری لەسەر رەوشی

وڵات دانابوو، چونکە توانیبووی یەکێک لە دڕەندەترین و بەهێزترین دەستەی مافیای موخەدەرات دامەزرێنێ، ئەو یەکێک بوو لەو چوار کەسەی لە دەستەکەی (سینالوا)ی مەکسیکی جیا بووبوونەوە و چووبوونە ناو دەستەی تاوانکارێکی وەک (لۆس زیتاس) کە تێیدا چەندان کۆنە سەربازیان وەک بەکرێگیراو بۆ تاوانەکان بەکرێ گرتبوو. بە رۆیشتنی ئەو چوار کەسە بۆ ناو دەستە نوێیەکە، ناکۆکی و ململانێ روو دەدا، کە لە ئەنجامدا شەڕیکی دژوار لە نێوان سینالوا و لۆس زیتاس دەقەومێ، کە لە ساڵانی ٢٠٠٦ هەتا ٢٠٠٩ نێزیکەی چواردە هەزار کەسی هەردوو لای تێدا دەکوژرێ.

ململانێی نوێ لە مەکسیک لە ساڵی ١٩٨٩وە دەست پێ دەکات، پاش ئەوەی ئەمیری بازرگانی کۆکایین میگیل ئەنخیل فیلکس گالاردو دەگیرێت، پاشان لە نەوەتەکانی سەدەی رابردوو ململانێیەکان کەمێک سارددەبێتەوە، بەڵام پاش ساڵی ٢٠٠٠ دووبارە قۆناخەکە توندکاری و توندوتیژیی تێ دەکەوێتەوە، کە تێیدا سەرۆکی مەکسیکیی پێشوو ڤنسنت فۆکس دەستەیەکی گچکەی چەکدار رەوانەی سەر سنوورەکانی ئەمەریکا دەکات بۆ شەڕکردنی چەتەکانی ناوچەکە، بەڵام دیارە کەوا دەستەکە هیچیان پێ ناکرێ و دەشکێن.

لە ساڵی ٢٠٠٥ لە دەڤەری (نویڤو لاریدو) لە شەڕێکی دژواری نێوان (جلف) و (سینالوا) بۆ کۆنترۆڵکردنی ویلایەتی (میتشواکان) سەد و دە کەس کوژرا، لە ڕۆژانی ئەو شەڕەش حکوومەت تەنیا وەک چاودێرێک لە دوورەوە سەیری شەڕەکەی کردبوو. پاش ئەوەی لە مانگی ینایری ساڵی ٢٠٠٦ فیلیبیە کالدیرون دەسەڵات لە وڵاتەکە دەگرێتە دەست، فەرمان دەدات شەش هەزار و پێنج سەد چەکداری هێزەکانی یەکگرتوو و سوپا و پۆلیس رەوانەی میتشواکان بکا، پاشان ژمارەی هێزەکە زۆرتر دەکات تا دەگاتە نێزیکەی چل و پێنج هەزار کەس.

سەرۆکی ئەمەریکایی باراک ئوباما زۆر پشتیوانیی مەکسیک دەکات بۆ قەلاچۆکردنی بازرگانیی موخەدەرات، بۆیەش تا ئاسانکارییان بۆ بکا، پێنج کۆپتەریان دەداتێ، لە چوارچێوەی بەرنامەی (میریدا) لە ساڵی ٢٠٠٨

گوژمەی یارمەتییەکانی ئەمەریکایی بۆ مەکسیک دەگاتە نێزیکەی چوار سەد ملیۆن دۆلار، لەوانە ئامێر و تۆڕی گەیاندن و پێوەندیشی تێدا بووە.

لەناو سی و یەک ویلایەتی مەکسیکی حکوومەتی مەکسیکی ڕووبەڕووی حەوت کارتلەی بازرگانیی موخەدەرات بووەتەوە، کە بەیەکەوە هاوکاری و پەیمانیان بەستووە، لەوانەی کە زۆر دژوارن و چالاکییان ترسناکە، کارتلی کەنداوەکە (ئەوانە لە سێزدە ویلایەت کارکەرن) کە لەگەڵ کارتل (تیخوانا) کە لە سنووری (پازدە ویلایەت کارکەرن) هاوپەیمانن، هەروەها کارتل (سینالوا)، کە لە (حەڤدە ویلایەت کارکەرن) و کارتل (خواریز) کە لە (بیست و یەک ویلایەت کارکەرن) و کارتلی (ڤالنسیا)، ئەوانە هەرسێکیان بەیەکەوە هاپەیمانیەتییەکی پتەویان بەناوی (یەکەتی) لە نێواندا هەیە. دیارە هاوپەیمانیی نێوان دەستەکانی مافیا هەتا سەر نییە، بۆیە بۆ پەیداکردنی دەسەڵاتی زۆرتر و کۆنترۆڵکردنی بازاڕەکە شەڕی دژوار لە نێوانیان روو دەدات بۆ دەست بەسەرداگرتنی رێگە سەرەکییەکانی گەیاندن، بەتایبەتی رێگەی نێوان (ریو گراندی) لە شاری سیوداد خواریز لە ویلایەتی تسیهواهوا لە باکوری مەکسیک هەتا شاری ئەلباسو لە ویلایەتی تکساس لە باشوور ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، حکوومەتی مەکسیکیش کۆششی بێوچان بوو تا لافاوی ئاودیوکردنی کۆکایین رابگەن، بەڵام دیارە هەموو یارمەتییەکانیش بەکەڵکی مەکسیک نەهاتووە بۆ کۆنترۆڵکردنی رێگە سەرەکییەکانی نێوان هەردوو وڵات.

## کوبا

کوبا یەکێکە لە دوورگە گەورەکانی ناوچەی کاریبی، کە ماوەیەکی زۆرە فردۆس و ئارەزووی خەڵکە دەوڵەمەندەکانی ناوچەکە بوو، بۆیەش پارەیەکی زۆری رادەکێشا، ئەو دەرسەش بوو کە مافیای ئەمەریکایی کوزانوسترا لە سییەکان و چلەکانی سەدەی رابردوو وەریان گرتبوو، ئەوان لەگەڵ سەرۆکی کوبیی ئەو دەمانە باتیستا لە ئەنجامی دانوستانی راستەوخۆ توانیبوویان

دەست بەسەر هوتێلی ناسیونالی بەناوبانگ دابگرن، لەوێ ئیدارەی یەکێک لە گەورە یانەکانی یاریی ناوچەکە دەکەوێتە بن دەستی ئەوان، بەوەش بە چەندان بواری ساختە و فێڵبازییەوە پارەیەکی زۆریان لەو کارانە دەست دەکەوت، پارەکەشیان بە ساختە رەوانەی دەرەوە دەکرد. ئیتر بەو شێوەیە بنەماڵە مافیاکانی ئەمەریکا دەکەونە ململانێ بۆ کردنەوە و دۆزینەوەی بازاڕ لە کوبا، لە ئەنجامی دیالۆگی نێوان مافیوزوی نیویۆرکی باناناس و راوێژکاری کوزانوستراى داراییی مائیر لانسکی باناناس دەبێتە بەڕێوەبەری هوتێلی ناسیونال.

لەو هوتێلەدا کۆبوونەوەی لووتکەییی تاوانکاری بە سەرکردایەتیی لاکی لوتشیانو، کە باوکی مافیای روحی بوو لە جیهان کرابوو، لەو کۆبوونەوەیەدا دانوستان لەسەر بەرنامەی رووبەڕووبوونە لە پێشهاتەکان کرابوو، کە لە رووداو و گۆڕانەکانی پاش کۆتاییی شەڕی دووەمی جیهانی دەهاتە ئاراوە. کە لوتشیانوو لە ئیتاڵیا دەرچووە، سوودی لە کەسایەتی گۆرانیبێژە گەنجەکەی ئەو دەمانە فرانک سیناترا وەرگرتووە، ئەوەی کە بەڕەچەڵەک ئیتاڵی بوو، بۆیەش ئەو لە کاروانە هونەرییەکەیدا پشتیوانیی مافیای کردووە. لەناو دەستەکانی مافیای شیکاگۆ و نیویۆرک دەگوترا کەوا سیناترا لە پایتەختی کوبی دەمامکی بەکار هێناوە، چونکە زۆر کەسایەتیی ناسراوی دنیا هاتبوون بۆ رێزگرتنی هونەرمەندە گەنجەکە.

هەموو ئامادەبووان شوێنی تایبەتیی خۆیان لەو کۆبوونەوە لووتکەییەدا هەبوو، بابەتی زۆر لە هاڤانا قسەی لەسەر کرا، یەکێک لە بەرنامەی کارەکە ئەوە بوو کەوا لوتشیانو مەبەستی بوو پێگەی خۆی وەک باوکی رۆحی کوزانوسترای جیهان گیر بکا، چونکە ئەوا لە سەرەتای پەنجاکانەوە ئەو پێگەی هەبوو، رێکخراوەکەش لەوە باش حاڵی بووبوو، کەوا بازرگانیکردن بە موخەدەرات یەکێکە لە دەسکەوتە زۆر بە سوودەکان لە مەیدانی تاوانکاریی سیستەمدار لە بازاڕی ئەمەریکی. مافیاش بڕیار دەدا دوورگەی سیسلیا بکاتە مەڵبەندی پەخش و بڵاوبوونەوەی هەموو تۆڕەکان.

بەپێوەندیکردنی پتەو و تۆکمە مافیا لەگەڵ چەندان کۆمپانیای دەرمانسازی ڕێک دەکەون کەوا مۆرفین بکەنە هیرۆین، بەو شێوە نوێیەوە لە شووشەی گچکە گچکەی بکەن، تا بەئاسانی لەسەر دەستی چەندان دەستەی تایبەتیی خۆیانەوە و بە ڕێگەی تایبەتی لە ریو یان لە کاراکاس و یان لە مونتریال و یان لە مرسیلیاوە بگەیەنرێتە بازاڕەکانی ئەمەریکا. تۆڕەکانی مافیا لە دوورگەی سیسلیا وەک تۆڕێکی ئارام و دوورە کێشە دەمێنێتەوە، لەبەرئەوەی لەناو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کارەکانی مافیا چاودێری وردی لەسەر بووە و ئیشکردن لەوێ ئاسان نەبوو، بۆیە ئەوان بازاڕەکانی کوبایان کردووە بە مەڵبەندێکی ئەکتیڤی خۆیان، چونکە خاڵێکی نێزیکی ئەوانیش بوو. تۆڕەکانی مافیا وەک چۆن لەناو دوورگەی سیسلیا ئازادانە کاریان کردووە لە دوورگەی کوباش هەمان بواریان بۆ ساز بوو، کە ئازادانە و بەبێ ترس کار و چالاکییەکانیان بکەن، دیارە ئەوەش پاش ڕێککەوتنە فەرمییەکەی کوزانوسترابوو لەگەڵ باتیستا بۆ بازرگانیکردن بە کۆکاین. بەڵام هەڵگیرسانی شۆرشی کوبی بووە زەبرێکی کوشندە بەر بەرژەوەندییەکانی مافیا کەوت، بۆیە بۆ دۆزینەوەی ستراتیجیەتێکی نوی بۆ بازرگانیکردن بە ڕێکخستن و ڕاپەڕاندنی کارەکانیان بڕیار دەدەن کۆنگرەی لووتکەیی لە بالیرمو لە سیسلیا ببەستن، لەوێش بڕیار دەدەن هەموو سەنتەرەکانی ئەو بازرگانییە بگوازنەوە سیسلیا. دیارە ئەوەش پاش ئەوە هاتبوو کە لوتشیانو ماوەی مانەوەی لە ئەمەریکا لێ وەردەگیرێتەوە و ناچاری دەکەن لە ئەمەریکا دەربچێ و بگەڕێتەوە سیسلیای زێدی جارانی خۆی، دیارە کەوا ئەو دەرکردنەی ئەو لە کوباش پاش پاڵەپەستۆی توندی ئەمەریکاییەکان بووە لە سەرۆک باتیستا.

لە مانگی ئوکتۆبەری ساڵی ١٩٥٧ و لە شەقامی رۆما لە بالیرمو کۆبوونەوەی لووتکەیی ئاوارتە بە ئامادەبوونی سەرکردایەتیی مافیای هەردوو کەنارەکانی ئەتلەسی لە ئەمەریکا و سیسلیا ساز دەکرێ، کە تێیدا ناوچەکانی دەسەڵات و کارکردن لە جیهان دابەش دەکەن، تا تێیدا کاری

خۆیان بکەن، بەتایبەتی بازرگانیکردن بە موخەدەرات. هەڵگیرسانی شۆڕشی کوبا بە سەرۆکایەتیی ڤیدل کاسترۆ خەون و بەرنامەی باتیستای لەگەڵ مافیا هەڵوەشاندەوە و بازاڕە گەرمەکەی گازینۆکانی سارد کردەوە و هەموو قازانج و دەستکەوتەکانیان لە دەست چوو، کە دۆستایەتییەکەی کوزانوسترا بە سەرپەرشتیی مائیر لانسکی جوولەکە بوو، ئەو بەرپرسی دارایی ڕێکخراوەکە بوو. لە ساڵی ١٩٦٢ لوتشیانو لە فڕگەی ناپۆلی لەو دەمانەی چاوەڕوانیی نووسەری سینەمایی مارتن جوش دەکات تا ژیانی بکاتە فیلمێکی سینەمایی دەمرێ، بە مردنی ئەو ناکۆکییەکان وەک بەربەرەکانی ناو نیویورک توند و دژوار دەبێت، کە هەرگیز لەناو بازاڕەکانی موخەدەرات وا هۆڤیانە شەڕی یەکتریان نەکردبێ.

لەگەڵ سەرەتای دەستبەکاربوونی جۆن کینیدی بۆ سەرۆکایەتی ئەمەریکایی، کە زۆر لەگەڵ مافیا و چالاکییەکانیان هەستیاربوو، کارلۆ جامبینو کە یەکێک بوو لە کەسە زۆرزانەکانی مافیا دەبێتە سەرپەرشتیاری تۆڕەکانیان، ڕەنگە دیدی کینیدی لەسەر مافیا بۆ ئەو پێوەندییە دەگەڕێتەوە ئەودەمانەی کە لە نێوان جوزیف کینیدیی باوکی لەگەڵ کەسایەتی مافیای ناسراو (سام جیانکانا) هەیان بووە، کە جۆن کینیدی پشتیوانیی سی ئای ئەی نەکردووە بۆ یارمەتیدانی ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکانی ئەمەریکای لاتین، بگرە دژایەتیی زۆری کردوون، کە کاریان دەکرد کەوا کەسێکی وەک کاسترۆش بکوژن، سەرۆک لەگەڵ ئەوانە هاوبیر نەبوو، کە کوباییەکانی ناو ئەمەریکا ئەوانەی پەرۆشی ئەوەبوون ڕێژیمی کاسترۆ بڕووخێنن، مەشقیان پێ بکەن، پاشان لە ساڵی ١٩٦٢ بەشدارییان کردبوو لە هەڵمەت و هێرشە سەرنەکەوتووەکەی سەر دوورگەی بەرازەکان لە کوبا، کە لە ئاسمانەوە بە فڕۆکە دایان بەزاندبوونە سەر کوبا، کەواتە سەرۆک دژایەتیی کاسترۆی نەکردووە و بە پرۆسەکانی دژایەتیکردنەکەش ڕازی نەبووە، بەڵام موخابەراتی ئەمەریکایی بۆ ئەنجامدانی ئەو بەرنامەیە هاوکاری کوزانوسترایان قبووڵ بووە، کە دەزگاکانی پۆلیس و دادوەری داوایان لێ کردوون.

لەناو بەڵگەنامەکانی (سی ئای ئای)دا باسی ئەوە کراوە کەوا (جۆنی روسیلی) کە یەکێکە لە پیاوانی ئال کابونی لە هۆلیوود نێوانی پێناوی لەگەڵ دەزگا نهێنییەکانی ئەمەریکی بینیوە بۆ هاوکارکردنی بەرنامەی کوشتنی ڤیدل کاسترۆ، ئەو پیاوەی دوژمنی ژمارەیەکی مافیا و ئەمەریکا بووە، کە ئەمەریکا نەیتوانی ئەو لەسەر پۆستی سەرۆکایەتیی کوبا لا ببا، بەڵام ئەو توانی ئەوان لە سەرۆکایەتی لا ببات و ئەو بۆ وڵاتەکەی بووبووە کەسی فریارەسی بەتوانا بۆ نەڕووخانی وڵاتەکەیان. کۆشش و بەرنامە لەلایەن کەنەدا و ئەمەریکا لە باکورەوە زۆر دەکرا تا دەروازەی ئەو گەندەڵییە بگرن کە لە باشوورەوە بۆیان دەهات، وەک دامەزراندنی سەکۆی تاوان کە ساڵی ١٩٩٧ لە دەرەوەی سنووریان دامەزراند بوو کۆشش بکەن بە ئالییەتێکی هاوکاریی هەواڵگری کار بکەن رێگە و بوارەکانی ئەو چەتانە بگرن، هەر بۆ سەرکەوتنی ئەو کۆششە، ئەمەریکا لەگەڵ بیست و پێنج وڵاتی تری ناوچەی کاریبی و ئەمەریکای خواروو بۆ پتەوکردنی هاوکاری کاریان دەکرد، تا هەزارەها کەس لە پیاوانی چەتەکان و بازرگانەکانی موخەدەرات بگرن و چەندان بار مادەی قەدەغەیان لێ گرتن، بەڵام هەموو تاوان و ئاسانکارییەکانی گەشەی گەندەڵییەکان و ئاودیوکردنی مادە بێهۆشکەرەکان تەنیا حکوومەتەکانی خواروو لێی بەرپرس نین، دیارە کەوا کەسانی دیار و ناسراوی باکور و باشوور دەستیان لەو دەسەڵاتە و لەو بەرنامەیەدا بەڕوونی هەیە.

## ئاخۆ مافیای جوولەکە هەیە؟

لە بواری پۆلین و رێکخستندا ناکرێ تاوان و بەدکارییەکانی مافیا لە نێوان ئاینەکانی جوولەکە و کریستیان و موسڵمان بکرێ، بەڵام کەسانی شارەزا دەڵێن بوونی پێوەندییەکانی جوولەکە بە مافیا لە ئاراستەیەکی بۆشەوە نەهاتووە، رەنگە ئەوان پێش ئەوەی بێنە ئیسرائیل وەک کەسانی جوولەکەیی لە ئەمەریکا و لە رووسیا خۆیان دەناساند، بەڵام ئەو کۆچبەرە نوێیانە بناخەی سەرەتاییی مافیایان داناوە. بۆ نموونە زۆر ناوی پیاوی ناوداری مافیای

کۆچبەر مائیر لانسکی دێت، ئەو سەرگەورەیەی بەهاکانی مافیای کۆنی گۆڕیبوو، ئەویش بەرپرسە لەوەی لاکی لوتشیانو دوا سەرکردەی مافیای ئەمەریکاییی کۆن سلڤادۆر مارانزانوی لە ساڵی ١٩٣١ بکوژێت، جێگەی سەرسامیش نییە کە ئیسرائیلییەکان لە سەرەتای حەفتاکان دان بەوە دابنێن کەوا ئەو پشتیوانیی دەوڵەتی ئیسرائیلی کردووە.

ڕۆژنامەی مەعاریفی ئیسرائیلی لە ڕۆژی ٢ی مانگی سێپتەمبەری ساڵی ١٨٨٤ بەدڵنیاییەوە نووسیبووی کەوا سێگۆشەی تاوانکارییەکانی کۆکاین بە دەستی جوولەکەیە، چونکە ئەوانن پارەکان لە هەموو دنیا ساخ دەکەنەوە، بەڵام بارونی کۆلۆمبیاییەکان سەرپەرشتی دروستکردن و بەرهەمهێنانن، مافیای رووسی جوولەکەییش لە نیویۆرکەوە چاودێری مەسەلەکە و بەرهەمەکە دەکەن. ئەگەرچی ئیسرائیل و رووسیا نێوانیان زۆرە و زۆریش لەیەک دوورن، بەڵام پێوەندییەکانی مافیای ئەو دوو وڵاتە پتەو بووە، ڕەنگە مەسەلەکەش بگەڕێتەوە سەر ئەوەی باوکی روحی دەوڵەتی ئیسرائیلی تیودور هرتزل بە ڕەچەڵەک رووسی بووە.

بەڵام لە راستیدا پێوەندییەکانی مافیای نێوان ئەو دوو گرووپە پتەو و هاوبەرژەوەند نابن، تا یەکەتیی سۆڤیەت نەڕووخا ئەو گرووپانە بەئاسانی نەگەیشتنەوە یەک، زۆریش سوودیان لە لایەن و تیرە و ڕەگەزە جیاوازەکانی وەک ئۆکرانی و ئەرمەنی و ئازەری و جۆرجی بینیبوو، بەڵام ناوەکە تەنیا بۆ مافیای رووسی و ئیسرائیلی دەگەڕایەوە، بەڵام هەر ناوی دووەمیان زۆرتر دەستی رۆیشتووە و پاڵەپەستۆکەی زۆرتر بووە.

دەڵێن سەرکردایەتیی مافیای رووسی ئیسرائیلی و پیاوە گەورەکانی زۆربەیان جوولەکەی رووسی بوون، کە لە دەزگاکانی موخابەراتی سۆڤیەتی (کی جی بی) و موخابەراتی سەربازیی سۆڤیەتی (گی ئۆ ئار ئێن) کاریان کردووە، هەروەها دەستە هەڵبژاردەکەی ناو هێزە تایبەتییەکانی سۆڤیەتی پێشوو و پیاوانی سوپا و پۆلیسی نهێنی سۆڤیەتییش بووبوونە ئەندام لەو مافیایانە.

که سەرۆک حکوومەتی رووسی جاران بوریس یلتسین ژمارەیەکی زۆری لەو پیـــاوانە لە ریزەکـــانی ئەو دەزگـــایانەی دەرکـــردبوو، یان بلـــێن وازی لە خزمەتەکانیان هێنابوو، بۆیە زۆریان روویان لە تۆڕەکانی مافیا کردبوو، دیارە مەبەستیش لەو پرۆسەیە بەپێی بەرنامەی لاوازکردن و کەمکردنەوەی هێزەکان بووە پاش کۆتاییهاتنی شەڕی سارده، کە سەرەتای قۆناخی دۆستایەتی و هاوکاری بوو. بەپێی ئاماژەی راپۆرتەکان کەوا مافیای رووسی ئیسرائیلی لە ساڵی ١٩٩٥ ژمارەی ئەندامەکانی دەگەیشتە نێزیکەی سەد هەزار کەس، کە لەناو هەشت هەزار دەستە کۆ بووبوونەوە، لەو دەمانەش کۆنترۆڵی رێژەی ٨٠٪ چالاکییەکانی تایبەتی رووسیای کردبوو، کەواتە دەستیان بەسەر لە ٤٠٪ داهاتی ئابووریی رووسی ئەو دەمانەدا گرتبوو. مافیای رووسی ئیسرائیلی پێوەندییان لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری قەوارە ئابوورییە بازرگانی و سیاسییەکان هەبووە، بۆ نموونە توانیبوویان بەهۆی یەکێک لە بەڕێوەبەرە هەرە دیارەکانی جوولەکەوە خودورو فیسکی کۆنترۆڵی کۆمپانیای رووسی مەزن (یوکوس) بکەن، سەرکردایەتیی ئەو گرووپانەش پشتیوانیی بزاڤ و حزبەکان و سەرکردە سیاسییەکانیان بۆ مەرامی تایبەتیی خۆیان کردووە.

مافیای جوولەکەکان دەوڵەتی ئیسرائیلیان کردبووە نوایەکی ئارام بۆ خۆیان، دیارە کەوا دەوڵەتەکەش بواری کۆچکردنی بەهەموو جوولەکەیەک دابوو کە رووی تێ بکەن و تێیدا نیشتەجێ ببن، بەئاسانیش هەموو پێداویستییەکانی ناسنامەیان بۆ ساز کراوە و وەک تاکێکی ئیسرائیلیش جێگەیان بووەتەوە، بەوەش ئەوانە توانیویانە بە رێگەی دەریاوە سەفەر بکەن و بگەنە ئەمەریکا و هەموو ولاتانی رۆئاوای ئەورووپا، کە ناسنامەی هاوولاتیی ئیسرائیلی هەبووە، کەسیان رادەستی هیچ ولاتێک نەکردووەتەوە بە بیانووی ئەوەی ئەوانە هاوولاتیی ئیسرائیلین، بۆیە پیاوانی مافیا لەوێ باش حەشار دراون و لە دادگەکانیش دوور کەوتوونەتەوە، هەروەها ئیسرائیل داواشی لە حکوومەتی رووسی کردبوو کەوا لاریی نییە و پێیان خۆشە گیراوە جوولەکەکانی ناو گرتووخانەکانی رووسیا رادەستی ئەوان بکەن، تا لەناو

گرتووخانەکانی ئیسرائیل بە ئاسایی ماوەی گیرانەکانیان تەواو بکەن. زۆر قسە لەسەر ئەوە دەکرێ کەوا مافیای رووسی جوولەکەیی لەو دە ساڵانەی دوایی رۆڵیان زۆر هەبووە لەسەر پەیداکردنی تەنگژە ئابوورییەکانی رووسیا، بەتایبەتی لە نەوەتەکانی سەدەی رابردوودا، دیارە سەردەمەکە وابوو، کاتی گۆڕانی بوارەکانی ئابووری بووە لە ئابوورییەکی حکوومی گشتی بۆ ئابووریی تایبەتی، ئەو رەوشەش بواری ساز کردبوو، مافیا بە ئاسانی بخزێتە ناو کار و بەرنامەکانی کۆمپانیاییەکان و کارە بازرگانییەکانی ئابووری لەناو رووسیا و هەموو وڵاتە ئەوروپاییەکانی ڕۆژهەڵات و ئاسیای ناوەڕاست، ئەوەش بەو پارانە دەکرا، کە لە بانکە ئەمەریکاییەکان و ئەوروپاییەکان لەبن دەستی جوولەکەدا بووە بۆ ئەو ناوچانە.

بەرئەنجامی سیستەمی نێودەوڵەتی نوێ پەردە لەسەر چەندان کێشە و ئاشووبەکانی جیهانی سێیەم هەڵدرایەوە، تێیدا شەڕی ناوەخۆیی و ململانێی سەخت هاتە ئاراوە، لەو رەوشەدا مافیای رووسی جوولەکەیی هاوشانی مۆسادی ئیسرائیلی و ئاژانسی موخابەراتی ئەمەریکایی سی ئای ئی و موخابەراتی دەرەکی بەریتانی ئێم ١٦ بە سەرپەرشتیکردنی هەناردەی چەک و تەقەمەنی سەربازی و ئاودیوکردنی بۆ میلیشیا و دەستە چەکدارەکان لە بولگاریا و ئۆکرانیا و رۆمانیا ئاگرەکەیان خۆش دەکرد، بەوەش مادەی خاوی وەک ئەڵماس و زێڕیان لە سیرالیۆن و لیبیریا و ئەنگۆلا و ڕۆژهەڵاتی کۆنگۆ دەست دەکەوت، ئەوانەیان بۆ چارەسەکردنی ئەو کانزایانە رەوانەی ئیسرائیل، دووبارە لەوێیەوە بە بەڵگە و وەسلی ئیسرائیلییەوە رەوانەی بازاڕەی ئەوروپا دەکرانەوە، دیارە کە مادەکان دەفرۆشران، ژمێریاری وردیان لە رێگەی بانکەکانەوە بۆ دەکرا.

## لە فەڵەستین

لەگەڵ گەشەکردنی چالاکییەکانی مافیا چەندان بنەماڵەی مافیایی دەستیان بەسەر چەند شاری وەک عەسقەلان و تەلئەبیب و نتانیا و ئۆرشەلیم لە

دەشتایی و لەسەر کەنارەکانی دەریاش داگرتبوو، لەسەر پاپۆڕەکانی سەر دەریای ناوەڕاست یانەی قوورمایان بەڕێوە دەبرد، کە بەڵگەیان لەسەر کێشەکانیان نەبوو، بۆیەش پۆلیس دەستی لە کارەکانیان وەرنەداوە. ڕۆژنامەی مەعاریفی عیبری ئاشکرای کردووە کەوا سەرکردەکانی مافیا لە ئیسرائیل دەستیان لە تەقینەوەکانی ناو شارەکانی ئیسرائیل هەبووە، بۆیەش هەموو لایەنە ئەمنییەکان سەرقاڵی زانیاری کۆکردنەوە بوون بۆ پەیداکردنی بەڵگەی روون و ئاشکرا بۆ شەڕکردنی ڕێکخراوە تاوانکارەکان و لەناوبردنی سەرکردەکانیان.

## مافیا لە جیهان

چیرۆک و رووداوەکانی سەر مافیای ئیسرائیلی زۆرە، دیارە کەوا بەشێکیان تەنیا قسە و پڕوپاگەندەیە و بەشێکیشیان دیارە کەوا راستن، ئاژانسی موخابەراتی کۆلۆمبی لە ساڵی ١٩٨٩ رای گەیاندبوو کەوا کۆمپانیایەکی ئیسرائیلی بەسەرپەرشتی کۆنە ئەفسەری سەر بە مۆساد مەشق لەسەر چەتەکانی ناسراو بە کارتلەکانی موخەدەرات بۆ فێرکردنی کوشتن و لەناوبردنی نەیارەکان دەکەن، بەڵام ئەفسەرە کۆنەکانی مۆساد نکووڵییان لەوە نەکردبوو و بێ ئاگایی خۆیان لەوە رانەگەیاندبوو.

لە سەردەمی سەرۆکی پێشووی ئەمەریکی جۆرج بوش و لە ئاکامی دەسەڵاتی کەسانی پاریزگارە نوێیەکانەوە، دەزگا فەرمییە ئەمەریکاییەکان زۆریان دەستیان لە چالاکییەکانی هاوبەشی مافیای رووسی ئیسرائیلی هەبووە، لەوانە بۆندەکانی نێوان بنتاگۆن و کۆمپانیاکانی فیکتۆر بووتی جوولەکەی رووسی، کە یەکێک بوو لە گەورە بازرگانەکانی چەک و ئەڵماس لەسەر ئاستی هەموو دنیا. لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییەوە لەبەرئەوەی ئەو چەک و تەقەمەنیی سەربازیی زۆری رەوانەی ئەفغانستان و عێراق و سیرالیۆن و لیبیریا و ئەنگۆلا و باشووری سوودان و دارفۆر کردبوو، فەرمانی گرتنی دەرچووبوو، دەڵێن لەو دەمانە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکایی

پێشـوو کۆندولیـزا رایس پێنـاوی بۆ کـردبوو، تا نەگیـرێت و داوای لە دەزگـای لێکۆڵینـەوەکـانی فیـدرالی ئەمـەریکی ئێف بی ئای کـردبوو، وازی لێ بێنن و بە سـەلامـەتی ئەو سـەفـەرەکەی خـۆی بۆ ئـەمریکا بکا، دیارە ئەو لـەوێ بووە تا کـارسازییـەکانی لـەگەڵ چەندان کـۆمپـانیـای ئەمەریکیی ویلایەتی تکسـاس کە راسـتـەوخـۆ سـەرۆک بوش و بنەمـاڵەکـەی سـەرپـەرشـتـییـان دەکـرد تەواو بکا، هـەروەها لەگەڵ کـۆمپانیای هالبیرتۆنی سەر بە دیک تشینی جێگری سەرۆکی پێشـووی ئەمـەریکا کاری هـەبووە. گومـان لەوە نیـیـە کـەوا دەزگـای مـۆسـادی ئیـسـرائیـلی لە چەندان چالاکـیی نـاو ڕۆژهـەڵاتی ناوەڕاست و لە دەرەوەی ئەو ناوچەیە بەرپرسی راسـتـەوخـۆ بووە، لـەو چالاکـیـیـانەش بەئاشـکرا دەست و بۆنی مافیای لە سازکردن و جێبەجێکردنی پلانەکەدا هـەبوو، هـەموو کـەسێک ئەوە چاک دەزانێ کەوا مۆساد رێنوێنییەکانی چالاکوانەکانی مافیا و کەسانی ئاستی خـوارەوەشـی مەبەست بووە، دیـارە ئەوەش زانراوە کەوا پێوەنـدیی پتەو و بەرژەوەندی هـەردوو لا لە نێوان دەزگاکـانی موخابەرات و مافیـا گەرم و ساز بووە، کە هـەمـوو جۆرەکانی چەکی وەک چەک و سێکس تاوان و دەسـتدرێژی و سامـانی زۆری تێدا بەکار هاتووە، کە تێیدا ژمـارەیەکی زۆر سیاسـەتمەداران بوونەتە قوربانییەکەی.

دەزگـای مۆسـاد زۆرجار ژنە سـۆزانییەکـەی بۆ تاوانبـارکردن بەکار هێناوە وەک رووداوەکـەی مـوردخـای مـعنونـو، کـارمـەندی ناوەکـی ئیـسـرائیـلی بەهۆی ژنێکەوە لە ئیـتـاڵیـا رفـێنـرایەوە ناو ئیـسـرائیل تا لەوێ بـگیـرێت، ئەوان لە چالاکـیـیـەکـانی تـەزویری پاسـپـۆرت لێزان بوون، بۆیەش توانـیـیـان کـەسـێکی تیـرۆریسـتـی ناوداری وەک کارلۆس لە سـوودان بگرن و درایەوە دەست دادگە. رەنگە چـالاکـیـیـەکـانی مـایک هراری ئەفـسـەری مـۆسـاد و کـارا و ناودار لە راونانی پیـاوانی رێکخـراوی رزگاریخـوازی فـەڵەسـتینی بە درێـژاییی چەندان سـاڵ لە ئەوروپا، دیارە ئەو ئەفسـەرەش راسـتـەوخـۆ لەلایەن سـەرۆک وەزیرانی ئەو دەمـــانە گـــۆلدا مـــائیـــر رێنـوێنـی کـــرابـوو بۆ تیــرۆرکـــردنی کـــادیرە فـەڵەسـتـینییـەکـان. هراری وەک کـەسـێکی بەکرێگیـراو و خـۆفـرۆشـی لێزان لە

سالّی ۱۹۸۹ەوە لە پەنەما کاری کردووە، ئەو وەک باسکێکی ناوداری دیکتاتۆری ناسراو نوریگا بوو کە لەو ساڵەدا لەلایەن هێزەکانی ئەمەریکاوە بە هەڵمەتێکی پەلاماردەر گیرا و لە ئەمەریکاش درایە دادگە، بەڵام ئیدارەی ئەمەریکایی لەگەڵ هەراری بە نەرمی جوڵاوەتەوە، ئەوان داوایان لە ئیسرائیل کردبوو، ئەو لە پەنەما دوور بخاتەوە، دیارە داواکەشیان پێش رۆژی ئەنجامدانی پەلامارەکەی ئەمەریکا بووە بۆ سەر دوورگەی پەنەما، بۆیە لەگەڵ نوریگا نەگیرا، ئەگەرچی ئەو باسکی راستی دیار و ئەستووری ئەو بوو.

مافیا جوولەکەکان لە دەرەوە رۆلیان هەبوو لە کوشتنی نەیارەکانیان، بۆیەش لە ژاپۆن لە سالّی ۲۰۰۲ چەند ئیسرائیلییەک بە گومانکردن لە چالاکی نەیاریدا دەگیرێن، بۆ نموونە ئەوەی لە براغی پایتەختی شیک رووی دا، کە تێیدا ئەندامێکی مافیای جوولەکە لە قوومارخانەیەک دەکوژرێ، کە تێیدا چەندان هاووڵاتیی تر بریندار و زەرەرمەند بوون. لە مانگی یولیۆی سالّی ۲۰۰۹ هەڵمەتێکی بەرفراوانی گرتنی ئەندامانی تۆڕی مافیای ئیسرائیل لە نیوجیرسی و هەتا لە دەرەوەی ئەمەریکاش و لە ئیسرائیل جێبەجێ کرا. لەو هەڵمەتەدا دەست بە کەلەپچەکانیان کە وێنەیان بڵاو کرایەوە، چەندان حاخامی ناودار و بزنسمانی گەورەی جوولەکەی تێدا بووە، کە لە پاش نوێژی بەیانییەوە گیرابوون، وێنەکانیان لە رۆژنامە ئیسرائیلییەکان لە لاپەڕەی یەکەمەوە دەرچووبوو، کە لە بنەوەی وێنەکان نووسرابوو، پاکەرەوەیەکی جوولەکەیان بۆ سپیکردنەوەی پارە دۆزیوەتەوە، کە تایبەت بووە بە گەندەڵکردنی گەورە بەرپرسانی نیوجیرسی بە ناوی کۆمەڵە خێرییە ئیسرائیلییەکان.

رۆژنامەی یدیعوت ئاحرونوت نووسیبووی کە پۆلیسی فیدرالی ئەمەریکایی ئاشکرای کردووە کەوا دەستەیەک لە مافیای جوولەکەی ئەمەریکایی کە ژمارەیان چل و چوار کەسن، هەموویان کەسایەتی دیارن، وەک حاخام و سەرۆک شارەوانی و بەرپرسی کۆنی (یشیوفت، تیمی ئاینی بە رەگەز سوورین) لە بروکلینەوە، ئەوانە بەیەکەوە تۆڕیکی خەیرییان بەڕێوە دەبرد،

ئەوانە بە ناوی ئەو گرووپە خێرخوازییەوە پارەیان سپی دەکردەوە و ملیۆنەها دۆلاریان لەبن دەســتــدا بووە، هەروەهـا رۆژنامــەکــە نووســیــبــووی کــەوا ئیسـرائیلیـیـەکـان بە رێگەی کنێست، کـە سـازکاری باجـیـان هەیە یـارمـەتی دراون، هەر لـە رۆژنامــەکــە نووســرابوو، ئـەوانە وەک ســەرکـردەی مــافــیــا، سیسـتـەمدار کار و چالاکییان هەبووە و گـەندەڵیش رێبازی ژیانیان بووە. لەوانەی گـیـرابوون لیـڤی ئیـسـحـاق روزنبـاوم بـوو، کـە دەڵاڵێکی ناسـراوی عەقاراتی بروکلین بوو، ئەو بەوە تاوانبار کرابوو کەوا بازرگانی بە ئەندامانی لەشی مرۆڤەوە دەکات و پێناوی دەکات بۆ نەخۆشەکانی گورچیلە دۆزینەوە لەناو وڵاتە یەکگرتووەکـانی ئەمـەریکا. لە داواکـەی سـەر روزنبـاومـدا هاتبـوو کەوا ئەو بە هاووڵاتییە ئیسرائیلییەکەی وتبوو، پارەکە تەنیا دە هەزار دۆلارە و لەولاشـەوە بە کەسی دووەمی داواکاری وتبوو، پارەکە دەکاتە سەد و شێست هەزار دۆلار. مــاوەی دوو ســاڵ لێکۆڵەرە فــیــدرالیــیــەکــانی گــشــتی بەدواچوونەوەیان بۆ چل و پێنج پێگە لە نیوجیرسی و بروکلین کردبوو، کەوا شـانەکان لە جوولەکـەی حـەلەبی پێک هاتبـوو، ئەوانـە تۆڕێکی فـراوانی پارە سـپـیکردنەوە و بازرگـانیکردن بە ئەنـدامـانی لەشی مـرۆڤـەوە بەڕێ دەکـرد، کارەکانیان هەموو بە بەرتیل بەڕێ کردووە و بەس.

لەگەڵ ئەو کارانە چالاکی فێڵبازانە و ناردنی کەلوپەلی ساختەیان کردووە و فـێـڵـیـان لە بانکەکـان دەکـرد، بـەبێ ئـەوەی هیچ بـاجـێک بدەن، ئـەو پارەیەی کاریان لەسـەر دەکرد دەگەیشتـە سـەدان ملیۆن دۆلار. ئـەوە و نەسیم زئییف ئەندامی کنێست لەسەر حزبی شاس وتبووی:

پۆلیسی ئەمـەریکایی دەیەوێ ئەو مـەسـەلەیە بەشێـوەیەک لە شێـوەکان بە مـافیا لە قەڵەم بدا. دیارە ئـەو قسـەیەش پشتیوانیی سامیەت و بەرگریکردنە لەوانە دژایەتیی جوولەکە دەکەن.

یوسی کـلاین هـلیـفی هـاوڕێی ئـامــۆژگــای ئەدلســون بۆ توێژینەوەکــانی ستراتیجی لە قودس ئەوە روون دەکاتەوە، کەوا ئەوانەی کەسانی ئیمانداری توندڕۆن دەیانـەوێ یاسـای مـەدەنی سـوکـولار پشـتگوێ بخـەن، پشـتـیـوانیی

تەواویان لە وردەکارییەکانی سرووتی ئاینەوە وەردەگرن. بەپێی راپۆرتێکی رۆژنامەی مەعاریف کە لە مانگی ئوکتۆبەری ساڵی ٢٠٠٤ بڵاو کراوەتەوە، کەوا چالاکی تۆڕەکانی مافیا باڵ و دەستیان گەیشتووەتە هەموو گۆشەیەکی ئەو جیهانە. هەروەها بەپێی راپۆرتە چالاکییەکانی مافیای ئیسرائیلی بووەتە پەتایەکی جیهانی، زۆریش پۆلیسی ئوستورالی و ژاپۆنی هەتا کەنەدی و بەرزایلی و وڵاتانی تریشی سەرقاڵ و هەراسان کردووە، کە چالاکییەکانیان لە وڵاتانی جیهان بەو شێوەیە:

* بینین: بازرگانیکردن بە ئەڵماس و گەوهەری گرانبەها.
* باشووری ئەفریقیا: بازرگانیکردن بە موخەدەرات و وەرگرتنی سەرانە بە ناوی پاراستنی سەر و ماڵیان لە کەسایەتییەکان و کۆمپانیاکان، هەروەها پارە سپیکردنەوە و ساختەکردن.
* ئەنگۆلا: بازرگانیکردن بە چەک و گۆڕینەوەی بە ئەڵماس و گەوهەرە گرانەکان.
* هیند: بردن و ئاودیوکردنی دڵی هیندی.
* ژاپۆن: یارمەتیدانی مافیای ژاپۆنی (یاکوزا) بۆ فرۆشتنی خشڵی تەزویر و کۆکایین.
* چین: بازرگانیکردن بە زێڕ و خشل و سەرفکردنی کۆکایین.
* رووسیا: بازرگانیکردن بە چەک و خشڵ و گەوهەر و زێڕ و لەشفرۆشی و سپیکردنەوەی پارە بە کڕینی کانەکان و کێڵگەکانی بەرد و گاز و نەوت.
* هۆڵەندا: بازرگانیکردن بە زێڕ و ئەڵماسی ساختە و کڕینی موڵک وەک رێستورانت و هوتێل.
* بەلجیکا: بازرگانیکردن بە موخەدەرات، دزینی شوێنەوارە دێرینەکانی مۆزە و کۆنترۆڵکردنی سنوورەکان.
* ئیسپانیا: بازرگانیکردن بە کۆکایین و دروستکردن و ساخکردنەوەی لە بەرشلۆنە.

* فرەنسا: مامەڵەکردن بە پارەی تەزویر و بازرگانیکردن بە موخەدەرات.
* بەریتانیا و سویسرا: ئیشکردن لە کۆکایین و کاڵای ساختە.
* ئەڵمانیا: ئیشکردن لە لەشفرۆشی و یارمەتیدانی مافیای تورکی.
* کۆلۆمبیا: بەرهەمهێنان و دابەشکردنی کۆکایین.
* بەرازیل و مەکسیک و ئەرجەنتین و ڤەنزوێلا: ئاودیوکردنی کۆکایین بۆ بازاڕەکانی ئەمەریکای باکور و ئەوروپا و ئیسرائیل.

لەو ماوەیەدا رەنگە مافیای جوولەکەیی ئەوانەی دوو رەگەزنامەیان هەیە، رەگەزنامەیەکی ئەوروپایی و یەکێکی ئیسرائیلی، بەئاسانی بگەنە ناو وڵاتانی عەرەبیش و بتوانن سەرمایەگوزاری و گەشتیاری بکەن، بەوەش پارەیەکی زۆر سپی دەکەنەوە، چونکە لەو دە ساڵەی دوایی چالاکی و بۆندەکانی مافیا و مۆساد بەڕوونی بەشێوەیەکی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بوونی هەیە و زۆریش دەچێتە پێشەوە.

## مافیای ئەفریقیایی و عوسمانی و ئەلبانی

ئەگەر نازییەتی ئەڵمانیا و فاشیەتی سوودی زۆریان لە تەنگژە داراییە جیهانییەکەی ساڵی ١٩٢٩ دیتبێ، ئەوا مافیای ئیتاڵیش لەو رەوشەدا یەکێک بوو لەوانەی زۆر سوودیان بینیوە. زانایانی ئابووری و تاوانکارییەکەش ئەوەیان وتووە کەوا مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە، کەوا ئیمپراتۆرەکانی مافیا لە دوا دڵۆپەی تەنگژەی دارایی باوی سەردەمەکەیان سوود وەردەگرن، ئەوە بۆ ئەوان دەرفەتێکی زێڕینە بۆ بەقەرزدانی پارە بە کەسانی پێویست و بۆ پڕۆژەکان، بە مەرجێک هەمووی لە قازانجی ئەوان بکەوێتەوە، لەو رۆژگارەدا پارەکانیان سپی دەکەنەوە، بەو سەرمایە زۆریان کەوتووەتە دەستیان مافیای ئەمەریکایی توانییان عەقارە گەورە و گرانەکان و کۆمپانیاکان بکڕن ئەوەش بووە بە شادەماری ئابووری مافیوزییەکان.

## مافیای ئەفریکانو

ئەو ناوە بە چەند کۆمەڵە تاوانکارێکی نایجیریایی دەگوترا، کە لە سەرەتای سالآنی هەشتاکاندا چالاکییان هەبووە، دیارە تەنگژەی ئابووری ئەو ولآتە و دابەزینی ئاستی گوزەرانی خەڵکەکە لە ئاکامی دابەزینی نرخەکانی پترۆڵ و کەمبوونەوەی ئاستی داهاتەکان، فاکتەری سەرەکیی پەیدابوونی گرووپەکانی مافیان. ئیتر لەو رەوشەدا چەندان دەرچووی زانکۆکان و دەرفەتی کارکردن و دامەزراندنیان نەمابوو، ئاساییە کەوا روو لە بواری تاوان و دەستدرێژی بکەن، لە ناوچەی ناونراو بە (هەیڤی زێڕین) لە ڕۆهەلآتی ناوەڕاستەوە بەرەو ئەمەریکا هیرۆینیان بردووە، بەو شێوەیە کار و چالاکییە نایاساییەکان پەرەدەسەنێ تا دەگاتە ناوچەی (سێگۆشە زێڕینەکە)ش لە ئاسیا، ئیتر ئەوانە پاش مافیای چینی لە کارکردن لەو دەرمانە موخەدەرانە دەبنە گرووپی پلە دوو. لە کۆتاییی هەشتاکان نایجیرییەکان دەبنە داردەستی رێکخراوە تاوانکارەکانی مافیا و کارتلەکانی تر کە کار لە هەموو جۆرێکی موخەدەرات دەکەن تا دەستیان دەگاتە بانکەکانیش.

کارتلییە ئەفریقیاییەکان زۆر لێزان دەبن لە تەزویرکردنی بەڵگە و پسوولەکان بۆ وەرگرتنی قەرز بە ناوی خواستراوی دروستکراو و فێڵکردن لە کۆمپانیاکانی تەئمین و نووسینگەکانی راژەی کۆمەلآیەتی. لە نەوەتەکانەوە چەتە نایجیریاییەکان لەگەڵ چەتە لۆکالییەکانی هەندێ لە ولآتانی ئەفریقایی و ئەوروپایی کار دەکەن بۆ ئاودیوکردنی کۆچبەرەکان، بەرنامەی جیهانی بۆ قەلآچۆکردنی بازرگانیکردن بە بەشەر، کاریان دەکرد تا بزانن قوربانییەکانی ئەو تاوانە لە بنین و توگۆ و نایجیریا چەندن، بەتایبەتی ئەوانەی ژن و منداڵیان بردووە بۆ کاری لەشفرۆشی و کویلایەتی، هەموو لایەک هەستیان بەو مەترسییە کردبوو. چەتەکانی ئەفریقیای ڕۆهەلآت هەموو کارامەیی و ئەزموونەکانیان لە بەقاچاخبردنی قەنەبی هیندی و هیرۆین و دۆزینەوەی پێوەندیی نوێ لەناو دەستە و دەڤەرەکانی ئەمەریکای لاتین، گەیاندنی کۆکایین

بۆ هەموو گۆشەیەکی ئەفریقیا و بیابانی باشوور تا لەوێوە بە هەزارەها تۆن موخەدەراتەکان بە ڕێگەی دەریاوە و بە شاردنەوەیان لەناو لۆریی بەتاڵ بەرەو بەندەرەکانی ئەریتریا و تەنزانیا و جیبوتییەوە بەڕێ دەرکرا و پاپۆڕە گەورەکان بە بارەوە دەوەستان و بارەکەیان بە کەشتی گچکە بەرەو سۆماڵ دەبرد، لەوێشەوە دەگەیشتە وڵاتانی تری ئەفریقیا، بارکردن و ڕەوانەکردنەکان تەنیا بە دەریا و پاپۆڕ نەبوو، بگرە بە هێڵی ئاسمانیش کۆکایین بەڕێ دەکرا، هەموو ئەو چالاکییانەش بۆ ئەوە بووە، چونکە گەیاندنی موخەدەراتی لاتینی لە ئەمەریکای باشوورەوە بۆ پرتوگال و ئەسپانیا مەترسی هەبوو، بۆیە بە ڕێگەی ئەفریقیایەوە گواستنەوەکە کراوە. سەرکردەکانی مافیا دەیانزانی کەنارەکانی ڕۆژئاوای ئەفریقیا پاسەوانی کەمە، هەروەها حکوومەتەکانی ئەفریقیا بە ئاسانی و بە بەرتیل ڕازی دەکران، دەڵێن زۆرتر لە چل تۆن موخەدەرات بە ئەفریقیاوە دەگەیشتە ئەوروپا، ئەوەش دەیکردە ڕێژەی ٢٧٪ پێویستییەکانی ئەوروپا لە موخەدەرات، ئەوەش بەو وڵاتانەوە دەردەچوون: نایجیریا و لیبیریا و سیرالیون و غینیا بیسا و و کپ فێرد و سینگال و مالی و موریتانیا. وڵاتی غینیا بیساو نموونەیەکە لە وڵاتانی توندکاری دژوار، کە لەبەر سستی و لاوازیی پۆلیس موخەدەراتی زۆر تێدا باوە، بۆیەش ئەوانەی کاری قاچاخی موخەدەرات دەکەن کەسانی زۆر دەوڵەمەندن، بەلەمی تیژ و خێرایان هەیە، فڕۆکەیان هەیە، ئەوانە بە پارەی زۆر توانیویانە ئەو فڕۆکانە لە پیاوانی سوپا بکڕن، بە پارەش هەموو دەزگاکان کۆمەکیان دەکات و کارئاسانییان بۆ دەکەن، چونکە وڵاتەکەیان یەکێکە لە وڵاتە زۆر هەژارەکانی دنیا.

## مافیای عوسمانی

بەپێی ڕاپۆرتێکی سەرۆکایەتیی دائیرەی قەڵاچۆکردنی تاوانە سیستەمدارەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ئاسایشی تورکی، ژمارەی چەتەکانی مافیای تورکیا بە سوپایەکی گەورە دەزانێ و وا دەزانێت کە وا دەگاتە بیست و سێ هەزار چەکدار و بودجەکەیان نێزیکەی سەد ملیار

دۆلاریش دەبێ. هەر لەو ڕاپۆرتەدا نووسراوە کەوا گرووپەکانی ئەو چەتانە دەگاتە سەد و پەنجا گرووپ، زۆریش لەو کێشە و تاوانانەی لەو ماوەیەدا لە تورکیا روویان داوە بە دەستی چەتەکانی مافیا بووە، لە نێوان ساڵانی ١٩٩٨ هەتا ٢٠٠٢ سێ هەزار تاوانی سیستەمدار کراوە، کە زۆربەیان لەناو شاری ئەستەنبوڵ بووە، ئەو شارە گەورەیەی تورکیا و شادەماری ئابووریی وڵاتەکە و مەڵبەندی مافیای تورکیا، لە پاش ئەو شارە بە پلەی دووەم ئەنقەرەی پایتەختە، پاشان ئەزمیر و مارسین و ئەدەنە و سمسونە. بەپێی راپۆرتێکی ژووری بازرگانی چەند ساڵی رابردووی ئەنقەرە، مافیای تورکی ساڵانە شەست ملیار دۆلاریان لە بازاڕە رەشەکانی تورکیا دەست دەکەوێ، ئەوەش دەکاتە چارەگی داهاتی نەتەوەییان. مافیای تورکی لەگەڵ چالاکییە ئاساییەکانی وەک لەشفرۆشی و موخەدەرات و چەک و قاچاخی بە کۆچبەرەکان، ئەوان پێناوی دەکەن بۆ کڕینی ئەندامی لەشی خەڵکەکە، بەڵام بە ڕەزامەندی هەردوو لا، هەروەها منداڵیش بۆ خێزانە دەوڵەمەندە بێ منداڵەکان دەکڕن، یان بە دەرەوەیان دەفرۆشن، ئەوانە لەگەڵ تیمەکانی فوتبۆڵ رێک دەکەون و بەرئەنجامەکان دیار دەکەن، ئینجا لەسەر قازانج و بردنەوەی پارە پێشبڕکێی لەسەر دەکەن.

لەو راپۆرتەدا هاتووە کەوا ئەندامێکی لەشی کەسێک بە پەنجا هەزار و سەد هەزار یۆرۆ فرۆشراوە، هەروەها منداڵی بەرمەمکانیش فرۆشراوە یان رفێندراوە و فرۆشراوەتەوە بەدەوڵەمەندەکان، یان کڕراون تا لە شارە گەورەکان دەرۆزەیان پێ بکەن، ئەو نموونانەش لە شارە گەورەکانی وەک ئەستەمبوڵ و ئەنقەرە هەیە. یەکێک لە کارە بە قازانجەکانی تۆڕەکانی مافیا کڕینی زەوییە بە نرخی هەرزان، بەڵام بەویستی خۆیان نا، بەڵکو بە هەڕەشە، زەوییەکەش دەکەن پارکی راگرتنی ئۆتۆمۆبێل بەتایبەتی لە شارە گەورەکان، دوایی بە نرخی بەرزی فەلەکی فرۆشتوویانەتەوە. چالاکییەکانی مافیا لە تورکیا یەکێکە لە مەسەلە شاراوەکانی مێژووی سیاسی و ناوەندە هەواڵگرییەکانی تورکیا، ئەوان سوودیان لەو ناکۆکییانە بینیوە کە

حکوومـــەتەکـــانی پێـــشـــووی تـورکـیــا نەیانبـــووە، یان بـە بوونی ڕێکخـــراوە تیرۆریستییەکان، هەندێ لەو حکوومەتانە پەیمانیان لە گەڵە سەرکردەکانی مافیا کردووە بۆ کەمکردنەوە و پاراستنیان لە مەترسییە دەرەکییەکان، حزبی نیشتمانیی دایک بە سەرۆکایەتیی مەسعوود یەلماز پێوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ مافیادا هەبووە، هەروەها تۆڕەکانی مافیا دۆستایەتییان لەگەڵ دوو سەرکردەی ناوداری تریش هەبوو، وەک عەلادین چاکچی و سادات بەکرد، کە لەناو مـــافـیـــای نەتەوەی تـورکی بوون لە هەشـتـاکـان و نەوەتەکـانی سـەدەی ڕابردوو کــە زووتر دەوڵەتی تورکی ئەوانەی دژ بە مـــافـیـــای کـوردی بەکــار هێناوە، کە لەناو حزبی کرێکارانی کوردستان هەبووە. سەرکردایەتیی مافیای نەتەوەیی و ئەندامانی کەسایەتیی چەپ و کوردەکانی بە زۆری لەناو وڵات و لە دەرەوەش تیرۆر کردووە، لەوانە محەمەد ئاغا ئەوەی ویستی پاپا پۆلسی دووەم لە سـەرەتای هەشـتـاکـان بکوژێ و عەبدوڵا شـاتلی کە یەکێک بوو لە گەورە ئیـمـپـراتۆرەکـانی مـوخـەدەراتی تورک لەلایەن هەواڵگری تورکـیـیـەوە ڕاسپێردرابوو ژمارەیەک لە سەرکردایەتی ڕێکخراوی (ئەسالا)ی ئەرمەنی لە پاریس و لە بەیروت و ئەسـینا بکوژێت، لەو چالاکییانەی ئەوان کـردوویانە تەقـاندنەوەی گـەراجی پاسـەکـان بوو لە دیمەشق لە تۆڵەی پشتیوانیکردنی ئەوکاتی حکوومـەتی سووری لە حزبی کرێکارانی کـوردسـتـان. ئەندامـانی مـافـیـای تـورکی سـوودیان لەو پشـتـیـوانیـیـەی حکوومـەت بینیبـوو، بۆیەش دەسـتـیان بەرەڵا بووبوو لە جووڵە و چالاکییەکانیان، بۆیە دەسـەڵاتی ئەوان لە دەوڵەت بەهێزتر بووبوو. بۆلند ئەجەویدی سەرۆک وەزیرانی پێشووتری تورکیا لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا نووسیویەتی:

کەوا ئەو کۆششی کوشتنی دراوە، بەڵام کە لە ساڵی ١٩٩٩ حکوومەتێکی ئیئـتیلافی لەگەڵ حـزبی بزاڤی نەتەوەیی نـاسـراو بە پشـتـیـوانکەری ڕەهـای مافیای تورکی دەکات، کەوا هەڕەشەکانی لەسەر نامێنێ. لە مانگی نۆڤمبەری سـاڵی ٢٠٠٢ کە حزبی داد و گەشەپێدان دەگەنە دەسـەڵات ئەو پێوەندییەی حکوومـەت بە چەتەکـانی مـافـیـا نـامـێنێ، ئەوان وایان دەزانی نەهێـشـتـنی

سەرکردەکانیان چالاکییەکانی مافیا سست دەکات، دیارە ئەوەش مەرجی سەپێندراو و پاڵەپەستۆکانی ئەوروپا بووە. لەگەڵ ئەو پێشهات و مەرجە نوێیانەش هێشتا مافیای تورکی لە شەقام و درامادا ئامادەیییەکی بەسام و مەزنی ماوە، دیارە ئەوەش لە درامای دۆڵی گورگەکانەوە دیارە، کە مافیاکانی وەک دزە شەریفەکان و داکۆکیکەر لە مافی خەڵکە بێدەسەلاتەکان نیشان دەدا و دەبووە پشتیوانی دەوڵەتیش بە رووی مەترسی و هەڕەشەکان.

## دەرچوون لەژێر چەترەکە

زەنجیرە درامای دۆڵی گورگەکان تەنیا ناونیشانی زەنجیرەیەکی تورکی نەبوو و بەس، چونکە بەسەرهات و رووداوەکانی مافیا و چیرۆکەکانیان رەونەقی دراماکە بوو، ئەوەش بوارێکی باش بوو بۆ گرووپەکانی مافیای ئەلبانی زمان، کە لە وڵاتانی بەلکان و ئەلبانیا و تورکیا بوونیان هەبوو، چونکە بە رووخانی دیواری بەرلین گرووپەکانی مافیای ئیتاڵی لە یەکەمین سەعاتی ئەو پێشهاتەوە روویان لە وڵاتانی ئەوروپای رۆهەڵات و ناوەڕاست و لە وڵاتانی وەک هەنگاریا و شیکوسلۆفاکیا و رۆمانیا و بولگاریا کردووە، تا لەوێیەوە پردەکانی پێوەندییان ببەستنەوە لە ناوچەکە، ئەوانەی لەژێر چەتری شیوعییەتدا بوون، دریخییان نەکردبوو لە پشتیوانیکردنی مافیوزیی لەسەر شێوازی ئیتاڵییەکان. لە نێوان رووبەری وڵاتانی بەلکان و ئیتاڵیا و رۆهەڵاتەوە مافیا چالاک دەبێتەوە، ئەو وڵاتانەی شەڕەکانی ناوەخۆ و ناکۆکی لە رەگەزی و ئاینییەکانی، وەک بۆسنە و هزروگۆڤینیا و کۆسۆڤۆ کە لە کۆنەوە رێگەی مێژوویی هیرۆینی بووە هەراسان کردبوو، مێژوونووسی یۆنانی سەدەی نۆزدەم وتوویەتی:

ناوچەی بەلکان رێگەی دۆزەخی تەخت کراوە بە نیەتی هێزە گەورە چاکەکان.

ئەوەی شیاوی باسە مافیای ئەو ناوچەیە چالاکییەکانیان لە وەرگرتنی

سەرانە و بازرگانیی ئۆتۆمۆبێلی دزراو و لەشفرۆشییەوە زۆرتربووە و گەیشتووەتە هەموو جۆرێکی موخەدەرات و فرۆشتنی کەرەستەکانی ناوەکی هەتا چەکی ئاسایی و نوێ و مووشەکیش، دیارە کەوا بازرگانیکردنیش بە مرۆڤەوە پاش موخەدەرات سەرچاوەی دووەمی ئەو مافیایە. پاش رووخانی دیواری بەرلین قاچاخچییەکان بووبوونە چینێکی دیار و شیاو لەو وڵاتانە، چەندان لە ئەلبانییەکانی دەرەوە بۆ ئەو مەبەستە ئامادە دەکرد و لەناو گرووپەکان دادەمەزران، لەوانە زۆریش لە کۆنە پۆلیسە سیاسییەکان هاتنە ناو مافیاوە. مافیای ئەلبانی سوودیان لەو کۆنە یاساییە وەرگرتبوو کە دەرەبەگە کۆنەکانی ئەلبانیا لە سەدەی پازدەم لە سەردەمی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی دایان ڕشتبوو، ئەویش یاسایەکە بیانوو بۆ بازنەی داخراوی رێکخراو لەسەر چەمکی عەشیرەت دادەنێ، بەوەش کولتووری نهێنی و تۆڵەکردنەوە بەرپا دەبێت. دوو رێکخراوی مافیوزیی رۆڵی بەرجەستەیان لە بازرگانیکردن بە بەشەر گێڕاوە، ئەوانەش مافیای (ساکرا کورونا ئونیتا)ی ئیتاڵی و مافیای ئەلبانی زمانەکان بوو، ئەوانە بە دەریای ئەدریاتیکی و لە نێوان ئەورووپای ڕۆئاوا و ئەورووپای ڕۆهەڵاتەوە کاریان کردووە، ماوەی چەند ساڵێک ئەو کەنارانە چۆڵ بوون، پەڕاوێز کرابوون، بوار ساز بوو بۆ ئەنجامدانی هەموو کارە بەدکارییەکانی کە بنکە و سەرچاوەکانیان لە بەلکان بوو. لێ ئەنجام دەدرا، ئەو چالاکییانە لە ساڵی ٢٠٠٥ گەیشتبوونە لووتکە. مافیای ساکرا کورونا ئونیتا لە کۆتاییی حەفتاکانەوە پەیدا بووبوو، پێوەندیشیان بە دەستەگەری تاوانکاری گچکە گچکە لە هەردوو شاری باری و بریندیزی ئیتاڵی هەبوو، کە دوو بەندەری مێژوویین، هەر لە سەردەمی شەڕەکانی خاچپەرستەکانەوە قاچاخیان لێ کراوە.

لە ئەنجامی کۆبوونەوە و چالاکییەکانیان توانییان ئەو مافیانوێیە نێزیکەی هەزار و پێنجسەد کەسێک کۆ بکەنەوە، سەرەتا کاری ئاسایی مافیاییان کردووە وەک بازرگانیکردن بە هێروین کە دەگەیشتە مەکدونیا و هەروەها بازرگانیکردن بە جگەرەش.

بەپێی ئامارەکان کۆماری مۆنتی نیگرۆ ڕێژەی ٦٠٪ قازانجەکانی جگەرەیان بەر کەوتووە، هەروەها داهاتی هەندێ لەو وڵاتانە بەو کارەوە بووە، بۆ نموونە ئەلبانیا سەرچاوەی داهاتەکەی ئەو ئابوورییە شاراوە بووە، بەڵام گرووپەکانی ساکرا کورونا ئونیتا سوودی زۆریان لە بازرگانیکردن بە کۆچی بەشەرەوە وەرگرتووە. دیارە کەوا مافیای ئەلبانی زمان لە ئەلبانەکانی ئەلبانیا و کۆسۆفۆ و مەکدونیا و مونتی نیگرۆوە بووە، سەرۆکی شیوعی ئەنوەر خۆجە هەتا مردنی لە ساڵی ١٩٨٥ وڵاتەکەی لەژێر سیستەمێکی چاودێری توند دانابوو، بەڵام سەرۆکی پاش ئەو، رامز علیا ئاسانکاریی زۆری بۆ مافیوزی ساکرا کورونا ئونیتا کردبوو لە بواری قاچاخی جگەرە و موخەدەرات. مافیوزیوییە ئەلبانەکان ماوەیەک زۆر تەنیا کاری ئەوەیان کردووە کە کەرەستەی تورکەکان بگوازنەوە، پێوەندییە مێژووییەکان بەپێی ئەو دەرخستەی ئەلبانیا کە دەکەوێتە سەر ڕێگەی ئەفیون کە لە ئەفغانستانەوە بەرەو تورکیا و بەلکان و لەوێشەوە بەرەو ئەوروپا بە نەمسا یان ئیتاڵیاوە دەبووژێتەوە. مافیای سیسلیایی لە حەفتاکانەوە دەیانویست بوار و پێگەیەک لە ئەلبانیا بدۆزنەوە، لە پاش پەلاماردانەکەی سوپای سۆڤیەتی و داگیرکردنی ئەفغانستان لە ساڵی ١٩٧٩ تۆڕەکانی مافیوزیی لەو ناوچەیە کە بە ناوچەی هەیڤی زێڕین دەناسرێ گەشە دەکەن. مافیای ساکرا کورونا ئونیتا دراوێکی زۆری بە قیمەت دەگەیەننە ناو وڵاتەکە، بۆیەش ئەلبانەکان پارەیەکی زۆریان دەست دەکەوێ و سامانی زۆر کۆ دەکەنەوە، بەتایبەتی لەبەر ڕۆشناییی تەنگژە ئابوورییەکە. لە ساڵی ١٩٩٧ دەوڵەتی ئەلبانی دووچاری کێشەی ئیفلاسبوون دەبێتەوە، بۆیە خەڵکێکی زۆر دەکەونە سەر شەقامەکان و بە لێشاو خەڵکەکە روو لە دەرەوەی وڵات دەکەن، بۆیەش مافیا لەو رەوشەدا بەئاسانی خەڵکێکی زۆری دەست دەکەوێ تا تۆڕەکانی گەورەتر بکا. لە هەمان ساڵدا هێزەکانی پەیمانی ئەتڵەسی چەندان بنکەیان لە کۆسۆفۆ بوردومان کرد، بەوەش خەڵکێکی زۆر لە ئەلبانەکانی کۆسۆفۆ روو لە دەرەوەی وڵات دەکەن، مافیاش لەو دەڤەرە کەوتە خاوە وەرگرتن و تۆقاندنی خەڵکەکە، دووبارە دەسەڵاتی چەتەگەری دەگەڕێتەوە

وڵاتەکە وەک سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاست کە لە وڵاتانی ڕۆهەڵاتی ئەورووپا باوی هەبووە. لە شەستەکانی سەدەی رابردوو، کاردینالی بالیرمو وەک کەسایەتییەکی سیسلیایی ئاسایی بەیانێکی ئاینی کڵێسایی دەرکردبوو، تێیدا وتبووی کەوا مافیای سیسلیایی ئەفسانەیەکی بەناوە و لەسەر ئەرز و لە واقیعدا بوونی نییە، بەڵام لە چیرۆک و رووداوەکانی باوی ئەو دەمانە، یەک راستی هەبووە کە بەدرێژایی سەدەکە مافیای راستەقینەی هەبوو، نەک تەنیا لە دوورگەی سیسلیا و لە ئیتاڵیا بەگشتی، بگرە لە هەموو دنیا دەستیان رۆیشتووە و چالاکییەکانی کاریگەریی زۆریان لەسەر کۆمەڵگە و بازاڕەکاندا هەبووە. ئەوەی ئاشکرایە کەوا مافیا رێزی پەیمانەکانی نێوان خۆیان دەگرن، سنوورەکانی نێوان گرووپەکان دەپارێزن، هاوکاریی توندوتۆڵ لەگەڵ یەکدا دەکەن، ئەوەش بووبووە کارتی دەسکەوت و سەرمایەی باش و ئاشکراشە کەوا دەستی شاراوەیان لەسەر هەموو ئایدۆلۆجیایەک بەرز بووە. نیکۆلا ترانفالیای ئیتاڵی لە کتێبەکەی کە لەو دواییدا بەناوی (بۆچی مافیا سەرکەوت) نووسیویەتی، کەوا هێز و پاوەری مافیاکان رۆژ بەرۆژ مەزن و بەدەست دەبێ و دەبێتە هێزێکی ئابووریی گەورە وەک دەوڵەتێکە لەناو دەوڵەت ئەوانەش دەستیان دەڕوات گۆڕانی ریشەیی لە کاروانی بازاڕەکاندا بکەن. لە هەموو حاڵەتەکاندا وشەی مافیا بووەتە دوا پلەی تاوان و دڕەندەیی سیستەمدار، چالاکییەکانیان هەموو سنوور و ئەستەنگەکان دەبڕێت، وشەیەکە بێ ناسنامە و پاسپۆرت و بەردەوام دەست بە چەک و بە پارەیە و بووەتە دەروازەی گەندەڵییش لە دنیا. ئیتر چیرۆکەکان و پێوەندییەکان دەیەوێ لە سیسلیایی ئیتاڵی، یان لە ئەمەریکاییەکەی دابماڵێت، تا ببێتە دامەزراوێکی تاوانکاریی ئیفتیرازیی جیهان تا نەکرێ سەر و بنی دیار بێت. بەڵام بەردەوام شوێنەوارەکەی وەک جەستەی خۆر دیارە.

## یاكوزای ژاپۆنی و تریادی چینی

کیشوەری ئاسیا بەتایبەتی ڕۆهەڵاتەکەی تایبەتمەندییەکی زۆری هەبوو، دەسەڵات و خۆبەستنەوە بە خود و تێڕامان لە سرووتە ئاینییە ڕۆهەڵاتییەکانی وزەی زۆری بە جەستەیان داوە، تا بەئاسانی بە سەر نمایندەکانی شەڕ و بەدکاری و داگیرکەرەکانیان زاڵ بن. بۆیەش لەبەر رۆشناییی ئەو سرووتە روحییانە ژمارەیەک لە کەسانی یاخی و کەسانی لادەر و دەرکراو وزە و توانا شاراوەکانیان خستبووە گەڕ بۆ دەسەڵاتداربوون لەسەر ململانێیە ئەبەدییەکەی نێوان چاکە و خراپە، کە لە ئەفسانە کۆنە ئاسیاییەکان زۆر لە پیاوانی بەدکار سەر دەکەوتن لەسەر دەسەڵات گرتنەدەست و ماوەیەک بە ئارەزووی خۆیان دەستیان راوەشاندووە و حوکمی رەشیان کردووە. بەڵام لە راستیدا مەسەلەکە پێچەوانە بووە، رەهبان و کەسە چاکخوازەکان لە کوڵانکە لاچەپەکانی ناو ئەشکەوت و شاخەکاندا خەریکی ئیمانداری و پاکی خۆیان بوونە، بواریش بۆ دەستەکانی مافیا، دەستە مێژووییە چەکدارەکان ساز بووە کۆنترۆڵی رێگە و بوارە ئابوورییە بازرگانییەکان بکەن، بە ئارەزووی خۆیان پارە و سەرانە لەو کاروانانە وەربگرن، ئەو دەستە ژمارە کەمانە توانیبوویان لە داهاتوو ببنە بنکەیەکی فراوانی گەورە و زەبەلاح، دەسەڵاتیان بگاتە گۆشە دوورەکانی جیهان، بە شۆڕشی گەیاندنی خێرا و جوولەی ئاسان دەستیان زۆر دوور بڕوات، بە ئاسانی چالاکی گەرم و ترسناک بکەن، بەڵام مێژوو حیکایەتێکی هەیە دەیگێڕێتەوە.

سەرچاوە: ئەم کتێبە بەزنجیرە لە ڕۆژنی ١١ و ١٢ و ١٣ی ئۆگستی ٢٠١٠ لە "الجريدة" کوێتی، بڵاو کراوەتەوە.



جۆره چەكێك كە مافیای ئیتاڵی بەكاریان هێناوە



دەستگیركردنی مافیایەكی ئیتاڵی



گرووپێکی مافیا لە پاش ئەنجامدانی کارێکی دزی



دستبەسەرکردنی چەند کەلوپەلێک کە لەلایەن گرووپێکی مافیاوە بەکار هاتووە



کوشتنی کەسێکی بازرگان لە رووسیا لەلایەن چەند مافیایەکەوە



کوشتنی کەسێک لەلایەن گووپێکی مافیاوە



چەند پارچە چەکێک کە مافیاکان بەکاریان دەهێنن




بەکارهێنانی فرۆکە لەلایەن گرووپێکی مافیا



ئەنجامدانی کاری کوشتن لەلایەن مافیاکانەوە



ئەنجامدانی دزی لەلایەن مافیاکانەوە



دەستگیرکردنی یەکێک لە گەورە مافیاکانی ئیتاڵیا



دەستگیرکردنی کەسێکی دیکە لە گەورە مافیاکانی ئیتاڵیا

پێڕست


پێشـەکی ............ 5
مافیای ئیتاڵیایی ............ 10
دە ڕێنوێنییەکە و مافیوزو ............ 13
مـاچی مـردن ............ 15
بێدەنگی ............ 16
مافیا کۆمەڵگەیەکی سـەربەخۆ بووە ............ 17
کوسکیە ............ 17
چالاکی و بەهرەدارییـەکان ............ 19
دە ڕاسپاردەکە ............ 21
لانکەی مـافیـا ............ 24
کامورا ............ 26
ئیتاڵیا لەنـاو باوەشی مافیادایە ............ 27
بەرهـەمە تـاڵەکە ............ 33
کوزانوسـترا ............ 37
شەڕە گەورەکانـی مافیا ............ 40
سیسلیـای ئیمڕۆ ............ 42
پیـاوەکان سـەری سـەرۆکەکـەیان دەبڕن ............ 44
لە دوورگەیەکـەوە بۆ دوورگەیەکی تر ............ 46
سـەرکـردە یاخییـەکە ............ 48
چەند بنـەمـاڵەیـەکی نوێ ............ 50
هـەنگاوە یەکەمەکانی سـەر بوارەکە ............ 51
خێزانە پیرۆزەکە ............ 53
باوکە شـۆرشگێڕە سـالارەکان ............ 55

دەرچوون لەناو ریزبەندی بنەماڵەکە ... 58
کوڕە سەرتاشەکە ببووە ئەفسانە ... 60
ئیتاڵییە نامۆییەکە ... 61
زاناکەی شیکاگۆ ... 62
کۆمەڵکوژییەکان بۆ دەسەڵات ... 65
کۆتاییەکە ... 67
درۆ و راستییەکەی دۆن کۆرلیونی ... 68
فیلمێکی زۆر تەواو ... 70
وانەکانی کۆرلیونی ... 72
پاشماوەکانی کۆرلیونی ... 75
هۆلیوود کۆنترۆڵی کردبوو ... 78
مافیا و ئەستێرە ... 79
فرانکی هاوڕێ ... 82
مێژووی سینەما ... 85
تۆپ تێن لە مافیاکانی دنیا ... 87
فرە رەگەز ... 88
مەیدانەکانی تاوانە سیستەمدارەکان ... 90
سپیکردنەوەی پارە ... 91
لیستی بەدکارەکان ... 92
مافیا سوورەکە ... 98
چیرۆکەکانی سەرەتاکە ... 99
ژاپۆنییەکە ... 101
نەخشەی مافیای رووسی لە ساڵی ٢٠١٠ ... 105
یاکوزای ژاپۆن ... 108
تریادی چین ... 113
کۆلۆمبیا و مەکسیک و کوبا جەمسەری بەدکاریی لاتینین ... 119
مەکسیک ... 122
کوبا ... 124

ئاخۆ مافیای جوولەکە هەیە؟ ........ 128
لە فەڵەستین ........ 131
مافیا لە جیهان ........ 132
مافیای ئەفریقیایی و عوسمانی و ئەلبانی ........ 137
مافیای ئەفریکانو ........ 138
مافیای عوسمانی ........ 139
دەرچوون لەژێر چەترەکە ........ 142
یاکوزای ژاپۆنی و تریادی چینی ........ 146